پەیامەکانی
گەنجان
٢٩

زنجیرەی بابەتە فیکرییەکان ٦

منتدى اقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

فرۆید

لە تەرازووی ژیریدا

پەیامەکانی ڕێنوێن بۆ گەنجان (٢٩)

فرۆید

لە تەرازووی ژێرییدا

نوسینی :

ماموستا موحەممەد مەلا ساڵحی شارەزووری

زنجیره پەیامەکانی گۆڤاری ڕێنوێن ژمارە (٢٩)

📖 ناوی کتێب: فرۆید لە تەرازووی ژیریدا

✍ نوسینی: موحەممەد صالح ئەبوبکر شارەزووری

* ناوی زنجیرە: زنجیرەی بابەتە فیکرییەکان

* ژمارەی زنجیرە: ٦

* تیراژ: ٢٠٠٠ دانە

* نۆبەی چاپ: دووەم

*ساڵی چاپ: ٢٠١٥

* ژمارەی لاپەڕە: ٢٨٠ لاپەڕە

* دیزاین: ڕێنوێن

* پێداچونەوەی: کۆچەر محمد مەلا صالح

* چاپ: چاپخانەی ڕێ نوێ

* نرخ: تەنها (٥٠٠٠) دینار

* سەرپەرشتیکار: سەرکۆ کریم احمد

* ئیمەیل: renwen2009@yahoo.com

* ماڵپەڕ: www.aubyc.com

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (١٤٢٤)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

(ئەم بەرهەمە تەعبیر لە بۆچونی نوسەر دەکات)

خوای گەورە ئەفەرمێ[٢]:

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ وَنَفۡسٖ وَمَا سَوَّىٰهَا ۝٧ فَأَلۡهَمَهَا فُجُورَهَا وَتَقۡوَىٰهَا ۝٨ قَدۡ أَفۡلَحَ مَن زَكَّىٰهَا
۝٩ وَقَدۡ خَابَ مَن دَسَّىٰهَا ۝١٠ ﴾

﴿ سورة الشمس ﴾

فرۆید :

بەهەشت: کاکە گیان یاخوا لە (عەمرە)کەت بەخێر بێیتەوەو خوا لێت وەرگرێت و نزاکانت قبووڵ بکات.

نەورەسی: سوپاست دەکەم خوشکێ گیان، داواکارم خوای گەورە تۆیش لەو سەفەرە گیانییە بێبەری نەکات.. بەڕاستی لەوێش هەر دڵم لاتان بوو، لە هەموو جێگا پیرۆزەکاندا پاڕانەوەی بە کوڵم بۆ کردوون.. بەڵام بەداخەوە..

بەهەشت: بۆچی.. خوا نەخواستە چی بووە.. ؟!

نەورەسی: وەڵڵا لەبەر ئەوەی تۆم لەتەك نەبوویت و ئەگەر پێکەوە بووینایە گەلێ خۆشتر ئەبوو..

بەهەشت: ئەی زۆر خۆشتر ئەبوو.. بەڵام نەخشەی خوایی جیایەو نەخشەی ئێمە جیایە.. ئێمە دامانناو ئەم ڕەمەزانە (١٤٠١) کە قوتابخانە نیە و پشووی هاوینە لە باخەبەڕە[1] بگرین و ئەو مانگە لەوێ بەسەر بەرین، بەڵام گرتنی مامۆستا لە لایەکەوەو کۆچی ـ هدی خان ـ لە لایەکی ترەوەو دواییش کە مامۆستا لە بەندیخانە ڕزگار بوو هاتەوە، سەرلێشێواوی خەڵکی ئەو ناوچەیە (بەهۆی جەنگی عێراق و ئێرانەوە) بووە سەرباری

[1] - باخەبەڕە/ ناوازەترین باخەکانی بیارەیەو باخی ماڵی باوکی (هدی)ی جوانەمەرگە بوو.

هەمووی و بونە پاڵپشتی تێکچوونی نەخشەی ئێمە.. تۆیش ڕەمەزانەکەت برد بۆ ـ مەککەی پیرۆز. بەهەر حاڵ من زۆرم زیان لێ کەوت، ئەبووایە ـ باخەبەڕە ـ ی ئەمساڵ ببوایەبە خوێندنگای من و تۆ باسی (فرۆید)و (فرۆیدیزم)ت لەوێ بۆ بکردمایە وەکو خۆت پەیمانت دابوومێ.

نەوڕەسی: بەهەشت گیان شێوەی مردنی (هدی خان) زۆر ناسۆرە و لەیاد ناچێتەوە.. بەڵام باس کردنی فرۆید و ڕاکانی لە دەس دەرناچێت.

بەهەشت: جا کەی بۆم باس دەکەی..؟

نەوڕەسی: پەلەت چییە..؟ کەی فرۆید ئەو نرخەی هەیە موسڵمان خۆی پێوە خەریك بکات.. کابرایەکی زایۆنی (صهیونی) بێ ڕەوشت و فێڵبازو گورگ و لەپێستی مەڕدا.. بۆ وا کەوتۆتە سەر زمانت..؟

بەهەشت: کاکە گیان ئەوە تۆ دەڵێی چی..؟ ئەڵێی ئاگات لەو هەموو دەهۆڵە نیە بۆ فرۆید لە هەموو سەرانسەری جیهاندا. لێ ئەدرێ.

نەوڕەسی: چۆن ئاگام لێی نییە.. تەنانەت ئاگام لە نووسینی کوردییە، چۆن بە شان و شکۆی فرۆیدییزم و پێنوسە ژاراوییەکانی تردا دێت. هەوڵ ئەدا بەرگی خووڕەوشتی کچە

کوردە ڕۆشنبیرەکان دابکەنێ و فرۆیدیزم بکاتە (مینی جۆب) و بیکاتە بەریان، سەیری گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧٨ و نووسینەکانی (محمد رشید فتاح) بکە، یان سەیری هەمان گۆڤار ژمارە (٥٤) و نوسینەکانی ئارام بکە.

بەهەشت: خوێندومەتەوەو ئاگام لێیانە.. بەڵام خەریکە سەرم سوڕ بمێنێ تۆ فرۆید بەگورگ و بێ ڕەوشت و فێڵباز ناو ئەبەیت و (محمد رشید فتاح) لەو گۆڤارەو (ل٦١ ستونی یەکەمدا) ئەڵێ (لە ڕاستیدا فرۆید بە پێشەوای زاناکانی جیهان دادەنرێت) و لە دوو لاپەڕەو نیوەی گۆڤارەکەدا پێنووس با دەداو ئارەقی زەردو سوور بە خۆی دەڕێژێ بۆ بلاوکردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ فرۆید و فرۆیدیزم.

نەوڕەسی: ئەویش دەستێکە، ئەگینا بۆ لە هەموو سەراسەری نووسین و ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا باس و خواسێکی مامۆستای پایەبەرزی کورد (بدیع الزمان) سعید نەوڕەسی و هەزارانی تر زانای پایەبەرزی نەتەوەکەمان کە ناویان ون و بێ سەرو شوێنەو تا ئێستا نووسەرێکی کورد باسی نەکردوون.. جگە لەوەی لەم ساڵانەی دواییدا مامۆستا (فاروق رسول یحیی) خوا پاداشتی بداتەوە هەندێ نامیلکە و فەرموودەکانی مامۆستا نەوڕەسی بەچاپ گەیاند. سەرکەوتوو سەرفراز بێ.

بەهەشت: ئێستا من هەقم بەسەر ئەم گلیەییانەوە نیە، ئەمەوێ فرۆیدم بۆ بخەیتە تەرازووی ژیرییەوە.

نەورەسی: بڵێم چی.. کورد ئەڵێ (شەڕەو یەخەت ئەگرێ، ئەگەر نەیکەی خوا ئەتگرێ) باشە بەسەر چاو بەهەشت گیان لە ئەمشەوەوەو پاش ئەوەی نوێژی خەوتنانمان بە (جەماعەت) کرد تا کاتی خەوتن لە ژوورەکەی مندا، (فرۆید)ت بۆ هەڵپێچ دەکەم و دەیخەمە شایەنەکەوە.

بەهەشت: سوپاس کاکە گیان.. خوا تۆم لێ نەسێنێ.

....

بەهەشت: بەڵێ کاکە گیان.. هەموومان ئەزانین (فرۆید) باوەڕی بە ڕەوشت و بە ئایین نیە و ئەمانە بە کۆت و زنجیر ئەزانێ، گوێدان بە وشەی شەرەف و ئابڕوو شتێکی ڕاست نییە، لای فرۆیدیزم باوی ئەوە نەماوە باسی داوێن پاکی و داوێن پیسی بکرێت، چونکە مەسەلەی جنسی مەسەلەیەکی بایۆلۆجی ڕووتە پەیوەندی بە ڕەوشتەوە نییە.. کاتی ئەوە هاتووە سەربەستی بدەین بە خۆمان و لە پاڵەپەستۆکانی داخوازی لەش و ئارەزوو ڕزگار ببین و چاکی فرمان کردن و بەرهەم هێنانی لێ بکەین بەلاداو، گرنگ ئەوەیە کارگە کار بکات، ئیتر گوێدان بە تێکەڵاوبونی ژن و پیاو، یان کوڕو کچ تامەزرۆ و بەتاسە بۆ

یەکتری، بیرەوەرییەکی کۆنەپەرستانەیە.. وە ئەوی ئێمە بەرگوێمان کەوتبێ فرۆید باوەڕی بە هیچ ئایینێك نەبووە. مرۆڤی بە گیانداری جنسی ڕووت داوەتە قەڵەم. لای فرۆید (ژیانە جنسە) لەوە بەولاوە دروستکراو ڕڕوپالانتەیەو.. هتد.

ئەمەش لەخۆیەوە نەیگوتووە بەڵکو خۆی پزیشکێکی دەروون ناس و پسپۆڕ بووەو لەژێر تیشکی توێژینەوەی زانستیدا ئەم بڕیارانەی دەرکردووە..

جا نازانم تۆ دەڵێی چی..؟

نەوڕەسی: پێش ئەوەی باسی بیروباوەڕی (فرۆیدیزم) و ڕاکانی (فرۆید)ت بۆ بکەم پێویستمان بە چەند ڕوونکردنەوەیەك هەیە پێویستە چەند خاڵێکت بۆ باس بکەن.

بەهەشت: فەرموو.

نەوڕەسی: خاڵی یەکەم، پێویستە بزانین فرۆید کێیەو کوێنەرییە؟

خاڵی دووەم، بزانین ئایا ڕاستە فرۆید هیچ ئاینێکی نەبووە؟

خاڵی سێهەم، بزانین تا چ ڕادەیەك فرۆید پابەند و کەمەنکێشی تیۆری داروێنیزم بووە؟ ئەو کاتە ئەتوانین باسی فرۆید و فرۆیدیزم بەگشتی بکەین.

بەهەشت: ڕاستە ئەم خاڵانە پێویستە.

ئەوڕەسی:

١. (سگمۆند فرۆید = Sigmund Freud) ئەو بەچکە جووە بوو کە لە ساڵی ١٨٥٦ لە وڵاتی (نەمسا) و لە پارێزگای (مۆرافیا) و ناوچەی (فریبورگ) کە ئێستا سەر بە (چکۆسلوڤاکیا) یە لەدایك بووە[٢] تەمەنی چوار ساڵان بوو کە ماڵی باوکی کۆچی کرد بۆ پایتەخت (ڤیەننا)، ئەم کۆچکردنەی ماڵی باوکی لەبەر کەم دەرامەتی و نان پەیداکردن نەبووە، بەڵکو بەهۆی پاڵەپەستۆی گران و کۆیلێتی جوولەکەکانی ئەو سەردەمەدا بوو باوکی دەیویست بڕواتە پایتەخت و خۆی تێدا حەشار بدات.. فرۆید پێگەیشت و کۆلیژی پزیشکی تەواو کرد و لە ساڵی ١٨٨٥دا بۆ خوێندن ڕۆیشت بۆ فەرەنسا.. لە ساڵی ١٨٩٢ وە لە تەمەنی ٣٦ ساڵانیدا چووە ڕیزی کۆمەڵی (بنای پرث)ی زایۆنی و بووە ئەندامێکی چالاکی کۆمەڵەکە.[٣]

پاش گەڕانەوەی لە فەرەنسا بۆ (ڤیەننا) دیسان لەڕێی خەبات و تێکۆشانی بۆ زایۆنی و لەترسی هێرشی نازی ڤیەننای بەجێهێشت و تا دیسان لە ساڵی ١٩٠٢ گەڕایەوە بۆ ڤیەنناو کرا بە مامۆستای نەخۆشی شێتێتی و ئەعصاب لە زانکۆی (ڤیەننا)

---

[٢]- سەرەتای کتێبی (الهستریا) بەرگی یەکەم. ل٩.

[٣]- نظریة فرۆید/ محمد علي الفلاحي ص٦.

هەتا ڕۆژی ١٩٣٩/٩/٢٣ لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا لە جنس بازی کەوت و بە نەخۆشی شێرپەنجە مرد[٤]

٢. بۆ ئەوەی دۆزی ئەوانەت بۆ دەربکەوێت کە ئەڵێن . فرۆید بێ باوەڕو (ملحد) بووە و پابەندی هیچ ئایینێك نەبووە ئەڵێم:

أ. فرۆید خۆی ئەڵێ (ڕۆژی ٦ی/مایس -مایۆ/ ١٨٥٦) لە شاری فیریبۆرگ ی مۆراڤیا لە کۆماری (چیکۆسلوڤاکیا) ئێستا لەدایك بووم و باوك و دایکم جوولەکە بون و منیش بە جوولەکەیەتی بووم هەر وایش ئەمێنمەوە[٥] بەهەشت گیان لە وشەی (هەروایش ئەمێنمەوە) ورد بەرەوە...

ب . سەیری کتێبی (موسی والتوحید)ی فرۆید خۆی (ل٨١. ٨٢) بکە، کە ئەڵێ (کاتێ ویستم ئەم کتێبە بڵاوبکەمەوە ئەمزانی کە تووشی چەرمەسەرێ و دەربەدەری ئەبم نەك تەنیا لەبەر ڕاکانی ناو کتێبەکەم بەڵکو لەبەر (ڕەگەز)ەکەم . چونکە جوولەکەم..

ج . بەهەشت گیان، ئەگەر سەیری هەموو نووسینەکانی (فرۆید) بکەین هێرشی بۆ سەر هەموو ئاینێك تێدایە تەنیا بۆ سەر ئایینی (جوولەکە) نەبێ.. لە سەرانسەری هەموو نووسینەکانیدا تاقە هێرشێکی بۆ سەر ئایینی جوولەکە نەکردووە.. بەڵکو بە

---

[٤]- الهستريا/ ل١١-١٢.

[٥]- صراع مع الملاحدة حتى العظم/ ل٢٣٢

پێچەوانەوە زۆرجار باسی پیاوەتی و گوستاخی ئاینی جوولەکە ئەکات بەسەر مرۆڤایەتی و گرۆی ئادەمیزادانەوە.[٦]

جوولەکایەتی فرۆید وەکو جوولەکەیەتی (بن گوریۆن) وابوو کە بە سەرزارەکی خۆی بە بێباوەڕو (ملحد) پیشان ئەدا کەچی هەموو ژیانیشی بۆ کارگوزاری زایۆنی جیهانی تەرخان کردبوو.[٧]

د . فرۆید وەکو جولەکەیەکی سادە نەئەژیاو بەڵکو ئەندام بوو لە کۆمەڵی (بنای پرث)ی زایۆنی ماسۆنی.. ئەم کۆمەڵە هەڵبژاردەی کۆمەڵانی (ماسۆنی)ن، جوولەکەی تێکۆشەر نەبێ لەم کۆمەڵەدا وەرناگیرێت[٨] وە کاتی تەمەنی فرۆید گەیشتە حەفتا ساڵی بەهۆی کارگوزاری دڵگەرمانە و دڵسۆزی فرۆید بۆ ئەم کۆمەڵە زایۆنییە.. کۆمەڵەکە بڕیاری دا ئاهەنگێك بگێڕێت بۆ فرۆید.. بەڵام فرۆید خۆی بۆی نەکرا لە ئاهەنگەکە ئامادەبێ بەڵکو پزیشکە تایبەتیەکەی خۆی (پرۆفیسۆر لیدڤیج براون)ی نارد بۆ ئەو ئاهەنگەو لەجیاتی فرۆید وتارەکەی خوێندەوە کە تێیدا وتبووی (بەڕاستی جوولەکایەتی ئێوەو هەڵوێستی جوولەکانەی

---

[٦]- کتێبی (موسى والتوحيد) بخوێنەوەو سەیری کتێبی (الوجوديه و واجهات الصهيونيه) ل/٤٠٠ بکە.

[٧]- سەیری صراع مع الملاحدة حتى العظم/ ل٢٣٢ بکە.

[٨]- نظرية فرويد، دراسة وتحليل، ل ٦، وە کتێبی (صراع مع الملاحدة حتى العظم) ل٢٣٦-٢٣٨، و الوجودية وواجهات الصهيونية، ل٢٧.

ئێوەم زۆر بە دڵەو بەتەواوی لەگەڵتانم.. چونکە منیش وەکو ئێوە جوولەکەم.. زۆر باش لیێم ڕوونە، ددان نەنان بەم ڕاستییەدا نەوەك تەنیا کردەوەیەکی دژ بە ڕەوشتە، بەڵکو کردەوەیەکی کەریەتی و گێلێتییە..

ئەو پەیوەندییانەی من ئەبەستێ و شەکەتم ئەدات بە جوولەکایەتییەوە زۆرن.. زۆرجار سۆزی جوولەکایەتی و جوولەکە بەشێوەیەك تاوم ئەکات و تەفرەدانی ڕەگەزی (الأغراء الجنسي) و بۆ دروست ئەکات، بە هیچ شێوەیەك بەربەرەکانێی ئەو سۆزەم بۆ ناکرێت.. سۆزێکی بەهێز.. هێزێکی هەڵچووی شێتانەی زۆر شاراوایە، هەتا ئەو هێزو سۆزە زیاتر بێ وشەو ڕستە دەسە پاچەترە لە ڕاڤەکردن و دەربڕینی بە زمان.

.. ئا بەم شێوەیە خۆمم دۆزییەوە کە منیش یەکێکم لە ئێوە هەڵئەسم بە هەر فەرمان و دەورێك کارگوزاری کارە مرۆڤایەتی و نەتەوایەتییەکانی ئێوە بکەم...)[٩].

هـ ـ جارێك لە (فرۆید)یان پرسی کە (ئایا تۆ نەمساویت یان ئەڵمانیت) وتی (من پێش ئەوەی خەڵکی هەرکوێ بم، جوولەکەم..)[١٠].

---

[٩]– هەمان سەرچاوەی پێشوو .

[١٠]– صراع مع الملاحدة حتى العظم، ل٢٣٦.

و. (ماکس گراف)ی زایۆنی ئەڵێ (زۆرجار دیدەنی فرۆیدم ئەکرد و سەرم لێئەدا. . لە سەردانێکمدا وتم بە فرۆید. ئەوە تۆ ڕات چییە ئەگەر منالەکانمان ڕێنموونی بکەین کە ئایینی گاورێتی (مسیحی) وەربگرن و واز لە جوولەکایەتی بهێنن.. سەیرم کرد فرۆید زۆر تووڕە بوو بە پەرۆشییەکەوە تووڕەییەکەوە وتی . ئەگەر منالەکەت بە جوولەکایەتی پەروەردە نەکەیت لە هەستی جوولەکاێتی بێ وەری بکەیت، لە وزەیەك بێ بەشی ئەکەیت کە بە هیچ شتێك قەرەبوو ناکرێتەوە. منالەکەت پێویستە وەکو جوولەکەیەك تێکۆشەر بێ. تۆیش پێویستە وزەی جوولەکایەتی لە دەروونیدا بڕوێنی و گەشەی پێبکەیت و پاڵ پێوەنەر و ڕێ پیشاندەری بی..)[11].

ز. بەهەشت گیان.. ئەم جوولەکانە . فرۆید، مارکس، دورکایم، ئینگلز.. هتد...

کاتێ خۆیان بەبێ بڕواو (ملحد) پیشان ئەدەن و خۆیان ئەکەنە توێژەرێکی زانستی ڕووت، یەك تاقە مەبەستیان هەیە ئەویش ئەوەیە (کاتێ ئەمانە باوەڕی گاوڕێتی (مەسیحی)یان لەپێش چاوی لاوەکانی ئەورووپا سووك کردوو پەیوەندی خواپەرستییان لەدڵیانا نەهێشت و هەروەها ئەگەر لە ڕۆژهەلات باوەڕی

---

[11]- الوجودية و واجهات الصهيونية، ل٣٦-٣٧.

ئیسلامییان لەلای لاوە موسڵمانەکان سووک کردو لە وزەی خواپەرستی بێ بەشی کردن.. ئەو کاتە سەراسەری زەوی تەخت ئەبێ بۆ جوولەکەو بە ئارەزووی (حاخامەکانی کەنیسێت) جوولەکە شەن و کەو ئەکات چۆنی بوێ مەنی خۆی لێ ئەپێوێ.. ئەگینا جوولەکە پێش ئەوەی هیچ شتێك بێ جوولەکەیەو هەر بیرو باوەڕێکی تر هەڵبگرێ یان دروستی بکات، بۆ کارگوزار و جوولەکایەتیەکەیەتی[12]..

ح ـ بەهەشت گیان سەیری کتێبی (موسی والتوحید)ی فرۆید خۆی و گۆڕینی نوسەری مارکسی (جورج تەرابیشی) بکە بزانە چی ئەڵێ.

بەهەشت: چی ئەڵێ..؟

نەوڕەسی: هەموو سەراسەی کتێبەکە پیاهەڵدان و بالۆرەیە بە جوولەکایەتی و زایۆنیدا.. بۆ نموونە سەیری ل٩١ بکە کە ئەڵێ (جوولەکە ئەبێ ببن بە گەلی هەڵبژاردەی خوا.. و ئەبێ ڕۆژێ لە ڕۆژان گەلی جوولەکە لەسەر ئەو خۆگری و پابەندی و گوێڕایەڵییەی تایبەتییان، پاداشتێکی تایبەتی بدرێنەوە.. سەرپێچی ناکرێ لەوەی ئەم گەلە .گەلی جوولەکە ـ هەندێ چەرمەسەری و ئەشکەنجەیان هاتە ڕێ، بۆ ئەوەی بزانن مانای

---

[12] ـ سەیری کتێبی العقدة النفسية والشعور بالنقص، ص ٦٥.

جیاوازی ئەوان لە گەلانی تر چییە.. بۆ ئەوەی لەو مانای جیاوازییەی گەلی تایبەتی خوا، بگەن..).

بەهەشت: گوایا ئەو نوسەرە کوردە ـ بەناو موسڵمانە ـ بەم ڕەگەز پەرستیە جوولەکانەی فرۆید نازانن و ئەو کتێبەیان بەردەست نەکەوتووە..؟

نەوڕەسی: چۆن بەر دەستیان نەکەوتووە، لە زۆربەی کتێبخانەکان هەیەو بەڵام زۆر کەس هەیە جاشی جووەو خۆی بە خۆی نازانێ.. ئەگینا پاش ئەم وتانەی فرۆید (خۆی) و لە کتێبی خۆیدا ئیتر ڕەوایە بۆ هیچ کەس بڵێ، فرۆید توێژەرێکی زاناو بێلایەنە و (ملحدە).

بەهەشت: نەوەڵڵا.. وتەکانی جوولەکایەتی لێ ئەچۆڕێ.

نەوڕەسی: بەهەشت گیان.. فرۆید یەکێکە لەو گورگانەی کەوڵی مەڕیان پۆشیوە.. کاتێ کە باسی ئایینەکانی تر ـ ئیسلام و مەسیحی ـ ئەکات.. ئایین لە ڕووداوێکی ناشەریفانەو دەست درێژی کردن بۆ شەرەفی دایك و کوشتنی باوکەوە، دروست بووە بەڵام، کاتێ ئاوڕ بەلای جوولەکایەتییەوە ئەداتەوە، ئای چ جوولەکەیەکە..!

بەهەشت گیان، هەمان کتێب (موسى والتوحيد) لاپەڕە ١٧١ بخوێنەرەوە کە ئەڵێ (.. ئا بەو شێوەیە دیمان کە (موسى) چۆن

سروشتێکی بۆ جوولەکە دروست کرد.. ئایینێك کە متمانەیان بە خۆیان پەیدا کردوو بە شێوەیەك پشت سوری ئەو ئایینە بون خۆیان ئەشکانەوەو خۆیان گەورەتر ئەگرت بەسەر هەموو سەراسەی گەلانی جیهان..) هتد.. زۆر شتی تر..

ئا بەم جۆرە بۆت دەرکەوت فرۆید بێ ئایین نەبووەو بەڵکو جوولەکەیەکی ڕەگەز پەرستی زۆرزان بووەو هە ر کەسە فرۆید بە بێ ئایین بزانێ ئەوە خۆی بێ ئایین و گێلە و لێی نازانێ.

بەهەشت: باشە چی پاڵی نا بە فرۆیدەوە بۆ ئەم دوو ڕوویی و تاکتیکە..؟

نەوڕەسی: بەهەشت گیان، کاتی لەدایك بون و گەشەکردن و پێگەیشتنی فرۆید . وەکو بەچکە جوولەکەیەک دۆخێکی زۆر ئاڵۆزو پڕ لە ناسۆرو ئەشکەنجەو ئازار بور بۆ هەموو جوولەکەی سەراسەری زەوی.. جوولەکە، کەمایەتییەکی پرش و بڵاوی ژێر چەپۆکەی بێنرخ بون لە سەراسەی زەویدا.. بەتایبەتی لەو وڵاتەی ئایینی مەسیحی دەستی درێژ بووایە توانای دەست وەشاندنی ببوایە ئەوە قوڕە ڕەشە گیرابووەوە بۆ جوولەکەکانی ئەو وڵاتە. .

لە مێژووی دوورو درێژی جوولەکەدا پشوویان بەخۆیان نەدیوە.. ئەو چەند سەدەیە نەبێ لەژێر سایەی ئیسلامدا

ئەژیان.. کە لەو ماوانەدا هەموو سەربەستییەکی بیروباوەڕو بازرگانی و شان بە شانی موسڵمانێکی ئەندامی دەوڵەتەکە مافی هەبووە.. چونکە لەژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامدا هەر کەسە چ بیروباوەڕێکی هەبێ چ ئایینێکی هەبێ ئازادە.[13]

بە ئاوابونی خۆری شارستانیەتی ئیسلام و دەسەلأتی دەوڵەتی ئیسلام، جوولەکە وەکو قۆلانچەی ناو سرکەیان لێ هاتبوو لە هەر قوژبنێکی ئەم سەر زەوییەدا سەریان بەرز بکردایەتەوە سەریان ئەقرتاندن خۆ لە ئەورویاو جێگای لەدایك بونی فرۆید قورەکەی لە هەموو جێگایەك خەستتر بوو.. کاتێ ڕۆڵە جوولەکەیەك لەدایك ئەبوو، دایك و باوکی بە ڕق و کینەبەرایەتی گەلانی تر گۆشیان ئەکرد..

کە چاوی ئەکردەوە لە قسە ئەگەیشت تێیان ئەگەیاند جوولەکە بێڕێزترین و ناشرینترین دروستکراوی خوایە لەبەرچاوی ئەو خەڵکەی چواردەوری.. خۆ فرۆید خۆی زۆر چێشتخانەی دیوە لە ئەوروپا لێی نوسرابوو (قەدەغەیە هاتنە ژوورەوەی سەگ و جوولەکە..)[14].

---

[13]- سەیری کتێبی (حقوق الأنسان بين تعاليم الأسلام واعلان الأمم المتحدة ص١٠٠-١١٠) وە کتێبی (الدولة القانونية والنظام السياسي الاسلامي ص ١٨٠-١٨٣) بکە.

[14]- سەیری کتێبی (الأنسان بين المادية والأسلام) ص٢٩ بکە.

جوولەکە لە هەموو سەراسەری زەویدا بە نەتەوەو کۆمەڵێکی زۆر ماددی و چاو برسی و چاو چنۆك و ماددە پەرست سەیر ئەکران. وا باو بوو کە جوولەکە ناشرینترین کردەوە ئەکات بۆ ماددە..

(فرۆید) لاوی جوولەکە و بلیمەت، کاتێ چاوی لەم جیهانە تەنگە و ژیانە تەسکەدا هەڵهێناو سەیری بارودۆخی ژیانی نالەباری نەتەوەو هاوئایینەکانی کرد.. لە هەناسەی سارد هەڵکێشان و ئاخ و ئۆف کردن بەولاوە چی تری دەسەڵات نەبوو.. هەر فووی ئەکردە خۆی و لێوی ئەگەست لە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی بەگشتی شوێنکەوتووی ئایینەکانی مەسیحی و ئیسلام بەتایبەتی.. وە بڕیاری دا بەسەریانەوە نەڕواو تۆڵەی هەزاران ساڵی جوولەکە بسێنێ... بەڵێ ئەوە بوو بەناوی زانیارییەوەو لەژێر پەردەی شیتەڵ کردنەوەی دەروونیدا و بەناوی ناسین و ناساندنی توێ توێی دەروونی مرۆڤەوە تۆڵەی کردەوە...

وتی خەڵکینە، بۆچی ئێوە تەنیا بە (جوولەکە) ئەڵێن ماددە پەرست و چاوچنۆك.. لێم ڕاوەستن بزانن چۆن هەموو ئایین و ڕەوشت (قایم)ێکی (ئێوە) بۆتان لیخن ئەکەم و بزانن چۆن ئەتانکەم بە ئاژەڵێکی ڕووت..

بزانن چۆن ئەتانکەمە بەندەی جنس و ئەوی پێی بلێن شەرەف و کەرامەت و ڕێزو پیرۆزی و ئایین و کۆمەڵ و ڕەنجی هەزاران و ملیۆنان ساڵەی گرۆی مرۆڤایەتی، هەر هەمووتان وا بۆ ناشرین ئەکەم بیزی لێ بکەنەوە[١٥]...

لێم ڕاوەستن.. لێم ڕاوەستن.. هەرچەند فرۆید بە (وتن و نووسین)ی مەرەکەبی سەر کاغەز ئەمەی نەوتووە... بەڵام بە کردەوەو چەسپاندن وتی و کردی.

بەهەشت: ئای فرۆیدی فێڵباز.. سەیرکە چۆن خۆی وەکو بێباوەڕ (ملحد)ێك پیشان ئەداو ئەڵێ (مێژووی بیروباوەڕی گرۆی مرۆڤایەتی ئەکرێ بە سێ قۆناغەوە، قۆناغی ئەفسانە، قۆناغی ئایین و خواپەرستی، قۆناغی زانیاری.. وە ئەڵێ بە هاتنی هەر قۆناغێك ئەم قۆناغانە ئەوی پێشووی کۆتایی دێت..)[١٦] چونکە ئیشی پێیەتی.

نەوڕەسی: بەهەشت گیان، من بڕوام بە هیچ دژایەتیەکی نێوان تیۆرە دانراوەکان ـ بەڕاست و ناڕاستیانەوە ـ نیە لەگەڵ ئاییندا و وا ئەزانم هەر تیۆرەی بۆ کارگوزاری و کارەکەری ئایینێك دانراوە، چونکە:

---

[١٥]- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠.

[١٦]- سەرەتای کتێبی (شبهات حول الاسلام) ل١١.

١. ئەو وتەیەی فرۆید، نە خۆی باوەڕی پێیەتی و نە کەس بڕوا بە فرۆید ئەکات.. ئەوە بۆ پرسیار لە فرۆید و فرۆیدبازەکان ناکرێت.. ئایا جوولەکە لە سەدەی بیستدا . لە سەدەی گەشتەکانی ئاسمانیدا . نەبوو کە یەکەمین دەوڵەتی جوولەکەیان دروست کرد..؟ ئایا لە سەدەی بیست . سەدەی زانیاری ـ دا نەبوو کە جوولەکە لە . کنیست . سەرەك کۆمار و وەزیر دائەنێن سەرەك کۆمارو وەزیران فنیش ئەکەن..

ئەگەر ئاین و هەستی ئایینی نەبێ چی هەیە لەم سەدەی بیستەمەدا . جوولەکەی ڕوسی و ئەمریکی و هیندی و یابانی و عێراقی و.. لە هەموو سەرانسەری زەویدا کۆبکاتەوە.

٢. هەرسێ بیروباوەڕو فەلسەفەو ڕێبازەکەی ئەمڕۆی سەر زەوی (مادییەت و میسالیەت و ئیسلام) هەرسێکیان بۆ کارگوزاری ئاین بەرپا بون.. (مادییەت) (ماتریالی) بۆ کارگوزاری جوولەکایەتی و زایۆنی لەناوجەرگەی بیروباوەڕی جوولەکایەتییەوە هەڵقوڵاوەو پاڵەوانان و ئەکتەرەکانی سەر شانۆکەی . کۆن و نوێ و ئێستا ـ ی یان جوولەکەیە یان بەندە جوولەکەیە.. (میسالیەت= ئایدیالی) بۆ کارگوزاری ئایینی (گاورێتی = یان = مەسیحی/ و سەلیبی (صلیبی)ی جیهانی

دانراوەو لە کاسەی بیرەوەری ئەوانەی هەڵگۆزراوە و پیاوانی میسالی . هەر هەموویان . یان گاورن یان پیاوی گاورن.
ئیسلامیش.. ئیسلامەو هیچی تر.. بۆیە ئیسلام نە مادییەو نە میسالی بۆیە ﴿ وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ﴾ البقرة ١٢٠
وە چونکە (مەسەلەکە) زۆر لە زۆرانبازی و شەڕە وشە گەورەترە.
بەهەشت گیان.

ئا بەم شێوەیە بۆت دەرکەوت کە فرۆید ملحدو بێ ئایین نەبووە.. بەڵکو پێشمەرگە و گیان فیدای ئایینی جوولەکە بووە..

بەهەشت: ئەمانە هەموو ڕاست و دروستن.. جوولەکایەتی فرۆید ئاشکرایەو بۆیە یەکەم کەسێ لە هەڵگرانی بیروباوەڕی مارکسیزم دەروازەی بۆ فرۆیدیزم خستە سەر پشت (ترۆتسکی) جوولەکە بوو[17].. جا ئێستا نۆرەی باسکردنی خاڵی سێهەمینەو حەز ئەکەم ڕەنگدانەوەی داروینزم لە بیروباوەڕی فرۆیدیزمدا بۆ باس بکەیت .

نەوڕەس: بە چاوان (بەهەشت) گیان..

بەهەشت گیان.. کوفر بەگشتی و جوولەکە بەتایبەتی دەستێك بوو ژان ئەیگرت بە ئایینەکانی ترەوەو تۆڵە سەندنەوەی

---

[17] – المرأة والاشتراكية، لينين وآخرون، ص١٨٤.

جوولەکەکان لە ئیسلام و مەسیحی، بەر لەدایك بونی داروێنیزم هەموو شتێك ئامادە كرا.

١. لەدایك بونی بیردۆزی . داروین ـ گەورەترین هەڵی زێڕینی خستە دەست جوولەکەو دوژمنانی ڕەوشت .

کاتێ کە مرۆڤ ئاژەڵ بێ و لە نەژادێکی ئاژەڵی بێ.. بۆ ئەبێ ئەم بارەی لەسەر بار بكرێ.. بۆ ئەبێ هیچ جۆرە سنوورو یاساو (قیم)ێك بۆ (مەیموون)ی ئامۆزای و (کەری) پورزای و (سەگی) خاڵۆزای، دانەنرێت و ئەم مرۆڤە هەژارە (هەر بەوەی لەباتی چوار پێ لەسەر دوو پێ ئەڕوات) بە هەزاران کۆتی (قیم) و (ئایین) و (یاسا)و (کۆمەڵ)و.. هتد.. وەکو تەوقی عەزازیل و مۆتەکە بچێتە ملیەوە..؟؟

ئەم گەڕانەوەی (مرۆڤ)ی (خلیفەی) خوایە بۆ ئەو (ئاژەڵی)یە، زێڕینترین هەوڵ و نەرمانی ترین زەوی خۆش کردو چاکترین کات و جێگای دروست کرد بۆ ڕواندنی بیروڕاکانی (مارکس و فرۆید و دورکایم..)[18] هتد..

بەڵێ (داروین)ی هەژار نەیوتووە، ئایین و ڕەوشت لە پەشیمانبونەوەی چەند زۆڵێکی (برسی بە دایکی خۆیان) دروست بووە، وەکو فرۆید ئەڵێ.. وە داروین نەیوت ئایین و

---

[18]– سەیری كتێبی (داروین لە تەرازووی ژێریدا) بکە.

(قیم) هیچ نرخێکیان نییە و هەموو ڕەوالەتی کوێرەوەری ئابوورین و مێژووی دوورو درێژی ئادەمیزاد شەڕە پارووە وەکو ـ مارکس ئەڵێ.. و نەیووت وەکو ئینگلیزو دورکایم و لینین و ترۆتسکی بیلێ.. بەلام تەنیا ڕاڤەکردنی ئەمانەی وتوو، نە ویستوویەتی بیلێ.. بەلام تەنیا ڕاڤە کردنی چۆنێتی پەیدابونی ئادەمیزادن و گەڕانەوەی بۆ ئاژەڵێتی و توێژینەوەی مرۆڤ وەکو تۆپەڵە مادەیەکی بێ گیان و سڕینەوەی وشەی (گیان = ڕۆح) لە مرۆڤ، بەسە و (زۆریشی زیادە) بۆ جوولەکەو تەنینی داوەکانیان.

٢. نووسەری ماتریالی (هێکسلی) ئەڵێ (لەدوای هاتنی داروین) نابێ مرۆڤ بێجگە لە ئاژەڵ خۆی بەهیچ شتێکی تر بزانێ.[١٩]

٣. بە لاچوونی پاڵەوانی سەر شانۆی بە ئاژەڵکردنی مرۆڤ (داروین) پاڵەوانێکی تر هاتە سەر شانۆ کە ئەویش (فرۆید) بوو.. بەڵکو (ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو) فرۆید[٢٠] ئەڵێ مرۆڤ تەنیا ئاژەڵە بەڵکو ئاژەڵێکی جنسییەو هەموو ژیانی جنسە).

---

[١٩]- الأنسان في العالم الحديث، گولیان هێکسلی، گۆڕینی بۆ عەرەبی، حسن خطاب، ص٣١-٣٧.

[٢٠]- الأنسان بين المادية والأسلام، ص ٢٤-٢٥.

٤. فرۆید زۆر دڵبەندی داروین بووەو بە شانازییەوە ناوی ئەبات سەری قوتابێتی بۆ دائەنەوێنێ و ئەڵێ[٢١] (بەسەو مایەی شەرەفە بۆ داروین کە لە (گۆڕستانی . ویستەمەنسەتردا نێژراوە))[٢٢].

٥. لای فرۆیدیزم مرۆڤ دوو ژیری هەیە.. ژیرییەکی تازەو کۆن.. ئەو ژیریە کۆنە ئەو ژیرییەیە کە لە باووباپیرە ئاژەڵییەکانیانەوە بۆیان جێماوە) جا فرۆیدیزیم ئەڵێ (ژیرییە تازەکە زوو ماندوو ئەبێ و ئەمە ژیریی کاتی ئاگاداری و کارکردن و زانستە.. بەڵام کاتێ خەواڵو ئەبن و وەنەوز زۆریان بۆ ئەهێنێ ژیری یەکەم دەوری نامێنێ و ژیریە کۆنە ئاژەڵیەکەیان ئەگەڕێتەوە[٢٣].

چاووت لێیە بەهەشت گیان فرۆیدیزم ئەیەوێ داروێنیزم بکاتە کاڵای سایکۆلۆجیەکەی..

سلامە موسی ئەڵێ (فعقلنا الکامن یجری علی أسالیب آبائنا المتوحشین)[٢٤].

٦. داروین خۆی لە ساڵی (١٨٧٢) کتێبێکی لەژێر ناونیشانی

---

[٢١]– موسی والتوحید، ص ٩٥.

[٢٢]– (Westminster) گۆڕستانێکە لە (لەندەن) پاشاکان و پیاوەگەورەکانی ئینگلیزی تێدا ئەنێژرێن.

[٢٣]– أسرار النفس، ص٩–١٠.

[٢٤]– هەمان سەرچاوە، ص٩–١٠.

(دەربڕینی هەڵچوونەکان لای مرۆڤ و ئاژەڵ به چاپ گەیاند کە ئەم کتێبەی داروین بریتی بوو لە دانانی بەردی بناغەی فرۆیدیزم)[٢٥].

بەهەشت: ئۆی توخوا ئەگەر ئیتر باسی (داروین)م بۆ بکەیت تازە دوای لێدوانەکەی خۆتان (داروین لە تەرازووی ژێریدا) قسەی داروین لای من چ نرخێکی هەیە..؟

نەوڕەسی: مەبەستم ڕاست و ناڕاستی قسەی داروین نیە، ئەوە باسێك بوو مافی خۆی درایە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە بزانی کە داروینی و فرۆیدی و هتد.. زنجیرەی پیلانێك بون لە مرۆڤایەتی کران و بزانی تا چ ڕادەیەك فرۆید پابەندو دەسەمۆی داروێنیزم بووە.

بەهەشت: زۆر ڕاستە.. ئەڵێی هەموویان بووکەشوشەن بە دەزووی جوولەکە جموجوڵ ئەکەن.

نەوڕەسی: جا ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بڵێین فرۆید ئەڵێ چی و تا چ ڕادەیەك ڕاستە، باسی بکەین.

بەهەشت: ئای کاکە گیان.. خوا لە منت نەسێنێ و پاداشتت بداتەوە.

---

[٢٥]– اصول علم النفس وتطبيقاته، ص٢٤–٢٥.

نەوڕەسی: بەهەشت گیان فرۆید بلیمەت و هەڵکەوتوویەکی کاتی خۆی بووە بەڕاستی لێهاتوو و لێزان بووە.

بەهەشت: هەموو بۆ کارگوزاری ئایینەکەی: چونکە ئەو وەکو خۆی ئەڵێ (جوولەکەیە پێش ئەوەی هەر شتێکی تر هەیە) بەڵێ لەگەڵ جوولەکایەتییەکەیدا زۆر بلیمەت بووە.. بەسە بۆ فرۆید کە نووسەری کتێبی (الأنسان بين المادية والاسلام) ئەڵێ (كنت في صغري شديد الأعجاب بفرويد إلى حد الفتنة).

نەوڕەسی: ڕەحمەتی خوا لە مامۆستا (محمد) ئاخر سەرسامی کوێی و چی بووە..؟

بەهەرحاڵ.. ئێستا دێینە سەر ڕوانگەی فرۆیدیزم لەو ڕووانگەیەوە سەیری ئایین و ڕەوشت و خێزان و هتد.. ئەکەین.

بەهەشت: زۆر باشە فەرموو..

ئایین لە ڕوانگەی فرۆیدییەوە :

نەوڕەسی: بەهەشت گیان پێش ئەوەی باسی ڕاکانی فرۆید و تێڕوانینی ئایین لە ڕووانگەی فرۆیدییەوەت بۆ بکەم، پێویستە بزانین هەموو باس کردنێکی فرۆیدو توێژینەوەی هێرشبەرانەی فرۆید بۆ سەر ئایین و لەبارەی ئایینەوە، مەبەستی ئایینی مەسیحیە بە پلەی یەکەم و هێرشهێنانە بۆ ئیسلام بە لا تیر و دواجار هەموو ئایینێك . جگە لە ئایینی جوولەکە.. نمایان و دیارییە فرۆید مەبەستی (سەرو حەج بێسەری شەریك)ە وەکو جاران و موشێن (کەلایەن)ی منالّی خۆمان.

فرۆید لەبارەی چۆنێتی پەیدابونی ئایین و یەکەمین ڕوالّەتی پەرستنەوە ئەلّێ[٢٦]:

ئایین لە ئەنجامی تاوانێکی ناپەسەندەوە دروست بووە.. تاوانەکەیش ئەوەیە..

(لە تاریکایی مێژووی مرۆڤایەتیداو لە خێزانێك لە کوڕەکان دلّیان چوو لە دایکیان و باوکیشیان نەیئەهێشت دایکیان بۆ هەموویان بێ (واتە ژنی باوك و کوڕەکانیش بێ) و داگیری

---

[٢٦]- الطفل بین الوراثة والتربیة – ج/١، ص٣٣٤.

کردبوو تەنیا بۆ خۆی[٢٧] چەند ئەمسەرو ئەوسەریان کرد لەگەڵ باوکیان بۆ هاوبەشی سوودی نەبوو)...

دواجار بڕیاریاندا باوکیان بکوژن، بەڵێ بڕیارەکە جێبەجێ کراو باوکە کوژراو دایکە وەکو هەموو پیتاك و میراتەکەی تری بەجێما بۆ منداڵەکان.. بەڵام ئەو کێشەیەی باوکیان لەسەر کوشت و وایان ئەزانی بە کوشتنی باوکیان کێشەکە چارەسەر ئەکرێ و نامێنێ، وا دەرنەچوو کێشەکە گەورەتر بوو، چونکە کوڕەکان گیریان خوارد بە دەستی دایکیانەوە.. بۆ کامیان و ژنی کامیان بێ..؟ هەمان کێشەی کاتی باوکیان هاتەوە پێش، یان ئەبێ بەربینە یەکتری کوشتن و یەکتری بڕینەوەو دواجار کێ دەرچوو بۆ ئەوە بێ.. یان ئەبێ واز لە دایکیان بهێنن.. لەبەرئەوە هەموویان لە کوشتنی باوکیان پەشیمان بونەوەو وازیان لە دایکیان هێنا.. کوشتنی باوکیان بووە خەفەتێکی گەورە لەسەر دڵیان.. هەستیان بە تاوانبارییەکی گەورە ئەکرد بەرامبەر باوکە بێتاوان و کوژراوەکەیان.. ئەم هەستە دڵ و دەروونی هەموویانی داگیر کرد.. خۆشەویستیەکی بێپایانی باوکیانی لە دڵیان چاند بە شێوەیەك هەر ئاژەڵێك، هەر گاو

---

[٢٧] – الأنسان بين المادية والاسلام، ص٤٢ لە کتێبی (Totam and taboo)ی فرۆید ص١٤٥–١٥٤.

گۆلکێك باوکیان خۆشی ئەویست لە ژیانیدا ئەمانیش زیاتر لە ئەندازە خۆشیان ئەویست و تەنانەت سەریان نەئەبڕی و نەیان ئەخوارد.. بەمیشەوە نەوەستان بەڵکو ئەو ئاژەڵە خۆشەویستەی باوکیان ئەپەرست.. بەم شێوەیە یەکەم ڕواڵەتی پەرستن و بەندایەتی دروست بوو، کەواتە بناغەی ئایین و پەرستن لەم کارە ناپەسەندە ناپاکەوە دروست بووەو هەموو ئایینەکان لەم سەرچاوەوە هەڵقوڵاوەو ڕوواوەو دواجار پەل و پۆی هاویشتووە..

وە فرۆید لای وایە (ئێستایش هەموو هەستێکی ئایینی و ڕەوشت بەرزی ئەگەڕێتەوە بۆ سەرکوت کردن و خەفەکردنی پاڵەپەستی جنسی)[٢٨].

فرۆید بەوە وازناهێنێ کە (ئایین) شتێکی تارمایی بێ بناغەو دوور لە ڕاستی و وەهمی (illusion) بێ بەڵکو ئەڵێ بونی ئایین مەترسییە (Danger) و خەڵکی ئەبەستێتەوە لە بەکارهێنانی ژیرییان و ڕەخنەگرتن لە کردەوەی ڕۆژانەی خۆیان تا دواجار بیرکردنەوەیان ئەمرێ.. وە فرۆید لای وایە ئایین مەترسی زۆرە لەسەر ڕەوشت و هەڵسوکەوتی خەڵکی و مەترسی هەیە بۆ خۆشەویستی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ و ئەگەر مرۆڤ

---

[٢٨]- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

بتوانێ لە بیرەوەری و داڵغەی ئایین ڕزگاری ببێ پشت بەو خوا تاشراوە نەبەستێ و پشتە سووری خۆی و ژێری خۆی بێ، پێ ئەگات.. وە پێویستە مرۆڤ بزانێ چۆن ڕووبەڕووی (واقع) بوەستێ و چاوەڕێی هیچ هێزێکی میتافیزیکی نەبێ..)[29] وە فرۆید لای وایە (هەموو ڕواڵەتێکی ئایین ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی منداڵییان.. کاتێ منالْ دێتە ئەم جیهانەو خۆی لە بەرامبەر ئەم جیهانە فراوانە ئەبینێ و هیچ دەسەڵاتێکی ژیان و خۆسازدانی نییەو تاقانە پشتیوان باوك و دایكێتی ئەوسا لە گۆمی ژیان ترسی ئەشکێت، هەروەها کە گەورە بوو دایك و باوکی نەما یان لە باوك و دایکی بەلەسە بوو پشتەسووری خوایەکی خەیاڵی دروستکراو ئەبێ هەرچی ترسێکی سروشت ڕووی تێ کرد ئەیداتە دەست ئەو خوایەو ترسی خۆی بەو خوایەو بڕوای بەو خوایە ئەنیشێتەوە..)[30].

ئەمەیە ئایین لە ڕوانگەی فرۆیدییەوە، ئەوە ڕای بەرامبەر ئایین.

بەهەشت: بەڵێ ئەوەیە ڕای فرۆید و ڕاڤەی فرۆید بۆ ئایین، ئەگەر زیانی بۆ جوولەکە نەبوو.. بەڵام ئەگەر باسی جوولەکە کرا ئەوە ئەودیوی قەوانەکە لێ ئەداتەوە.

---

[29]- الأنثى هي الأصل، ص٢١٨-٢١٩.

[30]- الطفل بين الوراثة والتربية، ج/١، ص٣٢٢-٣٢٣.

نەوڕەسی: ئای.. بەهەشت گیان لەبیرتە کاتێ (ماکس گراف) وتی بە فرۆید، با بە منداڵەکانمان بڵێین واز لە ئاپینی جوولەکە بێنن ئاگات لێ بوو چۆن فرۆید لێی تووڕە بوو وتی (ئەگەر وازیان لە ئاپینی جوولەکە پێبهێنی لە وزەیەك بێبەرییان ئەکەیت کە بەهیچ شتێك بار بوو ناکرێتەوە.. وە ئایا لەبیرتە کە فرۆید وتی (پێش ئەوەی خەڵکی ئەڵمان یان نەمسا بم جوولەکەم..) ئای بۆ ئەو موسڵمانەی دەرس لە فرۆید وەربگرێ و بڵێ (پێش ئەوەی هەرچی بم و خەڵکی هەرکوێ بم موسڵمانم).

بەهەشت: لەبیرمە.. چۆن لەبیرم نییە.. ئەی نازانم تۆ ڕات بەرامبەر بەو ڕاڤە کردن و شیتەڵ کردنەی فرۆید چییە..؟!

نەوڕەسی: بۆ ئەوەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم ڕاڤەکردنەی فرۆیدت لەبارەی ئایینەوە بۆ باس بکەم ئەڵێم:

١. با پرسیار لە فرۆید و هەموو (فرۆیدبازەکان) بکەین بڵێن (ئایا بۆ چەسپاندن و سەپاندنی ئەم چیرۆکەی کە کراوەتە ڕووداوێکی مێژوویی و بنچینەی تیۆرێکی (زانیاری) لەسەر دانراوە. ئایا یەك تاقە بەڵگەی مێژووییان بەدەستەوە هەیە..؟ نەخێر.. زۆر چاکیش نەخێر.. نیو بەڵگە؟ نیە.. چارەکە بەڵگەیەك..؟ نیە.. تارمایی بەڵگەیەك..؟ نیە.. ئەی لە کام بن باخەڵی جوولەکە دەریان هێناوە؟.

٢. دیسان . بەهەشت گیان . با پرسیار لە فرۆید (خۆی) بکەین و بزانین، ئایا خۆی کە خێزانی بووەو شەش منالی بووە... هیچ لە منالەکانی خۆی تەماعی کردۆتە دایکیان و حەزی لێبکات و فرۆید بکوژێت..؟ یان لەگەڵیان ڕێکەوتبوو..؟!

٣. دیسان پرسیار لە فرۆید و فرۆیدیزم بکەو بڵێ (بۆچی ئەو کوڕە لاوە هەرزەکارانە حەز لەو دایکە پیرەژنە چرچۆڵە بکەن و بگاتە پلەی باوك کوشتن.. لەگەڵ ئەوەدا هەزاران کیژی شەنگ و شۆخی لاو هەبوو ئەیان توانی لەگەڵی ڕابوێرن بەتایبەتی کە فرۆید خۆی ئەڵێ ئەو کاتە نە ئایین و نە هیچ جۆرە ڕواڵەتێکی ڕەوشت نەبوو تا کوڕ و کچ لەیەکتری جیابکاتەوە..؟

٤. کوڕەکان پێش ئەوەی باوکیان بکوژن.. بۆچی بیریان لەوە نەکردەوە کە دوای مردنی باوکیان، دایکیان بێ و چۆن نەیان ئەزانی کێشەکە بە کوشتنی باوکیان تەواو نابێ..؟ یان فرۆید خۆڵی کردبووە چاویان..؟

٥. بەهەشت گیان لەبیرتە باسی ئەو پەتەم بۆ کردیت کە داروین و فرۆید ئەبەسێ بە یەکەوەو پێم وتی ئەمانە کرێکارو پاچ وەشێنی ڕەوشت ڕوخاندنن..؟

بەهەشت: بەڵێ، ئەزانم هەردووکیان قوتابی یەك قوتابخانەی بەرووددووان..

نەوڕەسـی: داروین ئەڵێ (لە ڕەشە وڵاخدا، کەڵەگا تازە پێگەیشتووە بەهێزەکان ئەیانەوێ بپەڕێن لە مانگا (دایکانەکەیان)، کەڵەگا (باوکانە) پیرەکەیان قەدەغەیان ئەکات و ناهێڵێ کەڵیان لێ بگرێت.. دواجار ئەبێتە جەنگ لەنێوان کەڵەگا گەنجەکان و کەڵەگا پیرەکەداو گا پیرە ئەکوژرێ بەڵام پاش کوژرانی گا پیرەکەیش ئەمانیش لەناو خۆیاندا بەر ئەبنە یەکتری و یەکتری ئەکوژن.. هەتا دواجار کامیان لە هەموویان بەهێزتر بێ ئەمێنێتەوەو دایکیان بەمیراتی بۆ بەجێ ئەمێنێ..)[31].

ئیتر لە ژێر نەخشەی ئەم وتەی داروینەدا فرۆید هەڵساو ئەم چیرۆکەی تاشیی و لەسەر ڕێسای (قیاسی کەشك لە مەشك) کردییە کاڵای باڵای ئەم مرۆڤەی خەلیفەی خوایە.

٦. ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیری دیاردەی کوشتار و یەکەمین مرۆڤی کوژراو بکەین، زۆر جیاوازە لەگەڵ چیرۆکەکەی فرۆیددا.

ئەویش بریتی بوو لەوەی (قابل)ی کوڕی ئادەم پێغەمبەر (هابیل)ی برای کوشت و لەبەرئەوەیش بوو کە هەر یەکەیان خێرێکی کردو خوا لە (هابیل)ی وەرگرت و لەوی وەرنەگرت[32] و

---

[31]- معركة التقاليد، ص ٢٩.

[32]- في ظلال القرآن، ج٢، ص٨٧٥.

لەبەر دڵ پیسی و زاڵ بونی گیانی تۆڵەسەندن بەسەر دڵە کرمۆکەکەیدا برا چاکە دڵ نەرمەکەی خۆی کوشت..[٣٣].

.. لەگەڵ ئەوەیشدا کە (قابیل) زۆر پەشیمان بووەوە لە کردەوە ناشرینەکەی و (فاصبح من النادمین)[٣٤] بەڵام نە (تۆتمی بۆ دروست کردوو، نە بووە هۆی پەرستنی ئەو شتانەی براکەی خۆشی ئەویست[٣٥].

بەهەشت: کاکە گیان ئەگەر نەختێك لەم چیرۆکە قورئانی و بەسەرهاتەی کوشتنی (هابیل) بکۆڵینەوەو لە دەقی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ لادەین و گوێ بگرین بۆ ڕاڤە کەرانی قورئان (ئەوانیش ئەڵێن هۆی ڕق هەستان و خەشمی قابیل لە هابیلی برای هەر جنسەو پاڵەپەستۆ سێکس پاڵی نا بە قابیلەوە براکەی خۆی بکوژێ[٣٦].. قابیل ئەیویست خوشکەکەی نەدا بە هابیل و خۆی مارەی بکات... ئەی وانەبوو..؟

---

[٣٣]- سەیری نامیلکەی (ئادەم پێغەمبەر) ل ٥٨-٧١ وە سەیری تەفیسری نامی بەرگی سێیەم ل٣٥-٣٦ بکە.

[٣٤]- سورة المائدة، آية: ٣١.

[٣٥]- مجلة - آفاق عربية، العدد، الأول السنة السابعة، ايلول، ٩٨١، ص٨٧.

[٣٦]- سەرەڕای (ئادەم پێغەمبەر (ل ٦٧-٦٨)و (تەفسیری نامی ل ٣٧) سەیری (مع الأنبياء في القرآن الكريم) ل٥٣-٥٤ بکە.

نەوڕەسی: ناتوانم نە بڵێم وابوو نە بڵێم وانەبوو... چونکە:

أ. ئەو چیرۆکە لە قورئاندا بەو شێوەیە نییەو قورئان باسی ژن و ژنخوازی لەو مەسەلەدا نەکردووەو تەنانەت ناوی (قابیل و هابیل)یش نابات و تاقانە سەرچاوەی هەموو (مفسرین) تەنیا سەرچاوەی ئیسرائیلیەکانە.. کە ئەوانیش سەربەسەریان جێگای گومانەو موسڵمان پشتەسووری نابێ[27].

ب. ئەو چیرۆکە بەو شێوەیە کە ڕاڤەکەرانی قورئانی پیرۆز ئەیگێڕنەوە لە تەورات و (سیفری تکوین)و بەشی چوارەمدا هەیە[28]و ئەمانیش دەقاو دەق هێناویانەو دایانناوە!.

ج. وەکو لە پێشەوە وتم پاش کوشتنی (هابیل) و پەشیمانیەکی زۆری (قابیل) ئەو پەشیمانییە نەبووە هۆی پەیدابونی ئاین و هیچ جۆرە ڕواڵەتێکی پەرستن و هیچ دیاردەیەکی بەپیرۆز زانین پەیدا نەبوو.

د. کوشتنی (هابیل) ئەگەر لەسەر ژنیش بوو بێ و پاڵەپەستۆی سێکس بووبێ زۆر ئاسایی بووەو نابێتە پشتیوانی وتەکەی فرۆید و چ کوشتنی (هابیل) و چ کوشتنی (باوک)ەکەی فرۆید،

---

[27] - التفسير الكاشف، ج٣، ص٤٥-٤٦.

[28] - تفسير المنار، ج٦، ص٣٥٠-٣٥١.

ئەمانە دیاریەكی كۆمەلآیەتین و ڕەنگە هەموو ڕۆژێك و لە هەر كۆمەڵێكدا ڕوویدات و دووپات ببێتەوە[39].

٧. هەست كردن بە گوناه و تاوان شتێكی پەیدا بوو (كسبی)یەو بنەمایی (وراثی) نیەو ئیتر ئەو هەستەی لە دڵی كوڕەكاندا بۆ كوشتنی باوكەكە پەیدابوو چۆن گوێزرایەوە بۆ ڕۆڵەو نەوەی داهاتوویان؟ چۆن پاش هەزاران ساڵ ئەم هەستە هەر ئەمێنێ و ئەم هەموو نەوەو وەچەیە هەست بە تاوان ئەكەن[40]..؟

٨. تەرێز كردن لە دایك شتێكی سروشتییە هیچ مرۆڤێكی ئاسایی نیە دڵی بچێتە سەر دایكی و چەندە زۆڵیش بێ..

بەهەشت گیان لەكاتی خەلیفەی دووەم (عمری كوڕی خطاب) خوا لێی ڕازی بێت، لاوێك هانای لێ بەرزبوویەوە و هاواری ئەكرد، خەڵكینە لەڕای خوا فریام كەون لەدەست دایكم.. خوا هاوار لەدەست دایكم، عومەری پێشەوا گەیشت بە كوڕەكەو بەدەم هاواركردنەوە ڕووبەڕووی خەلیفە هات و خەلیفە فەرمووی، كوڕە چیت ئەوێ لە دایكت..؟ كوڕە وتی ئەی سەرۆكی موسوڵمانان ئەوە دایكمە، نۆ مانگ لە سكیدا بووم و دوو ساڵی ڕەبەق شیری داومەتێ.. بەڵام كاتێ گەورە بووم خێرو

---

[39] – مجلة آفاق العربية العدد (١) السنة السابعة أيول (٩٨١) ض ٨٧.

[40] – هەمان سەرچاوە ل ٨٩.

شەرم لە یەکتری جیا ئەکردەوە ڕاست و چەپی خۆمم ناسی، دەری کردم و یەخەی خۆی لێ هەڵتەکاندم وەکو نەمناسێت...

خەلیفە فەرمووی.. دایکت لەکوێیە.. وتی لە فلانە شوێنە.. خەلیفە فەرمانی دا بڕۆن لەو جێگایە ئەو ئافرەتە و کێ ئەیەوێ لەگەڵی بێت با بێت.. بەڵێ ژنە لە تەك چوار برای و چل کەسی شایەتی سوێن خۆرو سوور لەسەر شایەتی، هاتن و لای خەلیفە هەر چل شایەتەکە شایەتییان دا کە ئەم ئافرەتە ئەم کوڕە ناناسێ و ئەم کوڕە درۆ ئەکات ئەم ئافرەتە کچەو هێشتا شووی نەکردووە ئێمە زۆر بە باشی ئەیناسین، (قوڕەیشی)یەو ئاگامان لە هەموو هەڵسوکەوتێکی هەیەو کچە بە مۆری کچێتییەوە ماوە.. خەلیفە عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) ڕووی کردە کوڕەکەو فەرمووی.. ڕۆڵە تۆ چی ئەڵێی.. کوڕە وتی... قوربان ئەی گەورەی موسوڵمانان بەخوا سوێن ئەخۆم کە ئەو ئافرەتە دایکمەو نۆ مانگ لە سکیدا بووم و دووساڵی ڕەبەق شیری داومەتێ.. بەڵام کاتێ گەورە بووم و خێرو شەڕم لە یەکتری جیاکردەوەو ڕاست و چەپی خۆمم ناسی، دەری کردم و یەخەی خۆی لێهەڵتەکاندم وەکو هەر نەمناسێت.. ئینجا عومەری دادپەروەر ڕووی کردە ئافرەتەکەو فەرمووی: تۆ ڕات چۆنە بەرامبەر بەو وتانەی ئەم کوڕە.. ئافرەتەکە وتی: ئەی گەورەی

موسوڵمانان سوێن بێ بەو کەسەی خۆی بە نوری خوایەتی پێچاوەتەوەو کەس نایبینێ و سوێن بێ بە ڕاستی پێغەمبەرێتی محمد ﷺ ئەم کوڕە ناناسم و هەر نازانم کوێنەری و لە کام هۆزو کۆزە.. ئەم کوڕە ئەیەوێ لەناو خێڵ و نەتەوەکەم سووکم بکات.. من کچم و قوڕەیشیم و تا ئێستا شووم نەکردووەو (کچێتی)م ماوە.. خەلیفە فەرمووی بە ژنەکە شایەتت هەیە؟

وتی: بەڵێ، ئەوانە.. چل شایەت یەکە یەکە هاتنە پێشەوەو بە خەلیفەیان وت کە ئەم درۆ ئەکات و ئەیەوێ شەرەفی ئەم ئافرەتە چڵکن بکات و نەنگی بەسەردا بێنێ و ئەمە کچە قوڕەیشیە خوا چۆن بە کچ دروستی کردووە وەکو خۆی ماوەتەوە.. خەلیفە فەرمووی.. کوڕەکە بەرن بۆ بەندیخانە هەتا لێکۆڵینەوەم لەگەڵ ئەم شایەتانە تەواو ئەکەم، جا ئەگەر قسەی کوڕەکە بەدرۆ کەوت وا چەڵدە و شەلاقی درۆزن (مفتری)و بوختان کەری لێ ئەدەم.. بەڵێ کوڕەکەیان برد بەرەو بەندیخانە لە ڕێگا تووشی خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبو طالب) (خوای لێ ڕازی بێت) بون کوڕەکە کە حەزرەتی (علی) بینی بانگی کرد، ئەی ئامۆزای پێغەمبەری خوا، من کوڕێکی ستەملێکراوم . بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ حەزرەتی علی گێڕایەوەو دواجار وتی ئەوا حەزرەتی عومەریش فەرمانی داوە بەندم بکەن.. (علی) فەرمووی بە پاسەوانەکان.. بیبەنەوە بۆ

لای عومەر.. کاتێ کوڕەکەیان بردەوە ، عومەر (خوای لێ ڕازی بێت) فەرمووی.. ئەوە من نەمووت بیبەن بۆ بەندیخانە بۆچی نەتان بردووە..؟

وتیان: ئەی سەرکردەی موسوڵمانان، لە ڕێگا ڕوبەڕووی (علی) بووینەوە ئەویش فەرمووی مەیبەن بۆ بەندیخانەو بیبەنەوە بۆ لای عومەر.. لەم قسانەدا بون، حەزرەتی علی هات و پاش نەختێك داوای دایکی کوڕەکەی کردو دایکەکەیان هێنا.. حەزرەتی عەلی فەرمووی: ئەم کوڕە چیتە ؟

ئافرەتەکە وتی: درۆ ئەکات ناینانسم و چۆن لای حەزرەتی عومەر پاکانەی کرد بە هەمان شێوە دووبارەی کردەوە... حەزرەتی عەلی مۆڵەتی لە خەلیفە خواست و فەرمووی ئەی گەورەی موسوڵمانان مۆڵەتم ئەدەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکەم.. عومەر فەرمووی.. (سبحان الله) ئەوە ئەڵێی چی! چەند جار گوێم لە پێغەمبەری خوا بووە فەرموویەتی.. زاناتری هەمووتان عەلی کوڕی ئەبو طالبە... فەرموو.. ئەمجا حەزرەتی عەلی ڕووی کردە ژنەکەو فەرمووی: شایەتت هەیە ؟...

وتی.. بەڵێ چل شایەت بە سوێن خواردن، هەمان شایەتیەکەی لای حەزرەتی عومەریان دووپات کردەوە.. فەرمووی بە ئافرەتەکە: ئایا کاربەدەست (والی)ت هەیە.. وتی: بەڵێ، ئەو

چوار زەلامە برامن.. حەزرەتی عەلی ڕووی کردە براکانی فەرمووی: ئایا بۆم هەیە چی بکەم لەم مەسەلەداو ئێوە سەرپێچیتان نیە...؟

وتیان: نەخێر قوربان تۆ چی بفەرمووی لەسەر سەرە چ لەبارەی خۆمانەوەو چ لەبارەی خوشکەکەمانەوە.. حەزرەتی عەلی فەرمووی ئەوا من ئەو ئافرەتەم مارە بڕی لەو کوڕە لەسەر چوار سەد درهەم (درەم).. ئادەی (قەنبەر)[41] بڕۆ ئەو چوار سەد درهەمە بێنە.. قەنبەر ڕۆیشت و چوار سەد درهەمەکەی هێناو حەزرەتی عەلی فەرمووی بە کوڕەکە.. ها بگرە ئەو پارەی مارەیی ژنەکەتە بیدە دەستی و هەڵسە پەلی ژنی خۆت بگرەو هەتا نەبی بە زاوا نەیەیتەوە.. کوڕە هەڵساو پارەکەی خستە کۆشی ئافرەتەکەو پەلی گرت و وتی هەڵسە.. لە پڕ ژنەکە قیژانی و وتی.. ئاگر.. ئاگر ئەی ئامۆزاکەی محمد، ئەتەوێ مارەم بکەی لە کوڕەکەی خۆم.. والله ئەوە کوڕمە.. براکانم.. برا.. بەمناڵی و بەزۆر بەشوویان دام بە پیاوێك، پیاوێکی بێگانەی نەناسراو ئەم کوڕەم بوو.. کاتێ کوڕەکەم گەورە بوو (باوکیشی سەرنگوم بوو) زۆریان لێ کردم کە لەخۆم بێبەری بکەم و دەری بکەم..

---

[41]– قەنبەر: وەرزێرو پیاوی حەزرەتی عەلی بوو.

ئەگینا واللە ئەوە کوڕمەو دڵم کوڵ هەڵئەدا بۆ کوڕەکەم و قازانگێکەو چەپۆکان ئەکات.. هتد..

بەگریان دەستی کردە ملی کوڕەکەی و ڕۆیشتن..[42] ئەم ڕووداوەو کورتە چیرۆکە ئەوەمان پیشان ئەدا کە تەرێزو نەفرین کردن و تێکەڵاوی جنسی لەگەڵ دایکیدا شتێکی سروشتی مرۆڤایەتییە.. بڕوانە چۆن ئەو ئافرەتە چل شایەتی سوێنخۆری سوور لەسەر شایەتی ئەیانویست دایکێتی ئەو ئافرەتە بشارنەوە.. بەڵام کاتێ هاتە سەر مارەبڕینی دایك لە کوڕەکەی خۆی، سەیرکە چۆن ویژدانە سروشتیەکەی دایکێتی بانگەوازی لێهەڵساو پەردەی لەسەر هەموو کەین و بەین و پیلانێك هەڵماڵی.

ئەمە بۆ ناڕاستی و پڕو پوچی ئەو چیرۆکە دەستە هەڵبەستەی فرۆید، تا بە باشی بۆت دەربکەوێ کە وەکو هیچ بەڵگەیەکی مێژوویان بەدەستەوە نییە.. هەروەها سروشتی مرۆڤی ئاسایی و مرۆڤایەتی بەگشتی بەدرۆی ئەخاتەوە..

بەهەشت: ئەی لەڕووی ئایینیەوە ڕات چۆنە..؟

نەوڕەسی: بەهەشت گیان.. ئەگەری سەیری چیرۆکەکەی فرۆید بکەین و بە چاوی لێکۆڵینەوە لێی وردبینەوە سەیری ئەکەین (بێ ئەوەی فرۆید خۆی بەخۆی بزانێ) ئەو پایانەی کە زانایانی

---

[42]- الطفل بين الوراثة والتربية، ص٢٥١-٢٥٢ به دەستکارییەوە.

ئایینی لەژێر خانووی ئاییندا دایئەنێن و ئەڵێن: ئەو هەستانە لە یەکەمین ڕۆژی پەیدابونی مرۆڤدا هەیە.. فرۆید لە چیرۆکەکەیدا چەسپاندوویەتی و لە توێ توێی شیتەڵکردنی بەسەرهاتەکەدا بە ئاشکرا دیارە.. ئەوانیش:

أ ـ هەست کردنی مرۆڤ بە پەشیمانی لەدوای کردنێکی هەر کارێکی ناپەسەند.

ب ـ بونی (حەرام) و قەدەغەکاری هەر لە یەکەمین خێزانی تاریکایی مێژووەوە.

ج ـ هەست کردن بە بەرژەوەندی گشتی و پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە (پاش کوشتنی باوکیان ئەوە بوو بەر نەبونە یەکتری کوشتن).

د . هەر لە یەکەمین خێزانی تاریکایی مێژوودا مرۆڤ توانیوێتی چڵێسی نەوس و پاڵە پەستۆی شەهوەتی خۆی جڵەوگیری بکات و بەسەریدا زاڵ ببێ (حەزەکەی دایکیان خەفە کرد).

هـ ـ هەست کردن بە (ویژدانی ڕەوشتی = الوجدان الأخلاقي) پاڵەپەستۆی کۆمەڵ نیە بەسەر مرۆڤەوە وەکو فرۆید وا ئەزانێ.. بەڵکو هەستێکی دەروونی سروشتییە لە مرۆڤەکە خۆیدا، ئەمانە ئەو کۆڵەکانەن بونەتە پایەیەکی بەهێزو هەستی ئایینی لەسەر وەستاوە . ئەمە یەکەم .

٢. ئەوەندە فرۆید ئاییني جوولەکەی لا ڕاستە تەنانەت لای وایە (کە ئاییني ئیسلامیش کورت کردنەوەو دووپات کردنەوەی ئاییني جوولەکەیە..[٤٣] و (لە پێشا محمد(ﷺ)یش جوولەکەی بۆ خۆی و گەلەکەی هەڵبژارد بەلاّم گەشەکردني ئایینە تازەکەی زۆری پێ نەچوو، وەستا..[٤٤].. بەهەشت گیان ئاگات لەو ڕەگەزپەرستییە ئاشکرایەیەو ئاگات لەو جیاوازییە گەورەی نێوان هەردوو ئایینەکەیە، لە هەموو ڕووەکاني هەردوو ئایینەکەوە .

بەهەشت: زۆر چاك ئاگادارم.. ئەی کاکە گیان تۆ ئاگاداری کە چۆن نووسەری مارکسی (جۆرج ترابیشی) گۆڕەری کتێبەکەی فرۆید بۆ عەرەبی . لە داوێني هەمان لاپەڕەدا- چۆن بۆ فرۆید ئەپارێتەوەو وشکەڕني بۆ ئەکات کە گوایا فرۆید فەقیرە! ئاگادارییەکی قوڵی نیە لە فینۆمیۆلۆجیای ئایینەکاندا، بۆیە بەراورد کردنەکەی لەنگ و نابەجێ و ڕەگەزپەرستانەیە .

نەوڕەسی: بەراوردکردني وتەکەی داروین (یەکتری کوشتني کەڵەگاکان) و وتەکەی فرۆید (کوشتني باوکەکە).. زۆر دوورن لە یەکەوە و ناکرێتە یاسا بۆ مرۆڤ.. چونکە، ئاژەڵ لە هیچ

---

[٤٣]- موسی والتوحید، ص١٢٩.

[٤٤]- هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە.

کردەوەیەکیدا پەشیمان نابێتەوە هەستی ڕاست کردنەوەی کردەوە چەوتەکانی نیە.. بەڵام ـ وەکو فرۆید ئەڵێ ـ ئەوە بوو کوڕەکان پاش کوشتنی باوکیان ئیتر وازیان لە یەکتری هێناو پەشیمان بونەوە لە کردەوەکەیان.. کەواتە لە مرۆڤدا هەستێك هەیەو هەموو کردەوەیەك هەڵئەسەنگێنێ و نرخێکی تایبەتی ئەداتێ لە بازاڕی ڕەوشتدا.. ڕەنگە جاری وا هەبێ چەپە دووکەڵی غەریزە بەری ئەو هەستە بگرێ و دەستێك بوەشێنێ بەڵام ئەمە نەبونی و نەمانی ئەو هەستە ناگەیەنێ، چونکە ئەو هەستە بەشێکە لە مرۆڤ و لێی جیا نابێتەوە[٤٥]..

ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە.. سەیر ئەکەین لە کوشتنی کەڵەگاکان ـ ی داروین ـ هیچ جۆرە قەدەغەگەری و (حەرام) کردنێك پەیدا نەبوو، بەڵام ـ بە خەیاڵی فرۆید ـ پاش کوشتنی باوکەکەی فرۆیدـ پەشیمانی و قەدەغەگەری و حەرام کردن و بەپیرۆز زانین دروست بوو، ئیتر هەر پاڵەپەستۆیەك هەبێ لە پشتی ئەم هەستی حەرام کردنەوە، دیارە هەڵوێست و کردەوەیەکی مرۆڤایەتی ڕووتەو دوورە لە هەموو خودخدەیەکی ئاژەڵی.. ئەم توانینی (قەدەغە کردن و حەرام کردنە)یان وەکو فرۆید خۆی ئەڵێ (سەرکوت کردنی ئارەزوو خەفە کردن)

---

[٤٥]- معركة التقاليد، ص٧٣-٧٤.

دەسەڵاتێکە تەنیا مرۆڤ (هەر مرۆڤ بە تەنیا) هەیەتی و هیچ گیانداریکی تر نیەتی... کە ئەمیش دیارترین بەڵگەی جیاوازی نێوان مرۆڤ و گیاندارەکانی ترە.. بەهەشت گیان.. کاتێ ئێمە ئەڵێین (مرۆڤ ئاژەڵ نییە) مەبەستمان ئەوە نییە کە هیچ خوویەکی ئاژەڵی لە مرۆڤدا نییە.. بەڵێ لایەنی ئاژەڵی لە مرۆڤدا هەیە بەڵام لایەنی گیانیشی هەیە[٤٦].

بەهەشت: کاکە گیان تۆ ڕات چۆنە لەوەی کە (فرۆید) ئەڵێ: (لە ئەنجامی ترسانی مرۆڤ لە دیاردەکانی سروشتی و دەسەوسانی شیتەڵ کردنەوەی ئەو دیاردانە، ئاییینی خۆی دروست کرد، بۆ ئەوەی ئەو ترسەی پێ بشکێنێ.. و هتد..) کە ئەمیش هەندێ کەسی تری جگە لە فرۆید وا ئەڵێن..؟ جا تۆ چی ئەفەرمووی..؟؟

نەوڕەسی: بەهەشت گیان من پرسیار لە تۆ ئەکەمەوەو ئەڵێم.. وا گریمان مرۆڤی کۆنی دوور لە زانیاری و دوور لە تەلیسکۆب و میکرۆسکۆب و ڕۆکێت و سیوز و ئۆپۆللۆ و مەکۆك... هتد.. حەقی بووە بترسێ بەهۆی هەورە بروسکە و بوومەلەرزەو لافاو و بورکانی.. هتد.. نەزانیوە، بەڵام تۆبی و خوا بەهەشت گیان ئایا:

* (ئەنشتاین) لە هەورە گرمە ترساوە وا باوەڕدار بووە..؟

---

[٤٦]- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

* (برگسۆن) لە بورکان ترساوە وا باوەڕدار بووە...؟
* (پاستۆر) لە شەپۆلی دەریا یان لە بوومەلەرزە ترساوە وا باوەڕدار بووە..؟
* (ئەلەکسیس کاریل) و (دانتی) و (عەمانۆئیل) و (باسکال) و (برنادشۆ) و (تۆلیستۆی) و هەزاران و هەزارانی تر لە پاڵەوانانی زانست و زانیاری و دروستکەرو داهێنەری هەزاران شتومەکی کارگوزاری مرۆڤ دروستکەری شارستانێتی سەدەی بیست کە خاوەنی باوەڕبون بە بونی خواو ستایشیان کردووە.. ئایا لەچی ترساون و لەکام دیاردەی سروشت سڵیان کردۆتەوە..؟
* ئایا ئەو زانا هەڵگرانەی خەڵاتی (نۆبڵ) هۆی دیاردەکانی سروشتیان نەزانیوەو زیرەیان کردووەو لە ترسیان دەستیان داوەتە پەنابردن بۆ خوا..؟

بەهەشت: دووا پرسیارم لەسەر ئایین لە ڕوانگەی فرۆیدییەوە ئەوەیە فرۆید ئەڵێ.. ئاین لەسەر بنچینەی ترسان لە (خوا) دانراوە.. کە ئەمیش لە خۆشەویستی و یەکتری ویستن، دوورمان ئەخاتەوە.. تۆ ڕات چۆنە..؟

نەورەسی: بەڵێ لای فرۆید ئایین لەسەر بنچینەی ترس و ڕق هەستان و پەیوەندییەکی (ماسۆشیزم)ییەو ئایین لە ئەنجامدا ئەبێتە پوچەڵکردنەوەی وزەی خۆشەویستی مرۆڤایەتی. بەلام:

١. ئەم بیرە هەڵەیەی فرۆیدی تاپۆی نێو بوومەلێڵی بیرەوەری ئایینی جوولەکە پەتیەکەیتی و ئەیەوێ ئەو هێلکەیە بەسەر ئێمەدا بشکێنێ...زۆر ڕاستە کە ئایینی جوولەکەی ئێستا لەسەر ئەم ترس و دڵ ڕەقییە داڕێژراوە.

٢. ئایینی ئێمە ئایینی خۆشەویستیە.. بەهەشت گیان، هەر وەکو لە ڕوانگەی فرۆیدیزمیدا هەموو هەڵسوکەوت و هەستێکی خۆشەویستی مرۆڤایەتی بە پاڵەپەستۆیەکی جنسی دائەنێ و جەمسەری هەموو خۆشەویستیەك ئەبەستێن بە خۆشەویستی (خوا)وە.. جوانی سروشت و خۆشەویستی ئەو جوانییە، پرشنگی جوانی و خۆشەویستی خوایە.. هەر سیفەتێ لە سیفەتەکانی خوا مەڵبەندێکی ئەو خۆشەویستیانەن کە ئێمەی مرۆڤ (بەخۆمان بزانین یان نەزانین) خەریکی پەرستنینی.. خۆشەویستی وڵات و نیشتمان و دایك و براو خۆشەویستی هونەرە جوانەکان و جوانی پەرستنی سیفەتەکانی (معطی، وهاب، رزاق، حافظ، مقیت)ە.. هونەرمەند لە خۆشەویستی سیفەتەکانی (الباریء، المصور) خەریکی گوشینی مێشکی خۆیەتی.. بویژو فەیلەسوفەکان لە خۆشەویستی سیفەتەکانی

(الحق، العليم، اللطيف، الخبير، المحيط) بونەتە پەپوولەو خولیای نووری خوا بون نەك لەبەر ترس[٤٧].

٣. فرۆید، جوولەکایەتی بەرچاوی گرتووەو نازانێ لە ئیسلامی ئێمەدا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا، پەیوەندی خۆشەویستییەو رابەری ئەو خۆشەویستیەش پێغەمبەری سەروەرمانە ﷺ

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ ٱللَّهَ فَٱتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ ٱللَّهُ ﴾ آل عمران:٣١

ئەی محمدی فورستادە بڵێ بە موسڵمانەکان و هەموو مرۆڤانی سەر زەوی ئەگەر وێڵی خۆشەویستی خوان وەرن شوێن من (پێغەمبەر) بکەون خوایش ئێوەی خۆش ئەوێ.

٤. (ئەرێك فرۆم) ئایینەکان ئەکات بە دوو بەشەوە: هەندێ ئایین لە سەر بنچینەی ترس و بەگوێ کردنی کوێرانەی بێ بیرکردنەوە دانراوە.. . وەکو ئایینی جوولەکە[٤٨]- هەندێ ئایینی تر لەسەر بنچینەی خۆشەویستی و مرۆڤایەتی و بیرکردنەوە داڕێژراوە . وەکو ئایینی ئیسلام و ئایینی مەسیحی - .. جۆری یەکەم بە

---

[٤٧]– گۆڤاری (صباح الخير)ی میسری ژمارە (١٠٣١) ڕۆژی ١٩٧٥/١٠/٩ (الحب الالهی) د: مصطفى محمود، ل٢٣.

[٤٨]– ئێمەی موسڵمان بڕوامان بە ستەمکاری هیچ ئایینێکی ڕاستەقینەی ئاسمانی نیە... چونکە سەرچاوەی هەموو ئایینەکان خوایە ... بەڵام بەهۆی نەمانی ئایینە ڕاستەکەی جوولەکەو دەخەل کردنی یەوە بووە ئایینی ستەمکاری و ئایینی (فرۆید).

ئایینی خۆسەپێن و ستەمکاری (authoritarian) ناو ئەبات و جۆری دووهەم بە ئایینی خۆشەویستی و مرۆڤایەتی (humanistic) ناو ئەبات.. هەروەها (ئەریك فرۆم) ئەڵێ (لەو ئایینانەی لەسەر خۆشەویستی و مرۆڤایەتی دامەزراون یارمەتی ئادەمیزاد ئەدەن بۆ بەکارهێنانی ژیری و هێزی خودی و خۆیان بۆ دابین کردنی بەختیاری و کامەرانی خەڵکی ترو پێشخستنی کۆمەڵ بەرەو ژیانێکی خۆشتر... بەڵام ئەو ئایینە ستەمکارو خۆسەپێنەکانی تر ناهێڵێ مرۆڤ بیر بکاتەوەو تەنیا پشت ئەبەستێ بە هێزێکی میتافیزیکییەوە هەتا وزەی دادخوازی و ڕاستی پەرستی و خۆشی لە مرۆڤدا ئەکوژێ مرۆڤێکی وا ڕەشبین دەرئەچێ[٤٩].

سەرەڕای ئەوەی هەرچی فرۆید بەرامبەر ئایین ئەیڵێ، مەبەستی خۆحەشاردان و چاوڕاوە لە لاوەکانی موسڵمان و مەسیحی و خەنجەرێکی ژاراوی جوولەکانەیە بۆ قەپرغەی ئێمە، سەرەڕای ئەمانە وا بە چاوی خۆت دیت هەر ئەو بەڵگانەش فرۆید کردبونی بە دێوجامەی ڕاوی گێلە موسڵمان، هەر هەموویان بەدرۆ خرانەوە.. جگە لەوەی بەهەشت گیان لەم وڵاتە ئیسلامییانەی ئێمەدا کافرو ملحد و بێباوەڕی ڕاستەقینە نیە،

---

[٤٩]- الأنثى هي الأصل، د.نوال السعداوي، ل٢١٩-٢٢٠.

هەر بیروباوەڕێکی دوور لە خوا لەم وڵاتانە سەرهەڵدا باوەڕێکی زۆڵەکەو تەمەن کورتە وەکو هەموو نەخۆشییەکی لەش، چەند هۆو کاتێکی تایبەتی یارمەتی پەیدابونی داوە.. ئەگینا ئەگەر بە وردی سەیری سۆزی هەر (ملحد)ێك لەم خوانەناسانەی لای خۆمان بکەیت تارمایی باوەڕو جار جار گەڕانەوەی نیوە ناتەواویان بۆ لای خوا تێدایەو زۆر جار خۆیشیان بە خۆیان نازانن و پێیان نەنگە دەریبڕن.. نموونە زۆر زۆرە و ناژمێررێت.. بەڵام وەکو بیر خستنەوەیەك:

١. باوکی کاك (هیوا)ی هاوڕێمان کاتی خۆی لە (سید صادق) بوو ئەزانی چۆن بوو..؟ پیاوێکی عارەق فرۆش عارەق خۆر و زۆر دوژمنی ئیسلام بوو.. ئەم کاك (هیوا) قوتابی پۆلی سێهەمی ناوەندی بوو . کە ئێستا لە زانکۆیە ـ خوا یارمەتی بدات و سەرکەوتوو بێ . جار جار نوێژی ئەکرد و ئەهات بۆ مزگەوت لە (محاضرە)و خوتبەکانی مامۆستا شارەزووریدا بەشداری ئەکرد.. باوکی پێی زانی بەتیژترین شێوە بەربەستی ئەکرد.. لەماڵەوە هەر کتێب و کاسێتێکی ئیسلامی بەرچاو بکەوتایە لێی ئەسەندو پارچە پارچەی ئەکرد و تا دواجار وای لێکرد هەرگیز نەیئەوێرا لە ماڵەوە بە ئاشکرا نوێژ بکات..

هەر کاتێ بیویستایە نوێژ بکات یان لاپەڕەیەك قورئان بخوێنێ ئەبوایە یان دایکی یان یەکێك لە خوشکەکانی پاسەوانی بونایە نەوەك لەپڕ باوکی بەسەردا بێتەوە.. خۆ ئەگەر ڕاپۆرتی بۆ برۆشتایە کە ئەمڕۆ چاوی بە مامۆستا شارەزووری کەوتووە یان چۆتە مزگەوتەکەوە، ئەوە ئەو شەوە بێشێو سەری ئەنایەوە، سەرەڕای هەندێ شەقکاری.. ئەم کوڕە بەسەزمانە بەم شێوەیە مایەوە هەتا خوای من و تۆ کردی و باوکەی گۆبە (ئیفلیج) کردو دەمی خوارو کەنەفت و کەلەلا.. چەند پزیشك و داودەرمانی بێ سوود چارەی نەکرد... وەکو کوردەکە ئەڵێ (کاتێ دەست بڕا لە هەموو لایە، نۆرەی ڕەحمی حق تعالی یە).. کوڕەکەی بانگ کردو دەستی کردە ملی و سەربەستی نوێژو ڕۆژووی پێ بەخشی.. نەخێر بەمەیشەوە نەوەستا داوای لە کوڕەکەی کرد کە ئەمیش فێری نوێژ بە (جەماعەت) بکەن.. عارەق خواردنەوە هەموو ڕواڵەتێکی خواردنەوە لە ماڵەکەدا گسك دران و پێچرانەوە بۆ هەتا هەتای.. دواجار هاتن بۆ مزگەوت و..

٢. بەهەشت گیان سەرت سوڕ نەمێنێ و واقت گێژ و خول نەخوات کە هونەرمەندێك، چەند دوور لە خواو ئایین بژی، سۆزی ئایینی و هەستی خواپەرستی لەدڵیدا ڕیشەکێش ناکرێ.. ئافرەتێکی هونەرمەند .وەکو خۆیان ئەڵێن ـ کاتێ

باسی ئەو سۆزو هەستە ئەکات ئەڵێ (.. ئای چەند بەیانیان بەدەم بانگی بەیانییەوە لەخەو ڕائەپەڕیم و بەڕووت و قووتی لە باوەشی کابرای نەناسراودا دەرئەچووم و هەڵئەلەرزیم و هەستم بە دەرزی ئاژنین و گاز و پێوەدانی دووپشك ئەکرد لەو شوێنانەی ئەو پیاوە ماچی کردبووم و شەو لە باخەڵیدا مابوومەوە.. بە پەلە ئەڕۆیشتم بۆ گەرماوەکەو لەژێر دووشەکەدا زۆر زۆر ئەمامەوەو هەستم ئەکرد بەوەی نەك تەنیا لەشم پیسە، بەڵکو هەموو خانەیەکی لەشم پیسە...)[٥٠] ئەمە هەستی ئافرەتێکی سۆزانیی دوور لە هەموو ڕواڵەتێکی ئایینیە.

٣. ئێمەی موسڵمان خۆمان بە بەندەو دیلی جنس نازانین و ئایینەکەمان لە ئەنجامی پاڵەپەستۆی جنسەوە دروست نەبووە بەڵکو خۆمان بە (خەلیفە)و جێدار و نیشتەجێی دروستکەرەکەمان (خوا) ئەزانین، ئایینەکەمان پێمان ڕائەگەیەنێ کە هەرگیز خوا مرۆڤی خوێڕی نەکردووە بەڵکو یەکەم مرۆڤ (ئادەم) خۆی پێغەمبەری خوا بووەو دروستکەرەکەی نەخشەی هەڵسوکەوتی بۆ دیاری کردووە.. ئیتر لەو کاتەوە ئێستا بەپێی پێویست خوا پێغەمبەر و فروستادەی ناردووەو لە هەڵەت و لاڕێی ژیان پاراستوونی.

---

[٥٠]- نار تحت الرماد، ص ١٧.

بەهەشت: کاکە گیان ڕات بەرامبەر زانیاری (فینۆمینۆلۆجیای ئایینەکان) چییە..؟

نەوڕەسی: خوشکێ گیان، ئەویش داوێکە لە داوەکانی جوولەکە بۆ لاوەکان، بەناو زانایانی ئەو زانیارییە ئەیانەوێ بە خەڵکی بڵێن پێویستە واز لە ئایین بهێنین چونکە ئایین (هەموو ئایینێک) لە کۆمەڵێ ئەفسانەی پڕووپووچەوە دەستی پێکردووەو ئەفسانەیە، بەڵام ئەمە ڕاست نیە کە ئایینەکان لە ئەفسانەوە هاتبن.. بە پێچەوانەوە هەموو ئایینەکانی ڕاستی لە خواوە دەستی پێکردووەو لە زاناترین زاناو بالاترین سەرچاوە بونەوەرەوە دەستی پێکردووە، بەڵێ زۆرجار بەهۆی دورکەوتنەوەی خەڵکییەوە لەسەرچاوەی ئایینەکەیان تووشی ئەفسانە و بیری پڕووپووچ بون.. ئەوەتە لە شارەزووری خۆمان ئەبینین کە زۆر گێلە موسڵمان ئەڕۆنە سەر زیارەتەڵان و قسن شەخس، دارو بەرد ماچ ئەکەن و داوای کوڕو کچی لێ ئەکەن و (مێلۆ) ئەگرێتەوەو هەرچی تێکەڵاوی ئەبێ بیخوات، زۆرجار (بەڵکو زۆرترین جار) ڕیقنە چۆلەکەی تێئەکەوێ و ئەیخوات.. ئایا ئەمە چۆنە لەگەڵ گیانی ئایینە پیرۆزەکەی ئیسلامدا..؟؟!

سەرەڕای ئەمەیش، بەهەشت گیان، ئەگەر سەیری دەست پێکردن و لەدایك بونی زانیاری پزیشکی بکەین، ئەبینین لە

کۆمەڵێك ئەفسانەو نووشتەو چاو و ڕاوە دەستی پێکردووە. بڕۆ مێژووی زانستی پزیشکی بخوێنەرەوە سەیر ئەکەین، پزیشکی لە سەرەتاوە ئەفسانەیەکی ڕووتی دوور لە هەموو گیانێکی زانیارییە.. جا ڕاستە بڵێین با ئاشبەتاڵ لە زانیاری پزیشکەوانی بهێنین و دەرگای خەستەخانەکان و مەڵبەندەکانی چارەسەری نەخۆشیەکان دابخەین، چونکە لە ئەفسانەوە هاتووە.. لەگەڵ ئەوەیشدا ئایینی پیرۆزی ئیسلامی ئێمە لە کانیاوی قورئان هەڵگیراوە، کە هەموو زانایانی سەر زەوی سەرگەردان و سەراسیمەن و سەری قوتابێتی بۆ ئەخەوێنین، بەهەشت گیان حەز ئەکەم ئەمشەو سەرباسی (الدین والفطرة) لە کتێبی (دراسات في النفس الأنسانية) بخوێنیتەوە[٥١].

ئەمانەو هەزاران نموونەی تری ڕۆژانەی ژیانمان دەری ئەخات کە هەموو دەردێکی ئەم وڵاتە ئیسلامییە خواپەرستانە تەنیا بە گەڕانەوەیان بۆ لای خواو پەیامە بێگەردەکەی خوا چارە ئەکرێ، نەك بە داروینی و فرۆیدو دارو بەرد پەرستیی.. هتد.

---

[٥١]- ل: ٢١١

جنس لە ڕوانگەی فرۆیدییەوە :

بەهەشت: کاکە گیان وا ئەمشەو دێینە سەر فرۆید و سێکس، ئەتوانم بڵێم ناوکرۆك و کاکڵەی فرۆیدیزمەو هەموو توێژینەوەکانی تری فرۆید بە دەوری ئەم مەسەلەدا ئەخولێتەوە.. بەڵام پێش ئەوەی بێیتە سەر باسەکەمان، با بەبێ توێکڵ پێت بڵێم کە (شەرم لە ئاییندا نیە) و ئەبێ زۆر بێ پەردە ئەم مەسەلەم بۆ باس بکەیت.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕێگا لە موسڵمان (چ ژن چ پیاو) ناگرێت کە ڕۆشنبیری جنسیان هەبێ بەڵکو بە پێچەوانەوە کتێبە (فیقهی)یەکانی خۆمان پڕ بە پڕی پێستی خۆی باسی مەسەلەی جنسیان کردەوەو خستوویانەتە بەر نەشتەری توێژینەوە.. ئەوەتە دایکی موسڵمانان (عائیشە خاتوون ـ خوا لیّی ڕازی بێت) زۆر جار ئەیفەرموو (ڕەحمەتی خوا لە ژنە یاریدەدەرە مەدینەییەکان . الأنصا رـ کە بەبێ شەرم و شکۆ هەموو پرسیارێکی خۆیان لە پێغەمبەری خوا ئەکەن..) سەرەڕای ئەمانە، کە سەیری قورئانی پیرۆزیش ئەکەین لە زۆر جێگادا باسی کێشەی جنسی و مەسەلەی جنسی ئەکات، خۆ ئەگەر هەندێ کەس وا تێنەگەن . یان وایان تێگەیاندوون ـ ئایین کۆسپە لەڕێی ڕۆشنبیری جنسی دا، وانیە بۆ هەر ئایینێکی تر

وا بێ بۆ ئیسلام هەر وانییە.. چونکە (لە کاتێکدا کە مرۆڤ هیچ شارەزاییەکی نەبووە لە زانستی و زانیارییەکانی فسیۆلۆجی و بایۆلۆجیدا، قورئان، پێش چواردە سەدە دەستنیشانی مەسەلە جنسییەکانی مرۆڤی کردووەو وەکو بەشێکی گرنگی ژیانی ئادەمیزاد سنوور و ڕێڕەوی خۆی بۆ دیاری کردووە[٥٢]

جا بۆیە داوات لێ ئەکەم تۆیش بەڕوونی و بێ گێژ و خول بۆم باس بکەی..

نەوڕەسی: بە چاوان بەهەشت گیان، شەرمی ناوێ.. چونکە مەسەلەکە مەسەلەیەکی زانستی ڕووتە و مەبەستمان ڕوون کردنەوەیە وشەی جنس (سێکس. Sex) لە بنچینەدا وشەیەکی لاتینیە، مانای بەشکردن و لەت کردن ئەبەخشێ، وە مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤایەتی ئەکاتە دوو بەش، نێرو مێ، ژن و پیاو، کوڕو کچ[٥٣]. بەڵام جنس وەکو تێکەڵ بونی پیاو لەگەڵ ئافرەت (نێرو مێی مرۆڤ) لە سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتیدا لاسەنگ بووە. جاری وا هەیە . لە لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێ و جێگای نزیکو دوورەکانی سەر زەوی دا ـ ئەوەندە (بەن)ی بۆ شل کراوە لە سنووری ئادەمیزادان دەرچووەو کۆمەڵگەیەکی

٥٢- دراسات في الكتاب المقدسة في ضوء المعارف الحديثة، ص٢٣٤.

٥٣- دراسات في علم النفس، ل٩٨.

ئاژەڵی و دوور لە خووڕەوشتی مرۆڤایەتی دروست بووە.. .
جارێکی تر ئەوەندە توند جنسیان سەرکوت و خەفە کردووە لە وزەی مرۆڤایەتی دەرکراوە بۆ فریشتەیەکی ڕووت و گیانەوەرێکی گیانی. جا ئێستا پێش ئەوەی باسی هەڵوێستی ئایینی ئیسلام و ئایینەکانی ترت بۆ بکەم، لە ڕوانگەی فرۆیدیەوە سەرێکی جنس دەکەین.

وەکو خۆت لە پێشەوە وتت، فرۆید هەموو ژیانی بۆ جنسبازی تەرخان کردبوو، وەکو بڵێیت فرۆید تەنیا بۆ ئەوە دروست کراوەو ئەوەی پێی سپێرراوە کە مرۆڤ بکاتە گیاندارێکی جنسی ڕووت و لە هەموو ڕواڵەتێکی تری ئادەمی ڕووتی بکاتەوە، جنس لە ڕووانگەی فرۆیدییەوە لەم خاڵانەی خوارەوەدا بەدی ئەکەین:

١. فرۆید لای وایە (جنس) تەنیا ئەوە نیە کە ئێمە ئەیزانین و ئەیناسین، بەڵکو (جنس) خولگە (مدار)ی هەموو هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەو تەنانەت وزەی مرۆڤەو سەروبەری ژیانی ئەم ئادەمیزادەی داپۆشیوە ئەڵێ، چیرۆکی کوشتنی باوکە (خەیاڵیە)کە لەلایەن مناڵەکانەوە بەڵگەیە بۆ ئەوەی هەموو بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ بیرکردنەوەیەکی جنسیە و هەڵپەی جنسییە، بەڵام پاش کوشتنی باوکەکە بۆیان دەرکەوت کە ئەبێ

یەکتری قەلاچۆ بکەن بۆیە چاریان نەما جگە لە خەفەکردنی جنسەکەیان نەبێ و خەفەیان کرد. [54] لای فرۆید (پاڵەپەستۆی ڕابواردن و جنس و وێرانکاری جڵەو دەستی مرۆڤە و خۆی خاوەنی خۆی نیە)[55] هەتا ئەڵێ (نمونەی داهێنانی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری، هەموویان لە وزەی جنسیەوە سەرچاوە هەڵ دەگرن و غەریزەی جنسی سەرکردەو ڕابەرایەتی مرۆڤ دەکات)[56].

لای فرۆیدیزم ئەدەب، ئاوێنەی ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵ نیە و پەیوەندی بە دەردەکانی کۆمەڵەوە نیە بەڵکو (٩٩٪ کتێبە ئەدەبیەکانمان دڵداری و جنسە)[57].

٢. لای فرۆید جنس لە یەکەمین ڕۆژی لەدایك بونی مرۆڤەوە و لە یەکەمین ڕۆژی هەست کردنی بە برسێتی ورگی، هەستیش ئەکا بە برسێتی (جنسی)و لای وایە کاتێ منداڵ (کوڕپە و ساوا) مەمکی دایکی ئەمژێ بە ئارەزوویەکی جنسییەوە ئەیمژێت، وەکو برسێتی سکی بە شیرەکە ئەشکێنێ[58]) و (کاتێ منداڵ خۆی

---

[54]- نظرية فرويد، الفلاحي، ص:٩.

[55]- گۆڤاری (العربي) کوێتی ژمارە (٢٦٧)، ل (١٤٨).

[56]- ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل٢٧٤

[57]- أسرار النفس، ص ٧٥.

[58]- الأنسان بين المادية والأسلام، ص٢١٢.

ئەلکێنێ بە سنگی دایکییەوە ئەو خۆ نوساندنە پاڵەپەستۆیەکی جنسیە[٥٩]) ئیتر سۆزی دایك و فرزەندی . لای فرۆید ـ شتێکی دوور لە زانیارییە (ماشاء الله لەم زانیارییە).

.. منـاڵ لـە دەسـت مژینـەوە فێـری مـەمك ئـەبێ، دەسـت مژینەکەیشی بۆ پڕکردنەوەی برسێتی جنسییە)و مناڵ کە خۆی ئـەخورێنێ، جنسـە[٦٠] لای فرۆیـدیزم (گیانـداران لەبەرئـەوە دەنگدارن و دەنگیان هەیە بۆ ئەوەی نێرینەکانیان مێینەکانیان وە مێینەکانیان نێرەکانیان ڕاکێشن بۆ لای یەکتر.. لەو هەستەوە دەنگ و زمان پەیدا بوو)[٦١].

٢. لای فرۆیـد منـاڵ (کوڕ) ئەچێ لـە دایکـی و حـەزی لێ ئـەکات، دوایـی سـەیر ئـەکات بـاوکی وەکـو کێوێـك بـەری ئـەو حـەزە (جنسیە)ی گرتووە، ئەو کوڕە هەژارە . ناچار حەزەکەی خەفە و سـەرکوت ئـەکات و تـا دواجـار تووشـی نەخۆشـی گرێکـوێرەی (ئۆدیب) ئەبێ (!!!) هەروەها (کچ) حەزی جنسـی و ڕابواردن لـە بـاوکی ئـەکات، کەچـی دایکـی وەکـو (شـەمڵی شـەڕ) بقڤـەی پـێ ڕائەگەیـەنێ و قەدەغـەی حەزەکـەی ئـەکات بـاوکی (ئـەو کچـە

---

[٥٩]- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

[٦٠]- الجنس عند فروید، ص٧٠-٧٣.

[٦١]- اسرار النفس، ص١٨.

هەژارە) داگیر ئەکات (تەنیا) بۆ خۆی.. هەرچەندە کچەکە حەز ئەکا وەکو ژن و مێرد لەگەڵ باوکیدا گەمەو گاڵتە بکات.. دایکە (کۆسپە)کەی سەرکوتی ئەکات ناچار حەزەکەی خەفە ئەکات، تا لە دواییدا تووشی (نەخۆشی) گرێی (ئەلێکترا)ی دەروونی ئەبێ.. ئیتر ئەم گرێ کوێرانە بونە هۆی ئەوەی مرۆڤ ئایین و ویژدان و ڕەوشت و نەریت و هەموو ڕەوشت بەرزییەك لە ژیانداو سەرانسەری مێژوویی دوورو درێژی مرۆڤایەتی لە ناچاری دروست بکات[62] فرۆیدیزم ئەڵێ (وا چاکە باوك و دایك زۆر لەگەڵ کوڕو کچەکانیان یاری و گەمە نەکەن چونکە ئەبێتە هۆی زوو ڕەس و زوو پێگەیشتنی غەریزەی جنسییان[63].

٤. فرۆید ئەڵێ[64] وەنەبێ تەنیا منال (کوڕ حەز لە دایکی و کچ لە باوکی) حەزی جنسی هەبێ، بەڵکو زۆرجار دایك (یش) بە هەستێکی جنسییەوە سەیری منالە (کوڕ)ەکەی ئەکات، و ئەیلکێنێ بە سنگییەوە ختوکەی ئەدات، بە ئاشکرا هەستێکی جنسی لە دایکەکەدا. ئەوە کوڕەکە هیچ کە لە جیهانێکی جنسی ڕووتدا دەژی. دەرئەکەوێت).

---

[62] – التطور والثبات في حياة البشرية، ص٤٨.

[63] – الجنس عند فرويد، ١٢٣.

[64] – سەرچاوەی پێشوو ل١٢٢ وە سەیری گۆڤاری کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا ٣٢، سالی ١٩٨٢، ل٢٦٦–٢٧٢ بکە.

بەهەشت: بۆ خاتری خوا ئەمەیە (زانیارییەکەی فرۆید و بەم زانستە جوانەوە (بۆتە پێشەوای زاناکانی جیهان) وەکو جاش جووەکانی لای خۆمان ئەڵێین.

نەوڕەسی: ئەی چاوەڕێی چی ئەکەیت لە جوو و جاش جوو..؟

٥. جا بەهەشت گیان لای فرۆیدیزم ئەو حەزە جنسییە بە گەورە بونی منداڵەکە لەیاد ناچێتەوە بەڵکو (کچ زیاتر حەز لە کوڕێك ئەکات کە لە دایکی بچێت.. چونکە وێنەی یەکەم دڵداریان - باوك بۆ کچ و دایك بۆ کوڕ - لە یادناچێتەوەو هەوڵ ئەدا ئەو هیوایەی بێتەدی یان لەو وێنەیە نزیك ببێتەوە..)[٦٥].

٦. بەهەشت گیان .فرۆید ـ وەکو هیچ نرخێکی بۆ مرۆڤ نەهێشتووە هەروەها کاری مرۆڤانەو چاکەکردن و دەستگرۆیی هەژاران و یارمەتی برای هاو ئایین و هاونیشتمان و هاو مرۆڤ بە نەخۆشی دەروونی ئەداتە قەڵەم.

بەهەشت: چۆن!؟!

نەوڕەسی: فرۆید ئەڵێ[٦٦] (کاتێ ئەبینی یەکێك یارمەتی هەژارێك ئەدات و پارەی ئەداتێ) ئەمە لەبەر خواو ئایین و ئەو جۆرە شتانە نییە بەڵکو ئەو کابرایە کاتێ ئەو هەژارە ئەبینێ

---

[٦٥] – اسرار النفس: ١٣٧.

[٦٦] – تطور العلاقات الجنسية بين الرجل والمراة، ص٣١٥.

هەست بە جۆرە ئازارێکی دەروونی ئەکات، جا بۆ شکاندنی ئەو ئازارەو پشووردانێکی دەروونی یارمەتی ئەو هەژارە ئەدات، ئەویش جۆرێکە لە نەخۆشی حەز لەخۆکردن..

بەهەشت: حەز لەخۆکردن..؟!

نەورەسی: بەڵێ بەهەشت گیان ژیان لای فرۆید هەموو حەزی جنسە، حەز لەخۆکردن، حەز لە دایك و باوك، حەز لە هەموو شتێك تەنانەت حەز لە سەگ و بەرازیش.. بەهەشت گیان، بنچینەی هەموو تیۆری فرۆید و- هەموو مادییەکان و جاش جوویەک ئەفسانەیە.. لە ئەفسانەی کۆنی - گریکەکان - یۆنانی کۆن - ئەغریق - ئەگێڕنەوە کە گوایە شوانێکی لاوی پێکەوتووی جوان و شێوە شیرین کە ناوی (نارسیس) بووە، جارێك لە ڕۆخی چەمێکدا بەسەر گاڵۆکەکەیەوە سەر شۆڕ ئەکاتەوە بۆ ئاوەکەو و ڕواڵەت و دەم و چاوی خۆی تێدا - لە ئاوەکەدا- بەدی ئەکات و دڵی لەخۆی ئەچێ و حەزێکی (جنسی) لە خۆی ئەکات.. جا هەموو ڕواڵەتێکی حەز لەخۆکردن بە نەخۆشییەکی دەروونی ناو ئەبەن و پێی ئەڵێن (نارسیزم = Narcissism = النرجسية = عشق الذات) بەناوی ئەو شوانە یۆنانییەوە)[٦٧] ئیتر خێرو پاداشتی لای خوایی نییە، بەڵکو ئەو کابرا (نارسییزم) بووە.

٦٧- هەر ئەو سەرچاوە و لاپەڕە.

٧. لای فرۆیدیزم ـ ڕۆژئاوا بەگشتی ـ جنس هیچ پەیوەندییەکی نیە بە ڕەوشتەوە.. کابرای شەڕواڵ پیس، یان ژنەی داوێن پیس و سۆزانی پێی ناوترێ بەدڕەوشت چونکە (مەسەلەی جنسی مەسەلەیەکی بایۆلۆجی ڕووتە)[٦٨].

٨. لای فرۆید، شارستانیەتی ئەمڕۆی سەرزەوی لە ئەنجامی خەفە کردنی جنسی و سەرکوت کردنی ئارەزوو دروست بووە[٦٩].

بەکورتی بەهەشت گیان ـ ئەم فرۆید ـ ە بە شێوەیەك مرۆڤی جنس پێچ کردووە، هیچ گۆشەیەکی ژیانی ئەم مرۆڤە نیە بەئارەزووی جنسی و سێکسی تەیمان نەکرابێ و چەپەری فرۆیدی بەربەستی هەموو تروسکاییەکی ڕەوشتی نەکردبێ.

بەهەشت: باشە ئەگەر ئەمە هەموو زانیاری و فەلسەفەو زانایی دەروونناسی و شیتەڵ کردنی دەروونییەکەی فرۆیدە.. چۆن ئەو خەڵکەی ئەوروپای بۆ بەنگ کێش کراو دەرپێی ئابڕو و شەرەفی لە لنگ داماڵین و چۆن توانی ئەوە بکات کە کردی..؟

نەوڕەسی: بەهەشت گیان هۆی پەرەسەندنی ئەم بیرە زۆر کۆنە ئاژەڵییەی فرۆید چەند شتێك بوو:

---

[٦٨] – محاضرة (الأسلام والحضارة الغربية حەج ی ١٣٩٩ی کۆلە (سعوديە).

[٦٩] – الأنسان بين المادية والأسلام، ص٢١٢.

١. ئه‌گه‌ر كتێبی (پروتوكولات حكماء صهیون)ت خوێندۆته‌وه‌و دێته‌وه یادت به‌ندێكی سه‌ربه‌خۆی له‌سه‌ر فرۆید ئه‌ڕوات و سوپاسی ئه‌كات، هه‌تا له دواییدا ئه‌ڵێ (پێویسته به‌شێوه‌یه‌ك ڕه‌وشت و ئایین له‌پێش چاو لاوه‌كانی ئومه‌می (گه‌لانی سه‌ر زه‌وی جگه له جووله‌كه) سووك بكه‌ین نه‌هێڵین هیچ شتێكی پیرۆز به پیرۆزی له‌پێش چاویان بمێنێ و كارێكی وایان پێبكه‌ین له‌به‌رچاوی خه‌ڵكی به ڕۆژی نیوه‌ڕۆ و له جێگا گشتیه‌كاندا كوڕ و كچ سواری یه‌كتری بن و شه‌رم نه‌مێنێ).

كه‌واته . وه‌كو له پێشه‌وه باشتر بۆت ده‌ركه‌وت . فرۆید كادێرێكی دڵسۆزو كاسه‌لێسی زایۆنی جیهانییه و به هه‌موو هێزێكی پشتیوانی ئه‌كه‌ن به‌ڵكو خۆیان به خاوه‌نی ڕاكانی فرۆید ئه‌زانن و پشتگیری . ئه‌كه‌ن.. خۆ ئه‌و كاته . به‌ڵكو ئێستایش . بۆرجواز و كه‌ڵه ده‌وڵه‌مه‌نده‌كانی ئه‌ورووپاو خاوه‌نی ده‌زگا چاپه‌مه‌نییه‌كان و سالۆنی سینه‌ماكان و ده‌ركردنی فیلمه‌كان و هتد.. هه‌موویان جووله‌كه بون و جووله‌كه‌ن.. جا هه‌ر وته‌یه‌ك و نه‌خشه‌یه‌كی ڕوخاندنی ڕه‌وشت له ده‌می فرۆید ده‌ربچووایه هه‌موو ئامێره‌كانی ڕاگه‌یاندنی ئه‌ورووپا خه‌ریكی چه‌سپاندن و پراكتیكی بون و ئه‌یانسه‌پاند به‌سه‌ر كۆمه‌ڵگادا.

٢. لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللای کە جوولەکە ئەیدا بۆ چەسپاندنی ڕاکانی فرۆید کەچی ئەو ڕەنگەی کە جوولەکە ئەیویست نەیدایەوە، هەتا لەکاتی فرۆید خۆیدا جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤ـ ١٩١٨) ڕوویداو ئەمەیش هەلێکی زێڕین بوو دەستی جوولەکە کەوت.. بەهەشت گیان سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کاتێك ڕێژەی ئافرەت کەمترە لەپیاو و بەپێی سەرژمێری و لێکۆڵینەوەی پزیشکەکان و پسپۆڕانی سەرژمێریار هەموو کاتێك ڕێژەی لەدایك بونی کوڕ لەچاو لەدایکبونی کچدا بریتیە لە ١٠٦٪ بە ١٠٠٪ی کچ واتە ئەگەر ١٠٠ کچ لەدایك بن، ١٠٦ کوڕ لەدایك ئەبن[٧٠]، بۆ نموونە عێراق لە سەرژمێرییەکەی ساڵی ١٩٦٥دا کە دانیشتوانی عێراق بریتی بوو ٨,٢٦١,٥٢٧ کەس، ڕێژەی پیاو لەچاو ئافرەتدا بریتی بوو لە (١٠٢٪ بە ٩٨٪) واتە هەر (٩٨) ئافرەتی عێراقی بەرامبەر بون بە (١٠٢) پیاوی عێراقی جا سەرەڕای ئەم ڕێژە گەورەیە کە خوا خۆی دروستی کردووە. چونکە ئەزانێ ئەرکی ژیان و پاراستنی نیشتمان و قوربانی بەسەر شانی پیاوانەوەیە. سەرەڕای ئەم ڕێژە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا زیاتر لە دە ملیۆن گەنج کوژران و سەرنگوم بون (دە ملیۆن بۆ ئەو کاتە زۆر بوو) ئافرەتێکی زۆری ئەورووپی بێ

---

[٧٠]– دراسات في علم النفس، ص٩٩.

مێردو بێ پیاو بوو بێ ئەوەی بتوانێ مێردێکی دەستکەوێ یان بتوانێ لە ڕووی ڕەوشت و ئاینێکەوە برسێتی جنسی تێر بکات خۆ ئایینی مەسیحییە کارتۆنەکەی ئەوروپایش، دەرگای یەك ژنە زیاتر (دوو ژنە)ی لەسەر پیاوان داخستبوو، جوولەکە هەلێکی زێڕینی دەست کەوت.. ئەویش ئەوە بوو بە فیلمی سینەمایی جنسی ئەو ئاگرە جنسییەی ئافرەتە. هەلاتووەکانی ئەوروپا لە دەستی کەنیسەو هەموو ئایینێك - خۆش کردو ئافرەتی ئەوروپا بووە بووکەشوشەی دەستی جوولەکە.. چۆنی ڕووت بکردایەو چۆن لەژێر نەخشەی فرۆید و دوژمنەکانی تری ڕەوشتدا هەڵی بسوڕاندایەو بیکردایەتە ئامێرێکی ڕابواردن و جنس، ئافرەت خاوەنی خۆی نەبوو..

جوو، قۆڵی ڕەوشت ڕووخاندنی لێهەڵماڵی.. تیۆرەکانی فرۆید لە چوارچێوەی توێژینەوەی سایکۆلۆجی دەرچوون، خرانەکار بۆ گەڕانەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ ئاژەڵێکی ڕووت و زۆر برسی بۆ جنس، تا لە ئەنجامدا فرۆید - ڕاستتر بڵێین جوولەکە توانی ڕەوشت و ئایین و هەموو شتێکی پیرۆز لە دڵی لاواندا ڕیشەکێش بکات.. لەم کاتەدا چەند قوتابخانەیەکی فیکری و هونەری و ئەدەبی دروست بوو بۆ زیاتر کردنی کڵپەی ئەو ئاگرە جنسییە هەر هەموو ئەو قوتابخانانە داوای شکاندنی

هەموو کۆتێکی ڕەوشت و ئاییینیان ئەکردو، داوایان ئەکرد کاری جنسی بە ئاشکرا بکرێ و پێویست بە شاردنەوە ناکات.

بۆ ئەم مەبەستە بە دەیان چیرۆکی جنسی نووسرا، بە سەدان شانۆگەری جنسی ، ڕووت لەوپەڕی بەرەڵڵاییدا پیشان درا.. هۆنراوەو وێنەو تەنانەت مۆسیقاو ڕۆژنامەکان خرانە کار بۆ دەرخستنی مەسەلە جنسیەکان و چڕکردنی تیشك لەسەر کاری جنسی.. چەندان نووسەری تایبەتی دانران بۆ دانان و نووسینی مەسەلە جنسییەکان و نەشە وەرگرتنی خوێنەران بە خوێندنەوەی وەکو (د.ه. لۆرنس) و دەیانی تر[71]..

هەموو ئەدەب و ڕۆژنامەو گۆڤارو سینەماو دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئەورووپا (یان بڵێین ئەورووپایی ژێر چەپۆکەی فیکری جوولەکە) خەریکی ئەوە بون باسی چوونە سەر جێگای ژن و پیاوێك بەڕووتی و شێوەی ڕابواردنی جنسییان و چۆنێتی یەکتر لێستنەوەو هتد.. بکەن خۆ کامێرای سینەمایش بە شریتە گۆیاکەرە بە هونەری چیرۆك، هونەری دەرهێنان، هونەری وێنە، هونەری مۆسیقا، هونەری گۆرانی و ئاوازو هتد.. هەمووی خرابووە کار بۆ پیشاندانی ئەو ژن و پیاوە ڕووتەی سەرجێگا ڕووت و قوت لەبەردەم گلۆپێکی سفر، لەپێش چاوی هەزاران

---

[71] - معركة التقاليد، ص٣٤-٣٩.

(بەڵکو ملیۆنەها) ئافرەتی برسی بۆ مێرد، یان لاوی نێو ئەم هەموو ئافرەتە برسییانە.

٣. ئا لەم تاریکە شەوانەی مێژوودا تەنیا ئایینە ئەتوانێ ببێتە چرایەك و ڕێگای ڕاستی مرۆڤایەتی و ڕەوشت پەسەندی بۆ مرۆڤی سەرلێشێواو دەستنیشان بکات.. ئەورووپا ـ ئێستایش ـ کاسی لێدانە موسڵمانانە و مەردانەکەی صلاح الدینی ئەیوبی و جەنگە خاچەکان لە سەریاندا مابوو دەنگی ڕزگاری خوازی موسڵمانانیان نە ئەبیست، جگە لەوەی موسڵمانەکان خۆیان لە چەند لایەکی ترەوە لێیان قەوما بوو دوور کەوتبونەوە لە سەرچاوە ئایینەکەیانەوەو مامۆستایەتی کەسیان پێ نەئەکرا. ئەمە ئیسلام.. خۆ مەسیحیش ـ یان ڕاستتر بڵێین قەشەو پاپا پەرستەکان. هەڵوێستی نامەردییان بووە سەر باری ئەو هەموو بارە.

بەهەشت گیان وەکو لە پێشەوە وتمان کوژرانی ئەو هەموو لاوەو بێوەژن کەوتنی ئەو هەموو ئافرەتانەی ئەورووپا. تەنانەت کچەکانیش بێوە کچ بون، مێردیان دەست نەئەکەوت. ئایینی مەسیحی ـ بەناو ـ ئایینی ئەورووپای ئەو کاتە بوو، نەیئەتوانی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات و بەربەستی ئەو هەموو پیلانەی جوولەکە بگرێت و برسێتی جنسیان بشکێنێ چونکە:

أ. سەرچاوەی ئایینی مەسیحی کە ئینجیلە خەڵکی هان نادات بۆ ژن و ژنخوازی بەڵکو بە پێچەوانەوە ژن هێنان لای خەڵکی لیخن ئەکات و ناشیرینی ئەکات ـ بە پێچەوانەی ئیسلامەوە. ئەوەتە ئینجیل لە نامەکەی (پۆڵس) پێغەمبەری یەکەم کە بۆ خەڵکی (کۆرینتۆس)ی نووسیوە ئەڵێ[72]

(.. ئەمەوێ ئێوە دوور لە پەژارە بن.. پیاوی بێ ژن بیر لەوە ئەکاتەوە چۆن خوا لە خۆی ڕازی بکات . بەڵام ژندار لەم جیهانەدا هەر بیر لەوە ئەکاتەوە چۆن ژنەکەی لەخۆی ڕازی بکات.. خۆ جیاوازییەکی گەورەیش هەیە لەنێوان کچ و ژندا.. کچ . ئافرەتی بێ مێرد. هەر بیر لە خوا ئەکاتەوە ئەیەوێ بە پاکی گیانی و لاشەیی بمێنێتەوە، بەڵام ژنی شوودار بە ژیانییدا هەر بیری لای ئەوەیە چۆن مێردەکەی لەخۆی ڕازی بکات..).

هەر لەو (اصحاحە دا ژمارە: ٧) ئەڵێ (تۆ کە دووریت لە ژن، نەکەی ژن بێنی، خۆ ئەگەر ژنت هێنا نەکەویتە هەڵەوە، کچ بێنی چاکترە، بەڵام ئەوانەی ئەپێچرێن بە ژن و ژنخوازییەوە لە تەنگەلانی لاشەدا ئەژین، من بەزەییم پیایاندا دێتەوە، وە ئەڵێ (ئەڵێم بەوانەی ژنیان نەهێناوە یان بێوەژن و بێوەپیاون بۆ

---

[72] – الكتاب المقدس، العهد الجديد، ص٢٧٥-٢٧٦.

خۆیان وا چاکه بەو شێوەیە بمێننەوەو وەکو من..) . ئەمە ئینجیلەو سەرچاوەی ئایینی مەسیحییە.

ب. وتەی قەشەو پاپاو پیاوانی ئایینی مەسیحی دەربارەی ناشرین کردن و سووککردنی ژن هێنان و شووکردن زۆر زۆرە بەلأم سەرجەمی هەمووی ئەوەیە کە پاپا (چۆم کرسۆستم) (Johm Crusostom) ئەلێ[٧٣] (بەڕاستی ژن شەڕەو یەخەی پیاو ئەگرێ و چارەسەری نییە، ئافرەت دەستخەڕۆییەکی سروشتییە، ئافرەت بەلأیەکە حەزی لێ ئەکرێ، ئەفسانەیەکی کوشندەیەو تاوانێکی ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگە..). ئەگەر ئایینێك و بەرنامەیەکی ژیانی مرۆڤان لەم ڕوانگەوە سەیری ژن و مێردی بکات، چۆن ئەتوانێ ئەورووپا لەو قوڕە ڕەشە دەربهێنێ.

ج . ئەتوانین بڵێین کاتی هاتنی ئایینی جوولەکە مرۆڤایەتی لە دەوری منالیدا ئەژیاو لەکاتی هاتنی ئایینی مەسیحیدا مرۆڤایەتی لە دەوری لاوێتی و دەوری بالغ بوندا ئەژیا، بەلأم کاتی هاتنی ئاینی ئیسلام مرۆڤایەتی گەیشتە پلەی ژیری و پێگەیشتن و لەشت گەیشتن و دانانی هەر شتە لە جێگای خۆیدا.. کەواتە جێی خۆیەتی کە ئایینی جوولەکە هەر لە سەرەتای هاتنیەوە وەکو بەرنامەیەکی ماددی وڕك گرتن لە شتی

٧٣- تطور العلاقات الجنسية بين الرجل والمراة، ص١٣٢.

نەوسنی پشتگوێ خستنی یادی ڕۆژی پاداشت هات، بۆیە لە ئەنجامی ئەم پەروەرەییە مادییانەوە گەلی جوولەکە گەلێکی چاو برسی و چڵێسی و ڕۆچوو لە ماددیەتییان لێ دەرچوو، خواو ڕۆژی پاداشتیان لەیاد چووە.. جا بۆ ڕاست کردنەوەی ئەم بارە لارەی مرۆڤایەتییە و دانانی هاوکێشێك و پارسەنگێك بۆ لایەنی گیانی مرۆڤ، خوا ئایینی مەسیحی نارد، بەڵام کاربەدەستانی ئایینەکە بەهێز پاڵیان نا بە بارەکەوە دیسان بەودیوواو بەلای گیاندا لاسەنگیان کردو مرۆڤیان لە هەموو غەریزەو داخوازییەکی لاشەیی سڕییەوەو وەکو فریشتە سەیریان ئەکرد.. تەنانەت عیسا پێغەمبەر (سەلامی خوای لێبێت) ئەفەرمووێ (ئەگەر چاوت ویستی تووشی گوناهێکت بکات . سەیری ئافرەتێك بکات ـ خۆت بە دەستی خۆت دەریبهێنە، چونکە پارچەیە لە لاشەت لەکیس بچێ و فڕێی بدەیت چاکترە لەوەی هەموو لاشەت و گیانت لەدەست بچێ و بڕۆیتە دۆزەخەوە..)[٧٤] وە ئەفەرمووێ (هەر کەسێ بەهەشتی ئەوێ و ئەیەوێ بەهەشتی بێ، نانی جۆو خەوتنی سەر سەرەلوێنك لەگەڵ سەگاندا، زۆرە..)[٧٥] لە ئایینی مەسیحیدا ڕێگای چوونە بەهەشت نانی جۆ

---

[٧٤]- الأنسان بين المادية والأسلام، ص١٠.

[٧٥]- من يطلب الفردوس فخبز الشعير والنسوم في المزابل مع الكلاب كثير....

خواردن و دەست کردنە ملی سەگ و خەوتنی سەر زبڵدان و سەرەلوێنکە.. بۆیە پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لەسەربێت) لە ژیانیدا خێزانی نەبوو ژنی نەهێنا.. پیاوە گەورەکانی ئایینی مەسیحی زۆرتریان بە بوخچەی نەکراوەیی ماونەتەوە..

د. ئایینی مەسیحی هەموو لاوەکانی ئەورووپیان بە کۆمەڵێ ترس پێچابووەوە نەیانئەوێرا هەناسە هەڵێنن، ترسی خوا، ترسی پاپا، ترسی باوك، ترسی شەرەف، ترسی لۆمەی کۆمەڵگا، ترسی، ترسی، ترسی.. ئەم هەموو ترسە سواری ملی بوو بوون.. ئەم ترسانە هەموویان بە یەکجار و بەشێوەیەکی (هەستیری) شکان و نە مەسیحی و نە هیچ بیروباوەڕو ئایینێك بەرگەی نەگرت، کاتی خۆی ئایینی مەسیحی لە ئەورووپا ئەوەندە پیرۆز بوو پیاو نەیئەوێرا دەمی لێکۆڵینەوەیشی بۆ درێژ بکات، جنس و مەسەلەی جنسی ئەوەندە ناشیرین و قێزەون بوو خەڵکی لەناوبردن و لێکۆڵینەوەیشی ئەسڵەمینەوە و شەرمەزاری ئەیانگرت.. دوای ئەم لافاوە قەوانەکە هەڵیگێڕایەوە پیرۆزی ئایین درا بە جنس و لێکۆڵینەوەی جنسی و ڕووە ناشیرینەکەی جنس درا بە ئایین.. ئایین کاتی خۆی ئەوەندە پیرۆز بوو، ئەو کەسانەیش خەریکی کارو بانگەوازی ئایینی بون پیرۆز بون.. سێکس ئەوەندە بێڕێز و سووك بوو ئەوانیش لەسەر مەسەلەی

جنسیان بنوسیایە لەناو کۆمەڵدا بەچاوێکی سووك و بێ نرخ سەیر ئەکران..

بەڵام دواجار هەر ئەم کۆمەڵگایە ئەو ڕێزو نرخەیان لەبەری کۆمەڵی یەکەم داکەندو کردیانە بەری ئەمانەوە.

بەهەشت گیان هۆی سەرنەکەوتنی پیاوانی ئایینی مەسیحی لە بانگەوازەکەیاندا ئەوە بوو.. ئەوەی لە خەڵکیان داوا ئەکرد خۆیان نەیان ئەکرد.. ئەو هەموو خۆپیشاندانەی خۆیان پێ ئەنواند، کە گوایە داوێن پاکن و دوورن لە مەسەلەی جنسی (حەلاڵ و حەرام) و بێز لە ئافرەت ئەکەنەوە، کەچی لە کردەوەی ژێرییاندا بەو شێوەیە نەبون با گوێ لە چیرۆکنووسی ئیتالی (بۆکاشیۆ ١٣١٣. ١٣٧٥ی زایینی) بگرین کە چیرۆکەکانی بریتی بوو لە ڕەنگدانەوەی چۆنێتی ژیانی ئەو کاتەی ئەورووپا بەگشتی و ئیتاڵیان بەتایبەتی و باس و ڕازو نیازی هەموو چینە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای ئەو کتێبەدا ئەڵێ (پیاوێك وێڵی داوێن پاکی بوو بوو لە ئەورووپای ئەو کاتەدا بیری لەوە کردەوە کە بڕوات بۆ شاری (ڕۆما) ڕەنگە بەهۆی زۆری پاپاو پیاوانی ئایینی مەسیحی و زۆری ئامۆژگاری ئایینی لەو شارەدا ڕێژەی بەرەڵڵایی و داوێن پیسی کەم بوو بێتەوە و ڕەوشتی تێدا مابێ.. ئەو پیاوە هەژارە بەو هەموو هیوایەوە هات بۆ ڕۆما.. بەڵام کە

هات چی دی..بیستی (ڕۆما) لە هەموو جێگایەك زیاتر پەرپووتەو هەتا بینە قاقای لە لیتەی داوێن پیسیدا چەقیوە.. لە هەمووی سەیرتر ئەوە بوو، پیاوانی ئایینی هەر لە پاپاو زاناکانی تری مەسیحی زیاتر لە خەڵکی ڕەشۆکی هەتا بناگوێیان لە داوێن پیسیدا تێ ناوە، .بۆکاشیۆ ئەڵێ (ئەم پێشەوا ئایینیانە تەنیا بە مێبازی و ڕابواردن لەگەڵ ئافرەتدا نەوەستان بەڵکو هەتیوبازی و نێربازی و لەکاری جنسی نائاسایی درێغییان نەبوو.. بۆ ئەوەی شەرمێك لە خواو پۆیەك لە پلەوپایەی ئایینی و کۆیەك لە پرسینەوەی ویژدان بکەن..).

بەهەشت گیان پاپاکانی ڕۆما لە پلەیەکی بەرزان و لە دڵی گاورەکانی جیهاندا جێگایەکی تایبەتیان هەیە.. ئەمە لە لایەکەوە لە لایەکی ترەوە خاوەنی ئەم نوسینە ئەورووپی و لە خۆیانە، سەرەڕای ئەمانەیش ئەم نووسینە نووسینی کاتی سەردەمی ڕاپەڕین (عصر النهضة) نیە هەتا بڵێین داخ لە دڵی کەنیسە بووە. بەڵکو نووسینی کاتی ئەوپەڕی دەسەڵاتی مەسیحییە لە ئەورووپادا.

بەهەشت: کاکە گیان وابزانم یەکێك لە هۆکانی هەڵگیرساندنی شۆڕشە ئایینیەکەی (مارتن لوثەر) ئەم هەڵوێستە نامەردانەی پاپاکانی ڕۆما بوو..؟

نەوڕەسی: لوثهر (Luther) خواپەرست و ڕاست و چارەسەرکەرو دڵسۆزی ئاینی مەسیحی بوو، کاتێ سەیری لاری و بێڕەوشتی پیاوانی کەنیسەی کرد و هەر لە بێڕەوشتی و ڕۆچوونیان لە داوێن پیسیدا هەتا فرۆشتنی بەهەشت و چەکی لێبوردن (صكوك الغفران)و.. هتد

لۆسهر سەیری کرد ئاینەکەی بەرەو مەترسی ئەڕوات و خواپەرستی ئەگەر لەهەر جێگایەکی تر هەبێ لای پاپاکان نییە، بۆیە ئەو شۆڕشە پیرۆزەی دروست کردو هەندێ سمارتەی دا لە یاساکانی کەنیسەو بە تەوراسی پێنوسە بڕندەکەی پەل و پۆی پاپاکان و قۆڵە درێژەکانیانی قرتاند.

ئەمە بوو بەکورتی هۆی بەرگە نەگرتنی ئاینی مەسیحی و دەستەوسانی لەبەرامبەر ئەو لێشاوە بەرەڵاییەی ئەوروپا، یان ڕاستتر بڵێین: ئەو دەستە ئەژنۆ دانیشتنەی کەنیسیە بەرامبەر بە پیلانە نادیارەکانی کەنیسەی جوولەکە..

فرۆید هه‌ڵه‌یه :

به‌هه‌شت: باشه ئه‌گه‌ر واز له باس کردنه مێژووییه‌که‌ی بهێنین و بێنه سه‌ر ڕاکانی فرۆید و جنس پێچکردنی مرۆڤ له‌لایه‌ن فرۆیده‌وه، تۆ ڕات چییه و؟ دواجار چاره‌سه‌ری ئیسلامی چۆنه..؟

نه‌وره‌سی: به‌ڵێ جنس به‌شێکی زۆر گرنگه له ژیانی مرۆڤ (به‌ڵکو هه‌موو گیانداران) و ئێمه‌ی موسڵمان نه بێئاگاین له پیلانه‌کانی دوژمنانی ڕه‌وشت نه بێئاگایشین له هه‌ڵپه‌و بڵێسه‌ی گڕی ئه‌و شۆڕشه جنسییه‌ی سه‌رانسه‌ری جیهانی ئاده‌میزادی گرتۆته‌وه. (جیمس رۆستۆن) زۆر ڕاستی وتووه که له ڕۆژنامه‌ی (نیۆیورك تایمز)دا، نووسیبووی (.. ڕه‌نگه مه‌ترسی ته‌قینه‌وه‌ی وزه‌ی جنسی گه‌ڵێ به‌هێزترو گه‌وره‌تر بێ له مه‌ترسی ته‌قینه‌وه‌ی وزه‌ی ئه‌تۆمی..)[٧٦]

وه نه‌بێ ئێمه‌ی موسڵمان، ئه‌مڕۆ ئه‌م مه‌ترسییه‌مان زانیبێ و پێمان وترابێ، مامۆستای ژیانمان و پێشه‌واکه‌مان ﷺ ئه‌فه‌رمووێ (.. وما تشيع الفاحشة في قوم إلا عَمهم الله بالبلاء..) واته: شه‌ڕواڵ پیسی و به‌د ڕه‌وشتی له‌ناو هیچ نه‌ته‌وه‌یه‌کدا

---

[٧٦]- الأسلام والجنس، ص١٠.

بڵاونابێتەوە هەتا خوا هەموو (چاك و خراپ)یان تووشی بەڵاو تەنگ و چەڵمەی ژیان نەکات.

ئێمە چاك لە مەترسی جنسی شارەزاین و بۆیە ئایینەکەمان ئەم پەڕو ئەوپەڕی دیاری کردووەو تاقانەترین چارەسەری بۆ داناوە.. بەڵام پێش ئەوەی ئەم چارەسەرەت بۆ باس بکەم پێویستە بە مام فرۆید بڵێین تۆ لە مەسەلەی جنسدا و لەسەر حیسابی شەرەف و نامووسی ئادەمیزادان زۆر پێت ڕاکێشاوەو پێویستە قاچت ببڕێتەوە چونکە:

١. وەکو کاکە صباح (ی خۆمان) ئەڵێ (فرۆید ئەیەوێت هەموو پەیوەندییەکی ئینسانانە بفەوتێنێ و مرۆڤ لە گشت بەزەیی و پاکییەك ڕووت بکاتەوە، ئەو مرۆڤەی کە سەردار و گەورەی ژیان و جیهانە، ئەو مرۆڤە کە هەرچی لە وجوددا هەیە بۆ خزمەت گوزاری ئەو دروستکراون و خۆشی لە جوانترین فۆرم و ناوەڕۆك دروست بووە)[٧٧].

٢. وە ئەڵێ (فرۆید ئەیەوێ سەربەستی بەرەڵڵایی جنسی و دوژمنایەتی لەناو ئادەمی دا بڵاوبکاتەوە ویست و مەرامێتی شارستانیەت بەردەوام بونی کاروانی ژیان بوەستێنێ، ئەوەش نەك هەر لە توانای و ڕۆشنبیرێتی و کەلەپوری لەمێژینەی

---

[٧٧]- ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل٢٧٥.

مرۆڤایەتی بەدرۆ بخاتەوەو ئەودا نییە، بەڵکو تۆزقالێکیش لە کێوی ورەی خەڵکی و بەخۆشی پێکەوە ژیان، کەم ناکاتەوە. سێکس لە ژیاندا، چ وەك ئامانج، شتێکی پیرۆز و پاکە نکوڵی لەوە ناکرێ کە بەهۆی ئەوەوەیە وەچەو و میراتی جۆری ئادەمی دەپارێزرێ و هۆیەکی هەرە گرنگ و پێویستە بۆ دڵنیایی دەروون و هێمنی دڵ و ئارام گرتنی ویژدان، ئەمە لەکاتێکدا دروست دەبێ کە ئەو چەشنی جنسە لەسەر بنچینەی ژن و مێردایەتییەکی دروست دابمەزرێ .

دەنا کە بە بەرەڵڵایی و بێ یاسا بوو لەبری هەموو ئەو چاکانە بەباری خراپیدا قلْپ دەبێتەوەو مرۆڤ تووشی، سەرگەردانی دەکات و نرخی ڕاستەقینەی بزر دەبێ.

جنس لە مرۆڤدا ئینسانانەیەو پەیامێکی مەزنە، تەنیا لەبەر زاووزێ نییە، لەپێناوی خۆشەویستی و چێژو بەختیاری مرۆڤایەتیدایە، کەواتە لێرەدا دەبێ ئەوە بە نەزەر وەربگیرێ کە نەچێتە سنوری کاری ئاژەڵایەتی و داوێن پیسییەوە)[٧٨].

٢. بەهەشت گیان پرسیار لە فرۆیدی (ڕەحمەتی)یان بکەن و بڵێن ئەگەر کوڕ بە پاڵەپەستۆیەکی جنسی و ڕابواردنی جنسی لەگەڵ دایکیدا مەمکی ئەمژێ..؟ ئەی کچ بۆچی ئەیمژێ..؟

---

[٧٨]- هەمان سەرچاوەو ل٢٧٥-٢٧٦.

(ئەبوایە کچەکانی ئەوان هەر لە منالییەوە شوێنێکی تری باوکیان بمژیایە بۆ ئەوەی تاسەی جنسایەتییان پێ بشکاندایە.. یان بۆچی پرسیار لە فرۆیدیزمییەکان ناکەن و بڵێن.. وا کچ بە هەواو نەزمی جنسی و چاو لەوەڕاندنەوە یاری لەگەڵ باوکی ئەکات (وەکو فرۆید ئەڵێ)و بە دەمی باوکییەوە پێئەکەنێ و باوەشی پێدا ئەکات.. ئەی کوڕەکە بە چ نیازێکەوە ئەشنێتەوە بەدەم باوکییەوە ئەقلێتەوەو پێئەکەنێ بۆی...؟

٤. فرۆید، زۆر هەڵەیە کە لای وایە شارستانێتی ئادەمیزاد و هونەرو ئایینەکان و.. هتد

هەموویان ڕەنگدانەوەی جنسن و پاڵەپەستۆیەکی سێکس ئاژەڵێتی مرۆڤ یەقی کردۆتەوە، چونکە دڵداری جنسی یەك جۆرە گرێ دەروونییەکانی (ئۆدیب) و (ئەلیکترا) یەك گرێ کوێرەیە.. خەفەکردن یەك جۆرەو ئەنجامی کپ کردنەوەی وزەی جنسی یەك جۆرە.. هەموو ئەمانە لای هەموو ئادەمیزادانی سەرانسەری زەوی و سەرانسەری مێژوو یەك جۆرە.. ئەی چۆن ئەم جۆرە شارستانێتیە جۆراو جۆرە جیاوازانە دروست بون..؟ بۆچی ئەم هەموو یاسا کۆمەڵایەتیە جیاواز لە یەکتری و دژی یەکترییە دروست بون..؟ بۆچی ئەم هەموو جموجووڵەی مێژوو جیاجیایە دروست بون..؟ هەر لەناو ئایینەکاندا ئەو هەموو

ڕێباز (مذاهب)ە، جیا جیایانە دروست بون..؟ خۆ ئەگەر هونەر (فن) لە قووت دانەوەی هانای جنسییەوە دروست بووە، ئەم هەموو جۆرە هونەرە جیاجیاو قوتابخانە جیاجیایەی هونەرییە چین..؟ بۆچی ئەبێ ڕێبازی هونەرمەندێك جیاوازی بێ لەگەڵ هونەرمەندێکی تردا.

کە هەردووکیان یەك نەخۆشییان هەیە..؟ لیۆناردۆ دافینشی[٧٩] (Leounardo davinci)ـ کە فرۆید کالأیەکی جنسی کردۆتە بالأی خۆی و هونەرەکەی - بۆچی وێنەکێش دەرچوو..؟ بۆچی مۆسیقاژەن نەبوو..؟ ئەی بۆچی ئەوانەی تووشی ئەو نەخۆشییە جنسییەی (دافینشی) ئەبن، بۆچی وێنەکێش دەرناچن..؟ خۆ بەپێی مەن و پێوانەکەی فرۆید ئەبووایە یەك جۆرە شارستانێتی و یەك جۆرە یاسای کۆمەلأیەتی و ئایین و هونەر و هتد.. پەیدا بووایە کەچی وا نیە..[٨٠].

---

[٧٩]– دافینشی: وێنەکێشێکی جیهانییەو ساڵی ١٤٥٢ی زایینی لە ئیتاڵیا لەدایك بووەو یەکێك بوو لە هەڵکەوتووانی چەرخی ڕاپەڕین (جۆکۆندا) بەناوبانگترین تابلۆیەتی کە ئێستا لە مۆزەخانەی (لۆڤەر)ی فەرەنسادایە.

[٨٠]– دراسات فى النفس الأنسانية، ص٣٦٨.

بەهەشت: کاکە گیان ناوی (دافینشی)یت هێناو وتت گوایا فرۆید کالآیەکی جنسی کردۆتە بالآی خۆی و هونەرەکەی.. مەبەستت چییە..؟

نەوڕەسی: بەڵێ بەهەشت گیان کاتێ فرۆید باسی هونەرمەندی لیۆناردۆ دافینشی ئەکات و شیئەکاتەوە چۆن دافینشی لەگەڵ هونەرمەندییەکەیدا زانایەکی بەرزبووە ئەڵێ (.. چونکە دافینشی . منداڵێکی هەتیوی بێ باوك بوو زۆر حەزی لە دایکی خۆی ئەکردو ئەم ئەوینی دایکەی بووە هۆی زوو وەڕسی چالاکی جنسی... ئەم چالاکییەش بووە هۆی تەقینەوەی چالاکی هونەری... زانایيەکەیشی هۆی ئەوەیە چونکە بە منالی زۆر حەزی لە توێژینەوەی مەسەلە جنسییەکان ئەکرد.. ئەمەیش بووە هۆی تەقینەوەی چالاکی و سەرنجدانە سروشت و دیاردەکانی سروشت..)[81].

٥. بەهەشت گیان گەورەترین هۆی چەواشە کردن و ڕێ لێ تێکچوونی ئەمانە ئەوەیە، مرۆڤ بە گیانداریك وەکو هەموو گیاندارە ئاژەڵییەکەی تر سەیر ئەکەن و بە هەمان سەنگ و تەرازوو ئەیکێشن، جارجار پارسەنکێشی ئەنێن. ئیتر نازانن ئەم مرۆڤە وەکو تۆپەڵەیەکی ماددییە هەروەها وزەیەکی گیان و

---

[81]- پاڤلۆڤ و فروید، ج٢، ص٢٤.

دەروونەو تەنیا ماددە نییە. بەڵێ لە مەسەلی جنسدا مرۆڤ وەكو هەموو ئاژەڵ و گیاندارێك غەریزەی جنسی تێدایە، بەڵام نەك وەكو هەموو گیاندارێك.. چونكە گیاندارەكانی ترلە بەرامبەر غەریزەكانیان (غەریزەی خواردن و خواردنەوەو جنسی و هتد..) شەتەك دراوەو هیچ جۆرە دەسەلات و هێزی پەل هاویشتنی نییەو كاتێ برسی بوو خواردن ئامادە بوو ناتوانێ نەیخوات، تینووی بوو، ئاوی دەست كەوت ناتوانێ نەیخواتەوەو بۆ جنسیش هەروەها.

جا لەبەرئەوەی گیاندارەكانی تر هۆش و دەسەلاتی سنووردانانیان نییە..خوای گەورە كاتی تایبەتی و وەرزی تایبەتی بۆ داناون، بۆ هەڵسان بە كاری جنسیان و بۆ مانەوەی وەچەو نەوەی تازە، كاتێ وەرزەكەیان بەسەر چوو هیچ شێوە پەیوەندییەكی جنسی لەنێوان نێرو مێیەكانیاندا نامێنێ[٨٢].. بەڵام مرۆڤ هەموو كاتێ هەرەتی جنسییەتی و وەرزی دیاری كراوی نیە، تەنیا ئەوەندە هەیە گیاندارێكی جنسی ڕووت نیە، پەژارەی تەنیا جنسی بێ بەڵكو سنوورو یاساو باوێكی بۆ دانراوە پەیڕەوی ئەكات.

---

[٨٢]- الأنسان بين المادية والأسلام، ص٩٤.

٦. ئەگەر مرۆڤ لەسەر نەخشەی فرۆید و فرۆیدیزم پەروەردە بکرێ و هەموو هیواو ئاوات و ژیانی جنسی و سێکسبازی بێ.. مرۆڤێکی خۆپەرست و تەنیا بۆ خۆی ئەژی و گوێی لە ناڵەی کۆمەڵ و دەردەکانی و لێقەوماوی گەلەکەیەوە نیە، ناتوانێ دەست لە ڕابواردنەی هەڵگرێ بۆ بەرژەوەندی وڵات و کۆمەڵەکەی ئەوەش هۆی سەرەکی بوو، فەرەنسییەکان لە یەکەم لێدانی ئەڵمانەدا چۆکیان دادا و قیزەی خۆبەدەستەوەدانیان و کارگوزاری دوژمن و ئامادەبونیان بە ژیانی کۆیلێتی لێ بەرزبوویەوە و داوای یارمەتییان ئەکرد، پەژارەو خەفەتیان بۆ لەدەست دەرچوون و ژێر دەستی وڵاتەکەیان نەبوو، بەڵکو خەفەتی کاول بونی سەماگا (مرقص)و بارو سۆزانی خانەکانیان بوو..

٧. کاک میراودەلی، لە ـ ئیستاتیکا ـ کەیدا ئەڵێ (٣٢) (گەرچی فرۆید لە لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە دەروونییەکانیدا وا دەردەکەوێ کە ڕێبازێکی ـ تجریبی ـ زانستی گرتۆتە بەر، واتە دەیەوێ (گریمان)ەکەی لە ڕێگای تاقیکردنەوەو ئەزموونەوە بسەلمێنێت. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە هەر لەڕووی ڕوخسارەوەیەو، تاقیکردنەوە و بەڵگەکانی ئەو تەنیا بۆ (تبرير) کردن بەهانە دۆزینەوە، بۆ ئەو گریمانە هەوەڵیەیە، کە

پێشکەشی کردووە..) وە ئەڵێ (جگە لەمەش فرۆید کەوتۆتە هەڵەیەکی زانستی گەورەوە، کاتێ هەوەڵێتی دەدات بە سایکۆلۆژی لە دیاری کردنی ڕەوتی شارستانیەت و سیستمی کۆمەلایەتی و پێوانەی ڕەوشتی و یاسا و ڕێوڕەسمی باوردا.. دیارە ئەمانە لە ئەنجامی . دامرکاندنی غەریزەوە. کبت . نایەن، وەك شیکردنەوەی دەروونی دەڵێت.. بەڵکو بە پێچەوانەوە یاسا و سیستم و ڕێوڕەسمی کۆمەلایەتین کە دەبنە هۆی . دامرکاندن . چونکە یەکەم جار ئەو ژێرخانە دروست دەبێت کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری چینە جیاوازەکان . بەڕای کاك کمال . ڕاستتر بڵێین مارکسیزم . دەردەبڕێت، ئینجا ئەو یاساو ڕێوڕەسمانە دروست دەبن..)[٨٣].

٨. هەموو ئەو نەخۆشی و دواکەوتن و کۆسپانەی کۆمەڵ فرۆید ئەیداتە دەستی کپ کردنی جنس و خەفەکردنی و ئەڵێت: ئەگەر جنس سەرکوت نەکرێت و هەر کوڕ و کچەی بە ئارەزووی خۆیان و لە کوێ حەز ئەکەن برسێتییان بشکێنن و (کۆت)ەکانی ئایین و ڕەوشت و یاسا هیچ قەدەغەگەرییەك نەکەن، ئیتر جیهانێکی بەهەشتین لەسەر زەویدا دروست ئەبێ و نەجەنگ و داوا نە نائارامی دڵ و دەروون و نە نەخۆشی دەروونی، ئەمانە هیچیان

---

[٨٣]- هەمان سەرچاوەو ل٢٢٤.

نامێنن، چونکە ئەمانە هەمووی هۆی خەفەکردن و سەرکوت کردنی جنسە.

ئێمە هیچیان پێ ناڵێین، بەڵام با ئەوان خۆیان گوێ لە هانای جنس پەرستان و جڵەو شلکەرانی جنسی بگرن (نەك لای خۆمانی دواکەوتوو بەڵکو لە ئەوروپاو ئەمەریکا با بزانن، ئایا دوای ئەوەی سنووری نێوان مرۆڤ و ئاژەڵیان شکاند، توانیان بەهەشتە ئایدیالییە (علمی)یەکەیان دروست بکەن؟ توانیان . نەك کێشەکانی تری کۆمەڵ بەڵکو تەنیا- کێشەی جنس - خۆی . چارەسەر بکەن..؟

أ. زەقترین دەنگ و باس و هانای گۆڤارە ڕۆژنامەکانی ئەمەریکا ئەوەیە کە (هەموو ڕۆژێك سەدان کوڕ سەدان کچ بە ئۆتۆمبیلەکەی ئەفڕێنێ و بەزۆر لە چۆڵەوانییەکدا برسێتی جنسی خۆی پێ ئەشکێنێ و بەجێی ئەهێڵێ.. کچە هەژارەکە بەهەر حاڵێك بێ، شەو درەنگێك یان خۆی ئەگەیەنێتە خەستەخانە، یان ماڵەوەو..)[٨٤] ئەم دیاردەیە چییە..؟ خۆ کۆمەڵگای ئەمەریکی (پێشکەوتوو) ئەوپەڕی سەربەستی جنسیان دراوەتێ ئەی بۆچی ئەم تابلۆ ناهەموارانە ڕۆژی دەیان جار دووپات ئەبێتەوە..؟

---

[٨٤]- الأنسان بين المادية والاسلام، ص١٤٥.

هۆی ئەوەیە، کاتێ بەناوی دووره پەرێزی لە خەفەکردنی جنسی و مرۆڤ کرا بە ئاژەڵ و ڕەشۆی لەسەر داماڵراو هیچ یاساو باوەڕو ترسێکی نەبوو، ئا لەم کاتەدا زۆر جار کوڕێك حەزی لە کچێکەو کچەکەش دڵی ناچێتە سەری و ڕووی ناداتێ لە ژێر پەردەی سەربەستی جنسیدا بەزۆر ئەیفڕێنێ و پاش تێکشکاندن و ژاکاندنی لەو دەشتە چۆڵە بەجێی ئەهێڵێ..

وا (ڕادووکەوتن = ئافرەت هەڵگرتنەکەی لای ئێمە) بە حەزی کوڕو کچەکە هەردووکیان و لە ئەنجامی دووری باوکەکان و کۆمەڵگاکەمان لە گیانی خاوێنی ئایینە پیرۆزەکەمانەوەو نەریتی عەشایەری هەموو مافێکی ناڕەوای پێش هاتنی ئیسلامی بۆ باوکە نەزانەکە زیندوو کردۆتەوە و ژیان و مردن و دڵی کچەکەیشیان داوەتە دەستی باوکەکە ئەمانە ئەبنە هۆی پەیدابونی تاقە (ڕەدووکەوتن) بەڵام پێم ناڵێن ئایا ئەو سەربەستیە جنسیە بێتام و مەزەی ئەمریکییە توانیویێتی کێشەی جنسی ئەمریکی چارەسەر بکات..؟

ب. با لە ئەمەریکاوە بڕۆین بۆ (سوید) بەڵێ (سوید) پایتەختی سەربەستی جنسی، لەو سویدە پێشکەوتووە دوورە لە هەموو کۆت و نەریت و ئایینێك.. ساڵی ١٩٦٤ گاڵەگاڵێکی گەورە دروست بوو، چونکە (١٤٠ سەدو چل) پزیشك لە کەڵە

پزیشکەکانی سوید یادنامەیەکیان بە بارەگای پاشای سوید پێشەکەش کردو لە یادنامەکەیاندا داوایان کردبوو کە سنوورێك بۆ ئەم ئاشووبە بەرەڵلا جنسییە لە وڵاتدا دابنرێت ئەگینا تەندروستی گەلی سوید ئەکەوێتە مەترسییەکی سامناکەوە[٨٥].

هەمان سکالا و هاوار لە وڵاتی ئینگلیز و پۆلەندە و ئەڵمانی ڕۆژئاوا بەرزبوویەوە.. خۆ وڵاتانی چین و ڕوسیا زووتفاقی ئەم مەترسییەیان خستبوو.

ج. کێ هەیە هاوار و بانگهێشتەکەی سەرۆکی ناوداری ئەمەریکی (کەنەدی) کە لە کتێب و ڕۆژنامەو ئۆرگان و ئێزگەکاندا بڵاوی کردەوە نەبیستێ کە لە ساڵی ١٩٦٢دا بڵاوی کردەوەو وتی (پاشەڕۆژی ئەمەریکا لە مەترسیدایە، چونکە لاوانی ئەمریکی تواونەتەوە لە زۆنگاو و زەلکاوی شەهوەتداو ناتوانن بەرپرسیاری خۆیان بەرامبەر نیشتمانەکەیان بەجێ بهێنن و هەست بە لێپرسینەوەو ئەرکی سەرشانی خۆیان ناکەن و.. هەر لە حەوت لاوی ئەمەریکی بانگ ئەکرێت بۆ سەربازی شەشیان بە کەڵك نایەن و چونکە بە شێوەیەکی پڕ مەترسی

---

[٨٥]- الأسلام و الجنس، ص١٤ وە کتێبی لە دەروازەی ئیسلامەوە ل٩٧.

پۆچوون لە جنسدا کە لێهاتوویی لاشەیی و بەدەنی و دەروونی بەرباد کردوون و بە کەڵکی سەربازی نەهێشتوون[٨٦].

د- ئەگەر فرۆید ڕاستی بکردایەو بە نەمانی کۆتە جنسییەکان ئەبووایە تاوان و دەست درێژی بۆ یەکتری و دزێتی نەمایە، کەچی ئەو جۆرە تاوانەی لە ئەوروپاو ئەمەریکا ئەکرێت، پێش داگیرکردنی (ئامێرەکانی ڕاگەیاندنی) وڵاتەکانی ئێمە هەر ناویشمان نەبیستبوو.

ه. بەهەشت گیان پرسیار بکەن لە ئەوروپاو هەموو وڵات و گەلە بەرەڵڵاکانی تر و بزانن ئایا لەگەڵ ئەو هەموو سەربەستی جنسییە و داماڵینی کۆت و زنجیری . وەکو ئەڵێن ـ کچ و کوڕە؟ ئایا برسێتی جنسییان شکا.. زەقترین دیاردەی ئەوروپا و ئەمەریکا جنس و کاری جنسی و پڕوپاگەندەیە بۆ جنس، بە هەزاران فیلمی جنسی.. بە هەزاران چیرۆکی جنسی.. بە هەزاران وێنەی ڕووت و قوتی جنسی.. بە هەزاران بەرنامەی ئێزگەو تەلەفزیۆنی جنسی.. بە هەزاران کاسێتی ڤیدیۆی جنسی.. بە هەزاران گۆرانی و ئاهەنگی شەوانی تا بەیانی و تێپڕژانی جنسی.. ئایا لاوە چاوبرسی و جنس پەرستەکانی ئەوروپاو

---

[٨٦]- الثورة الجنسية، جۆرج بالۆش، لە کتێبی الاسلام و الجنس، ص١٥.

ئەمەریکای تێر کرد؟ یان لەوێ زیاتر کڵپە و بڵێسەی جنس سووتێنەرتر نەبووە..؟

١٠. خەفەکردنی جنسی . تا ڕادەیەکی زۆر ـ ئەبێتە هۆی تەقینەوەی وزەی لێهاتن و مژدەی لێهاتوویی مرۆڤەکە ئەدا، ئەبێتە هۆی بزواندنی کەسایەتی ئەو مرۆڤە . فرۆید خۆیشی ددان بەم ڕاستیەدا دەنێ.[٨٧] کاتێك منالێك وڕك لە باوکی ئەگرێت و ئەڵێ (بابە گیان حەزم لەو مانگە جوانەیە بەو ئاسمانەوەیە حەز ئەکەم بۆم دابگری..) دیارییە ئەم حەزە خەفە ئەبێ و نایەتە جێ، بەڵام ئەزانی ئەم خەفەکردنە لە پاشەڕۆژدا ئەبێتە بزواندنی و تەقینەوەی وزەی هونەری لە مێشك و بیرەوەری ئەو منالەدا.

١١. مرۆڤ زۆرجار ئەو تام و مەزەی لە خەفەکردن ئەیچێژێ لەسەربەستی دا نایچێژێ و دەستی ناکەوێ.. ئەو موسڵمانە ڕۆژووانەی برسێتی و تینوێتی و هەر خواردن و خواردنەوەیەکیش حەزی لێ ئەکات ئامادەیە.. ئەم بەڕۆژووەو حەزەکانی خەفە ئەکات و سەرکوتی ئەکات، بەڵام ئەو تام و مەزەی لە برسێتی و تینوێتی و خەفەکردنی حەزەکەیدا هەستی پێ ئەکات و ئەیچێژێ لە خواردن و خواردنەوەکەدا نایچێژێ.. هەر لەبەر ئەم هەستە پڕ مەزەیە سەیر ئەکەین هەموو کاتێك و

---

[٨٧] – الأنسان بين المادية والاسلام، ص١١١.

(لەسەرانسەری مێژوودا) ڕێژەی ڕووژووەوان زیاترە لە نوێژگەران.. لەگەڵ ئەم هەموو ماندوێتی و تینوێتی و لەش داهێزان و سەرئێشەیدا مرۆڤ لە ڕۆژوودا تووشی ئەبێ کەچی هەر ڕووژووان زیاترن لە نوێژگەران.. چونکە ئەوەی فرۆید پێی ئەڵێ خەفەکردن و سەرکوت کردن (الکبت) ئێمە پێی ئەڵێین (خۆگرتن و ئاگاداری کردن و بێدار کردنەوەی دەروون) و هەرگیز بەهێزێکی دوور لە مرۆڤ و بێگانە لە مرۆڤ و سەپێنراو بەسەر مرۆڤدا سەیری ناکەین (وەکو فرۆید لای وایە)[88] بەڵکو بەشێکە لە مرۆڤ و ئامێرێکی بایۆلۆجی ڕووتەو ئەبێتە هۆی پەیدابون و کارگێڕی چەند ئامێرێکی تری سایکۆلۆجی.

خۆگرتن (الضبط النفس) وەرزشێکی دەروونییەو ئەبێتە هۆی پەروەرەوەو (دارەدارە) بە مرۆڤ ئەکات بۆ ئەوەی پێبگرێت و لە سارای ژیاندا بە سکەخشێ نەڕوات، جا پاش ئەوەی پێی گرت ئەو کاتە نرخی ئەو هەڵسوکەوتن و سەرسمدان و نووچ بردنە ئەزانێ و ئەو کاتە بەرهەمەکەی ئەچێژێ.

خۆ گرتنیش تام و مەزەیەکی هەیە کەسێ نەیچەشتبێ نایزانێ.

---

[88]- دراسات في النفس الأنسانية، ص١٧٤.

١٢. زۆرجار ئەو تام و حەزەی لە ئازارو ئەشکەنجەی ڕێگای بیروباوەڕداو لە بەندیخانەو لە سەنگەرو.. هتد.. دا هەیە لە ئازادی و سەربەستی ژێر چەپۆکەی (کوونیی و سەلامەتی)دا نییە.

١٣. ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژووی کۆن و نوێ بکەین، بە سەدان شارستانی بەدی ئەکەین بەهۆی پۆچوونی ئەندامانی کۆمەڵگاکەیەوە لەناوچووە و تەخت و تاراجی نەماوەو بونەتە پەندو ئامۆژگاری بۆ ئێمەو بۆ نەوەی داهاتوو. وەکو لە دواییدا لە بەشی (ڕەوشت لە ڕوانگەی فرۆیدەوە) بە پشتیوانی خوا باسی ئەکەین.

١٤. ئەگەر سەرژمێرەی نەخۆشی دەروونی و شێت و هەستریا- دارەکانی وڵاتە ئیسلامییەکان و وڵاتانی ئەورووپا بکرێت ڕەنگە وڵاتە موسڵمانەکان لەچاو ئەورووپاو ئەمەریکادا هیچ دیاردەیەکی نەخۆشی دەروونی تێدا بەدی نەکرێت. یان هەر بەراورد ناکرێت جا ئەگەر خەفەکردنی جنس هۆی نەخۆشییەکانی دەروونی بێ لە کام وڵاتانیان خەفەکردنی جنسی زۆرترە؟. بەپێی وتەی فرۆید ئەبووایە لاوەکانی ئەورووپا لەوپەڕی دڵ و دڵنیاییدا بژینایە، کەچی بە پێچەوانەوە هەریەکە لەو (سەربەستانە!) پزیشکێکی تایبەتی دەروونی هەیەو چەند جۆرە ڕاچێتە و

تیشك (اشعه)ی ڕەنگاو ڕەنگ و بێ ڕەنگ لەناو جانتاكەیدایە و بۆ ئەوەی لە خۆكوشتنەوە ڕزگاری ببێ.

بەهەشت: وا كچە سەرلێشێواوە پەتیارەكانی لای ئێمەشیان فێری ئەم (مۆدێل)ە كرد.. خۆسوتاندن.. خۆكوشتن.. دەرمان خواردكردن..

نەورەسی: بەڵێ ئەوەیش دەس و دیاری شارستانێتی ڕۆژئاوای داگیركەرانی فیكری وڵاتەكانمانە ئەگینا پێش هاتنی ئەوان ئەم دیاردەیە لە كوردستاندا نەبوو[٨٩].

١٥. پاڵەپەستۆی ئارەزووكاری و غەریزەكانی مرۆڤ وەكو دەفرە پێچاو پێچە هاوێتەكان (الأواني المستطرقة) وایە، هەر دەفرێكیان كون بكرێت ڕێژەی شلەكە لە هەموویان وەكو یەك دێتە خوارەوەو لە ڕێژەی ئەو دەفرەكانی تر كەم ئەكاتەوە.. هەروەها غەریزەو پاڵەپەستۆو ئارەزووكارییەكان ئەبێ هەریەكەیان سنورێكی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی پێداویست و ئارەزووەكانی مرۆڤ هەریەكەیان بە ئەندازەی خۆی و مافی خۆی بدرێتێ و ژیانی لاسەنگ نەبێ.

بەهەشت: كاكە گیان ئەوە فرۆید مەبەستی لە گرێی ئۆدیبی دەروونی چییەو (ئۆدیب) مانای چی..؟

---

[٨٩]- تحفه‌ء مظفریه‌ ئۆسكارمان، هێمن موكریانی، ل٧٥.

نەوڕەسی: خوشکێ گیان مەبەستی فرۆید لە گرێی ئۆدیب (عقدة أوديب = Oedipus Complex).. منالّ لە سەرەتای ژیانی و چاو هەڵهێنانی بە ژیان و ڕۆشناییدا پێویستی بەوەیە سەربەستی دەربڕینی خۆشەویستی هەبێ بەرامبەر بەو شتانەی کە خۆشی ئەوێن..بەتایبەتی خۆشەویستی (دڵداری) بەرامبەر دایکی.. بەڵام کاتێ هەست پەیدا ئەکات و باوکی ئەناسێ و لە کەین و بەینی دایك و باوکی (وەکو ژن و مێرد) تێئەگات..

باوکی وەکو داگیرکەرێکی دایکی و کپکەرەوەی ئەو خۆشەویستییە (جنس)یەی منالّەکە بۆ دایکی، باوکی بەدی ئەکات، بەناچاری کوڕەکە ئەوهەستە کپ ئەکات و سۆزە جنسییەکەی خەفە ئەکات، بەم قۆناغە سایکۆلۆجییە ئەوترێ (عقده أوديب)[٩٠].

بەهەشت: جا فرۆید ئەم ناوەی لەکوێ هێناوە..؟

نەوڕەسی: ئەی من ناڵێم فرۆید هەموو تیۆرە زانیارییەکەی (!) لەسەر چیرۆکی پڕو پووچ و دوور لە واقیع و هەرگیز ڕوونەداو، داناوە... لە داستانە ئەفسانەییەکاندا ئەڵێ کوڕە پاشایەك ئەبێ و ناوی (ئۆدیب) ئەبێ.. کاتێ لەدایك ئەبێ لەلایەن خواکانەوە (خواکان..!) ئاگاداری باوکی ئەکەن کە (ئەم کوڕە لە پاشەڕۆژدا

---

[٩٠]- قاموس علم النفس، ص١٠٧-١٠٨.

باوکی ئەکوژێ و دایکی خۆی ئەبێتە ژنی)، باوکی ئۆدیبی دایە دەست شوانێکیان کە بیبات و بیکوژێت.. بەڵام شوانەکە دڵی بڕوایی نەدا بیکوژن دایە دەست شوانێکی هاوڕێی کە ئەویش شوانکاری (پۆلیۆس) پاشای (کۆرنەشە) بوو.. پۆلیۆس پاشایەکی ئوجاخ کوێر بوو، کاتێ ئێوارە ئەم شوانە ئەم کوڕە جوانە ئەباتەوەو ئەیباتە دیوانی پاشا.. پاشا زۆری پێخۆش ئەبێ و وەکو کوڕە پاشا بەخێوی ئەکەن و لەلەیی ئەکەن هەتا کوڕە ئەگاتە هەڕەتی هەرزەکاری و لاوێتی.. ئەپۆڵۆ (Apolloh) . خوای ڕووناکی و هونەرو جوانی = لای یۆنانیەکان . بە ئۆدیب ڕادەگەیەنێ کە باوکی ئەکوژێ و دایکی دەکاتە خێزانی خۆی.. ئۆدیبیش لای وایە پۆلیۆس باوکێتی و شاژنەی کۆرنەشە دایکێتی.. لەبەرئەوە سەری خۆی هەڵئەگرێ و کۆرنەشە بەجێ ئەهێڵێ بۆ ئەوەی تووشی ئەو تاوانانە نەبێ (گوایا) لە ڕێگا تووشی بیرێك ئەبێ پیرە سواری گالیسکەیەك ئەبێ و لەبەرئەوەی ئۆدیب لە چەقی ڕێگاکەدا وەستاوەو ڕێگای گالیسکەکەی گرتووە قامچییەك ئەدا لە ئۆدیب بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگاکە لاچێ.. ئۆدیب لەپڕ ڕائەچەنێ و پەلاماری پیرە ئەداو کوتەکێکی پێدا ئەداو لە جێگای خۆی خپی ئەکاو ئەیکوژێت تومەس ئەم پیرە باوکە ڕاستەقینەکەیەتی . بەپێی ئەفسانەکە پاش کوشتنی

باوكی ئەڕواتە شاری (ثیبە = طیبە) كە ئەو كاتە شارەكە بەدەستی دڕەندەیەكەوە تەنگی پێهەڵچنرا بوو...بۆیە دانیشتوانی شارەكە بڕیاریاندا بوو هەركەسە ئەو دڕندەیە بكوژێ و شارەكە لە دەستی ئەو وەحشییە ڕزگار بكات ئەیكەن بە پادشای خۆیان و شاژنیشی لێ مارە ئەكەن.. ئۆدیب دڕندەكە ئەكوژێ و ئەیكەنە پاشای (طیبە) لە جێی باوكە كوژراوەكەی دایكیشی كە شاژنە (یۆكاستە)یە مارەی ئەكات.. بەڵام ئۆدیب نەی ئەزانی ئەو پیاوە كوژراوەكە باوكێتی و نەی ئەزانی خێزانەكەیشی دایكێتی.. كاتێ بۆی دەرئەكەوێ لە ڕق و داخ و خەفەتدا هەردوو چاوی خۆی هەڵئەكۆڵێ و بە كوێری پاشایی و وڵات بەجێ ئەهێڵێ و كچە تاقانەكەیشی (ئەنتیگۆن) ئەبێتە پەلكێشی و وڵات ئەگرنەبەر..).

فرۆید ناوی (ئۆدیب)ی لەم چیرۆكە ئەفسانەییە وەرگرتووە..

بەهەشت: جا كاكە گیان. ئۆدیب كەی حەزی لە دایكی كردووەو كەی زانیویێتی ئەوە دایكێتی كە مارەی كردووە.. تەنانەت هەستیشی بە هیچ جۆرە خزمایەتییەك نەئەكرد.. ئەوە لە لایەكەوە لە لایەكی ترەوە هیچ لە ڕووداوەكانی لە دەسەڵاتی ئۆدیبدا نەبون..[91].

---

[91]- ئافرەت لە چیرۆكی كوردیدا، ل٢٧٢.

نەورەسی: سەرەڕای ئەمانە، ئەم چیرۆکە ئەفسانەیە و ڕووی نەداوە (ئەپۆولۆ)ی چی و (خواکان)ی چی.. و ئەی بۆچی لە هەموو سەرانسەری مێژوودا ڕووداوێکی دیکەی بەو جۆرە ڕووی نەداوە..؟ کەچی بەهەشت گیان، فرۆید زۆر شانازیش بەم داهێنراوە زانیارییەو پێشکەوتنە ئەکات و لای وایە هیچی لە دۆزینەوەی کارەباو هێزی هەڵم کەمتر نییەو ئەڵێ (ئەگەر زانیاری دەروونناسی شانازی بکات بە هەر شتێکەوە ڕەوایە تەنیا شانازیی بە (عقدە أودیب) و دۆزینەوەی ئەو گرێ دەروونییەوە بکات)[٩٢].

بەهەشت: کاکە گیان، وەکو تۆ فەرمووت هەموو بەڵگەکانی فرۆید لەسەر چیرۆکی پڕوپووچ و ئەفسانە دانراون بەڵام خۆ ئەگەر ئەم چیرۆك و بەسەرهاتەیش ڕاست بێ . نابێتە بەڵگەی خۆشەویستی _جنسی) منداڵ (کوڕ) بۆ دایکی، چونکە ئۆدیب جگە لە (پۆلیبۆس)ی پاشای (کۆدنەشە)و ژنەکەی کەسی دیکەی بە دایك و باوکی خۆی نەزانیوە.. ئەم هۆیەش بوو ئۆدیبی ئاوارە کردو کۆڕنەشەی بەجێهێشت.

نەورەسی: زۆر ڕاستە، ئەوە بوو پاش زانینی (وەکو ئەفسانەکە ئەڵێ) هەردوو چاوی خۆی دەرهێناو سەری خۆی هەڵگرت..

---

[٩٢]- گۆڤاری (كلية الآداب) زانکۆی بەغدا، ژمارە ٣٢، ساڵی ١٩٨٢.

بەهەشت: ئەی مەبەستی فرۆید لە (ئەلیکترا) چییەو ئەم ناوەی تری لە کوێ هێناوە..؟

نەورەسی: خوشکێ گیان فرۆید ئەڵێ (هەرچۆن کوڕ لە ئەنجامی کپ کردن و خەفەکردنی خۆشەویستی جنسی بۆ دایکی تووشی گرێی (ئۆدیب) ئەبێ.. هەروەها کچیش هەستێکی خۆشەویستی جنسی هەیە بۆ باوکی و ئەم خۆشەویستییە جنسییەی کچە بۆ باوکی ئەبێتە هۆی ڕق هەڵسان و بێزاری بەرامبەر بە دایکەکەی چونکە باوکی داگیر کردووە بۆ خۆی و بووەتە کۆسپ لەڕێی ئەم کچەدا کە ڕابوێرێ لەگەڵ باوکیدا.. دواجار پەیدابونی هەستێك بە گوناهکاری و تووشی (ئەلیکترا = Electra Complex) بون. وە بۆ ئەوەی بزانی فرۆید ئەم وشەیە لەکوێ هێناوە.. ئەمیش هەر لە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و پڕ و پووچەوە وەری گرتووە.. گوایا کچێك بەناوی (ئەلیکترا) حەزی جنسی لە باوکی ئەکرد بەڵام لە مێردایەتی باوکی بێبەری بوو ئەمە بووە هۆی ئەوەی براکەی (ئۆرست)ی هەڵنا، بۆ کوشتنی دایکیان و پاش کوشتنی دایکیشی مێردی کرد بە براکەی خۆی[٩٣].

---

[٩٣]- موسوعة علم النفس والتحليل النفس، ج١، ص٢٦٠.

ئەمیش پێویست بە هیچ چەند و چوونێك ناكات چونكە فرۆید خۆی ئەڵێ (ئەفسانەیەو) بە چیرۆكی ئەفسانەیی ناوی ئەبات .

ئەم خاڵانەی سەرەوە كورتەی ڕاو تیۆرو بیروباوەڕی فرۆید بوو لەبارەی جنسەوە..

* * *

بەهەشت: ئەی ڕای ئیسلام بەرامبەر بە جنس و چارەسەركردنی ئەم كێشەیە.. چییە..؟

نەوڕەسی: لە پێشدا ڕای ئیسلام زانایانی ئیسلامت بۆ باس ئەكەم ئەوجا دێینە سەر چۆنێتی چارەسەركردن و نەهێشتنی ئەو كێشەیە لای ئیسلام .

جنس لە ڕوانگەی ئیسلامەوە :

بەهەشت: جا کاکە گیان ئێستا ئیتر پێخۆشحاڵم لە ڕوانگەی ئیسلامەوە سەیری مەسەلەی جنس بکەین و بزانین ئایا ئیسلامیش (وەکو ئایینی فەلە بەو جۆرە) بێز لەو مەسەلەیە ئەکاتەوەو دەرگای وەڵام دانەوە لە ڕووی هەموو پرسیارێك دائەخات..؟ یان چی..؟

نەورەسی: خوشکە گیان:

١. مەسەلەی جنس مەسەلەیەکی سروشتی و فیطری و ڕوواوی ناخی دەروون و ژیانی مرۆڤە، هەر کەمتەرخەمییەك لەم مەسەلەیە بکرێت کەمتەرخەمی و پشتگوێ خستنی لایەکە لە لایەکانی ژیانی مرۆڤ.

بەهەشت گیان.. چۆنێتی پەیدابون و گەشەکردنی غەریزەی جنسی لە مرۆڤدا لە دەسەلات و وزەی مرۆڤ بەدەرەو.. بۆ ئەوەی مرۆڤ خۆی بە خۆی بزانێ لەگەڵ گەورە بون و گەشەکردنی مرۆڤدا ئەو غەریزەیەش گەشە دەکات و مرۆڤەکە بەرەو ئامانجە جنسییەکە ئەبزوێنێ.. نوسەری ئیتالی (بوکاشیۆ)[٩٤] لە کتێبی

---

[٩٤]- یەکێك بوو لە نووسەرانی سەردەمی ڕاپەڕینی ئەورووپا ساڵی (١٣١٣)ی زایینی (بە ڕێگای بێشەرعی) لەدایك بوو ساڵی ١٣٧٥ کۆچی دوایی کرد... چیرۆکەکانی چێژی نووسەرە موسڵمانەکانی تێدایە.

(دیکامیرۆن) و لە یەکێك لە چیرۆکە کورتەکانی ئەو کتێبەدا ئەڵێ (پیاوێك لە پیاوە ناودارەکانی . فلۆرنسە . ی ئیتاڵیان ژنێکی بوو زۆری خۆشئەویست، ژنەکەی مرد، پاش مردنی خێزانەکەی هەرچی سەروەت و سامانێکی هەبوو کردی بە پارەو پەلی کوڕە تاقانەکەی گرت و شاری بەجێهێشت و ڕووی کردە ئەشکەوت و چۆڵەوانی بۆ ئەوەی وەکو دێوانەو عەودالْ بژی.. بەڵێ ئەم پیاوە بووە هەردی و تەنیا ئەوەندە هەبوو جارجار بۆ شتومەك کڕین ئەهاتەوە بۆ ناو شار ئەوەی پێویستی بووایە ئەیکڕی و ئەیبردەوە بۆ ئەشکەوتەکەیان.. بەڵام هەرگیز کوڕەکەی لەگەڵ خۆی نەئەهێنا... بەم شێوەیە ڕۆژگارێکی زۆری تەنیایی و دوور لە هەموو ئاوەدانییەکیان بەسەر برد.. هەتا کوڕە تەمەنی گەیشتە هەژدە ساڵان و هەرەتی هەرزەکاری و لاوێتی و باوکەکەیشی ماڵئاوایی لە لاوێتی کردو بەرەو پیری و پشت کۆمی و چاو کزی ماندوێتی کەوتە ڕێ.. کوڕە داوای لە باوکی کرد کە لەگەڵ خۆیدا بیبات بۆ شارو فێری شت کڕین و هەڵسوکەوتی بکات، بۆ ئەو کاتەی ئەم پەکی ئەکەوێ و لە هات و چۆ ئەکەوێ.. بەڵێ باوکە و کوڕە بۆ یەکەم جار لە ژیانی کوڕەدا لەسەر شاخەکە هاتنە خوارەوە بۆ ئاوەدانی و بۆ شاری . فلۆرنسە. بەڵام کوڕەکە لە خۆشیدا خەریك بوو تووشی گەشکە

بێ.. هەرچی ئەدی یەکەمجار بوو لە ژیانیدا کە ئەیدی.. کۆشك و تەلاری ڕەنگاو ڕەنگی چەند نهۆم.. کەنیسە و گومەزی چوون بەگژ شینایی ئاسماندا.. هەزاران شتی جوان و سەرسوڕهێنەر.. هەر شتێکی ئەدی پرسیاری لە باوکی ئەکرد . ئەوە چییەو بۆچی وایە..؟ کەڵکی چییە..؟..؟

باوکیشی بە نەرمی و لەسەرخۆ بەپێی پلەی تێگەیشتنی ئەو بۆی باس ئەکرد و وەڵامەکەی ئەیدایەوە دەستی.. بەڵام لە ڕێگا تووشی پۆلێ کچ بون.. چۆن کچانێك؟؟.

ئەتوت پۆلە سوێسکەن و ڕەوت ئەکەن.. خۆیان ڕازاندبووەوە لە ئاهەنگێکی زەماوەن (شایی) بون.. کوڕەکە چاوی پێیان کەوت زۆر بە سەرسوڕمان و حەپەسانەوە وتی بە باوکی:

. بابە گیان ئەوانە چین..؟!

باوکە وتی: ڕۆڵە چاوت لەوانە بنوقێنەو سەیریان مەکە ئەوانە پیاو تووشی شەڕو دڵگرانی ئەکەن.

کوڕە وتی: چییان پێ ئەڵێن..؟ باوکەکەیشی ویستی سەری لێ تێکبدات بۆ ئەوەی نەهێڵێ زیاتر سەیری ئەو کچانە بکات و نەهێڵێ غەریزەی جنسی ببزوێ. وتی: ئەوە پێیان ئەڵێن سۆنەی سەوز..

بەڵام کوڕە چونکە لە ماوەی ژیانی هیچ کیژۆڵەیەکی نەدی بوو، چاوی بە کۆشك و تەلار نەکەوتبوو هەرگیز گاو گۆتەڵ و چارەوەو.. هتد.. نەدی بوو لەپڕ وتی بە باوکی: بابە گیان توخودا یەکێ لەو سۆنە سەوزانەم بۆ بێنە.

باوکە وتی: ئاخر کوڕم ئەو شتانە باش نین! خراپن!

کوڕە وتی: بۆچی بابە گیان هەموو شتێکی خراپ ئاوا جوان دروست کراون..؟

وتی: بەڵێ.

کوڕە وتی: بابە گیان نازانم لەم قسەی تۆ تێناگەم.. نازانم بۆ ئەو سۆنە جوانانە خراپن..؟

بەڵام من هەرگیز و لە ژیاندا هیچ شتێکم نەدیووە سەرنجم ڕاکێشێ و خۆشی خاتە دڵمەوە بە ئەندازەی ئەم سۆنانە، ئەم سۆنانە جوانترن لە وێنەی ئەو فریشتانەی بۆت باس ئەکردم.. توخوا بابە گیان دانەیەکیانم بۆ بکڕە با بیبەینەوە لەگەڵ خۆماندا، بڕیار بێ من خواردن و هەموو پێداویستیەکی ژیانی بۆ دابین ئەکەم..)[95] بەڵێ مەسەلەی جنسی فیطری و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدایە مرۆڤەکە بە خۆی بزانێ یان نەزانێ.

---

[95]- تطور العلاقات الجنسية، ص٢١٢-٢١٣.

٢. مەسەلەی جنسی بە مانا قووڵە زانستیەکەی نەك تەنیا هۆی مانەوەو وزەی بوژاندنەوەی مرۆڤ و پاڵەپەستۆیەکی بەهێزە بۆ دابین کردنی ژیان.. بەڵکو مەسەلەی جووتەی نێرو مێ، یان (جووتە) بنچینەی دانانی هەموو بونەوەر و هیچ زیندەوەرێك، چ گیاندارو چ ڕووەك و تەنانەت هەموو ڕەقەمەنی و نائۆرگانیکیش لە جووتە (هیچ نەبێ لە ئەلیکترۆن و پرۆتۆن) پێك هاتووە.

{ سُبْحَٰنَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْأَزْوَٰجَ كُلَّهَا مِمَّا تُنۢبِتُ ٱلْأَرْضُ وَمِنْ أَنفُسِهِمْ وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٦﴾ } سورة يس

جا بەهەشت گیان (وَمِمَّا لَا يَعْلَمُونَ) نەك تەنیا بۆ عەرەبە نەفامەکانی کاتی پێغەمبەر ﷺ بەڵکو بۆ زاناکانی سەدەی بیستیش!!

٣. ئیسلام هەرگیز ڕێی نەبڕیوەتەوەو داوای نەکردووە کە ئەندامەکانی ڕۆشنبیری جنسیان نەبێ بەڵکو (ئایینی ئیسلام ئەیەوێت هەموو موسڵمانێ بەقەدەر پێویست لەم پەڕو ئەوپەڕی جنسیش وەك گشت دیاردەو زانستەکانی دیکە بزانێ، چونکی لە پەیوەندی ژن و مێردایەتیدا جنس یەکێکە لە هەرە مەرجە بنەڕەتی و سەرەکییەکان.. بەڵام دواکەوتنی ژیرێتی ئەو خەڵکە بۆ خۆیان و دواکەوتنی ڕۆشنبیرێتی و کەم بون ـ یان نەبونی ـ ی مرۆڤی ڕابەرو نەترسی، زیاتر مەیدانیان بۆ ئەوە چۆڵ

کردووه))[٩٦] کە خەڵکی لای ئێمە ڕۆشنبیریێتی جنسیان نەبێ و ئیتر هیچ تاوانێکی ئیسلام نییە.. وا لە خوارەوە هەندێ نموونەت بۆ باس ئەکەم بۆ ئەوەی بزانی پێغەمبەری پێشەوامان ﷺ چۆن بە زەقی بەبێ پەردە باسی مەسەلە جنسیەکانی نێوان ژن و مێرد ئەکات.

أ. عن أبي ذر الغفاري (ر.ض) قال رسول الله ﷺ (وفي بضع أحدكم صدقه) يا رسول الله ﷺ أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها اجر؟!.

قال ﷺ ارايتم لو وضعها في حرام اكان عليه وزر؟ فكذلك إذا وضعها في الحلال كان له أجر) رواه مسلم[٩٧].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی بە هاوڕێکانی (و هەموو موسڵمانیش) لە بەکارهێنانی (هەرامەکەتان) لەگەڵ خێزانەکانتاندا خێرو پاداشتی لای خواتان دەست ئەکەوێت.. هاوڕێکانی بە سەرسامییەکەوە فەرموویان/ ئەی پێغەمبەری خوا چۆن ئێمە بۆ خۆمان ڕائەبوێرین و خۆشیمان پێ دەگات کەچی پاداشتی لای خوایشمان هەیە..؟

---

[٩٦] – ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل٢٧٩.

[٩٧] – ماذا عن المراة، ص٧٨.

مامۆستای ژیان ﷺ فەرمووی: ئایا ئەگەر ئەو (ئاوە) بکاتە جێگایەکی حەرامەوە سزا نادرێت..؟ هەروەها ئەگەر بیکاتە شوێنی حەڵاڵ و شەرعی خۆیەوە پاداشتی دەست ناکەوێت.

ب ـ (لا ترتموا على نسائكم كالبهائم بل اجعلوا بينكم وبينهن رسولا.. قيل وما الرسول يا رسول الله..؟ قال: القُبلة)[98]

مامۆستاکەی ژیانمان ﷺ فەرمووی بە هاوڕێکانی (هەموو موسڵمانێك) وەکو چوار پێ و ئاژەڵی مەکەون بەسەر ژنەکانتاندا، بەڵکو پەیامبەرێك (ی جنسی) با لەنێوندا هەبێ.. وتیان: ئەو پەیامە چییە ئەی پێغەمبەری خوا.. فەرمووی: ماچ و یەکتری ماچ کردنە.

ج . (إذا جامع أحدكم أهله، فليصدقها ثم إذا قضى حاجته قبل أن تقضي حاجتها فلا يعجلها حتى تقضي حاجتها)[99]

واتە: ئەگەر هەر کامتان کاری شەرعی کرد لەگەڵ خێزانەکەیدا هەر کە پیاوە زووتر ڕەحەت ئەبوو پەلە نەکات با خێزانەکەیش کاری خۆی ئەنجام بداو ڕەحەت بێ ـ وە هەروەها دەیان فەرموودەی تری سەرووەرمان.. بەڵێ بەهەشت گیان هەر ئەو

[98] – إحياء علوم الدين، بەرگی ٢، ل٥٢.

[99] – الحياة الجنسية في الاسلام، ص٣٨.

پێغەمبەرەی کە نەخشەی جەنگ و کاروباری سوپاو ڕزگارکردنی گەلانی دادەمەزراند.. غەریزەی جنسی مرۆڤی لەیاد نەکردبوو.

٤. خۆ ئەگەر باسی فەرموودەی زاناکانمان بکەین کە چۆن بێ پەرواو بە زەقی مەسەلە جنسییەکانیان باس کردووەو سنوورێکی تایبەتیان بۆداناوە هەر هەڵنابورێن:

أـ شێخ (جُنیدی) بەغدایی (سۆفی و خواناس دوور لە دنیا) ئەفەرموێ (أحتاج إلى الجماع كما أحتاج الى القوت)[١٠٠]

واتە: پێویستم بە ژن هێنان و کاری جنسی هەیە هەروەك چۆن پێویستم بە بە نان و خۆراك هەیە.

ب. پێشەوا غەزالی ئەفەرموێ (جنس و کاری جنس چەند سوودێکی گرنگی ئایینی و کۆمەڵایەتی هەیە:

١. سوودە ئایینیەکەی: کاری جنس خۆش و تام و مەزەی ڕابواردنی موسڵمانان لە بەهەشتدا پیشان ئەدا چونکە خۆشترین تام و مەزەی ڕابواردنی مرۆڤ لەم سەرزەوییەدا پێکگەیشتنی ژن و پیاو (جماع)ە. هەر وەکو چۆن ناهەموارترین سزا لە ژیانی مرۆڤدا ئاگرە[١٠١].

---

[١٠٠]– الدراسات النفسية عند المسلمين، ص١٨٧.

[١٠١]– هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

٢. سوورده کۆمەڵایەتیەکان: وەکو منداڵ بون و شکاندنی غەریزەی جنسی و ڕێکخستنی کارو باری ژیان لەنێوان ژن و مێرددا، هاوژین و هاوسەری ژیان و کوێر کردنی نەوس و گەلێ شتی تر[١٠٢].

ج - وتەی زاناکان و بێ پەردە باسکردنی مەسەلە جنسییەکان زۆر زۆرن بەلام وا فەرموودەیەکی ئیمام (رضا - خوا لێی ڕازی بێ) کە تەقە لە بنی مەنجەڵەکە هەڵدەستێنێ ئەکەینە نموونەی ئەوانی تر کە ئەڵێ (کاری جنسی مەکە لەگەڵ خێزانەکەتدا هەتا گەمەو گاڵتەی لەگەڵ ئەکەیت و یاری بە شوێنە جنسییە بزوێنەکانی ئەکەیت و مەمکی ئەگوشی و.. هەر کە ئەمانەت کرد ئەویش زەوقی هەڵئەستێ و ئاوی کۆ ئەبێتەوە چونکە ئاوی ئافرەت لە بن مەمکی هەیە، وە حەزکردن لەناو چاوان و ڕوومەتی بەدی ئەکەیت ئەو کاتە چەندە حەزت لێیە ئەویش ئەوەندە..)[١٠٣].

٥. بەلام جنس لای ئیسلام و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە -لەگەڵ ئەوەی کە ئیسلام و پێغەمبەری ئیسلام و زانایانی ئیسلام ئەو هەموو گرنگییەیان داوەتێ - جنس هەموو کاتێك و لە هەموو

---

[١٠٢]- احياء علوم الدين/٢/٢٥.

[١٠٣]- الحياة الجنسية في الاسلام، ص٤٠.

قۆناغـەکانی ژیانـدا هـۆو دەسـتەویژو ئـامراز (وسـیلە) یـە بـۆ گەیشتن بە ئامانج (غایـە)یکی پیرۆز نەك کارە جنسییەکە خۆی ئامانج بێ.. بەڵام ئەوانەی . وەکو فرۆیـد ـ مرۆڤیان جنس پێچ کردووەو هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤیان داوەتە دەس جنس و لایان وایە مرۆۆ گیاندارێکی جنسی ڕووتـەو هیچی تر.. وا نیـەو بە هەڵەدا چوون و لەسەر حیسابی گۆشەکان و بوارەکانی تری ژیانی مرۆۆ پێیان درێژ کردووە.. بەڵێ جنس پارچەیەکە لە مرۆۆ و شێلراوە لەگەڵ هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا.. بەڵام پارچەیەکە لە مـرۆۆ نـەك مرۆڤەکە خۆی نـەك هـەموو سـەروبەری مـرۆۆ[١٠٤].. هەموو غەریزەیـەکی مـرۆۆ (هـۆ)ن بـۆ گەیشـتن بـە (ئامانج).. خـوا مرۆڤـی دروسـت کـردووە بـۆ ئـەوەی بـە بەرهـەم و ئاوەدانکـەر و داهێنەر بێ.. نـەك هـەر وزە بـەکاربهێنێ و بەرهـەم بـەفیڕۆ بدات و دەستکەوتی بفەوتێنێ.

٦. لەبەرئـەوەی مـرۆۆ وەکـو ئـاژەڵ و گیانـدارەکانی تـر وەرزو کـاتێکی دیـاریکراوی نیـە بـۆ جـنس و کـاری جنسـی و مـرۆۆ سەربەستی تـەواوی جنسـی هەیـە.. پابەنـدی وەرزو کات، کاری

---

[١٠٤] - بـۆ زیـاتر تێگەیشـتن سـەیری (دراسـات في الـنفس الانسـانیة) ل١٩٦-٢٠٧ بکە.

تێناکات لەبەرئەوە ئەبێ ئیسلام سنووررو ڕێی و شوێنێ بۆ ئەم مەسەلە گرنگەی ژیانی مرۆڤ دابنێ..

دیارییە پیاو و ژن (نێرو مێ) لە کۆمەڵگای مرۆڤ و هەموو گیاندارەکانی تردا هەیە.. وە ئەو غەریزە زۆر قورسەیش هەیە.. پیاو بەرابەر بە ئافرەت وەستاوە.. کچ بەرابەر بە کوڕ چاوی چاوەڕێی جنسی قەتیسماوە، تاقانە دوو ڕێگایش هەیە بۆ چارەسەرکردن و تێرکردنی ئەم برسێتییە.. یان بێ دیاری کردن هەموو ژنێك بۆ هەموو پیاوێك.. نە ژن مێردی دیاریکراوی هەبێ و نە پیاو ژنێکی دیاری کراو.. یان ڕێگای دووەم کە هەر ژنەی بۆ پیاوێك و هەر پیاوەی بۆ ژنێك.. کە ئیسلام (و هەموو ئایینەکان) ڕێگای دووهەمیان هەڵبژاردووە، خۆ مەترسی ڕێگای یەکەم بۆ کۆمەڵ و دیاردەی پشێوی و کەڵەپەترە و نەبونی خێزان و لێ قەومان و ماڵوێرانی ئەو منالە زۆڵە بێ باوکانە و هەزاران مەترسی تر.. مرۆڤایەتی ئەخاتە گۆمێکی پڕ لە مەترسییەوە کە دوور نیە دواجار سەری مرۆڤایەتیش بخوات و بیکاتە قوربانی جنس.. مامۆستاو پێغەمبەرە دووربینەکەی ژیانمان ﷺ زۆر جوان زانیویێتی مرۆڤایەتی ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاژەڵی و دوور لە ڕەوشتییە (وفي حديث ابي هريرة الذي اخرجه الحاكم قال قال رسول الله ﷺ لا تقوم الساعة حتى توجد

المرأة نهاراً تنكح وسط الطريق لا ينكر ذلك أحدا فيكون أمثلهم يومئذ الذي يقول لو نحيتها عن الطريق قليلاً..)[١٠٥]

واتە: ژیانی سەرزەوی کۆتایی نایەت و ڕەستاخێز نایەت هەتا وای لێ دێ ئافرەت لە ڕۆژی ڕووناك و بە بەرچاوی خەڵکی لە ناوەڕاستی ڕێگا گشتییەکاندا پیاو ئەنێ لە خۆی و هیچ کەس نیە لۆمەو سەرزەنشتی بکات و کەس ناتوانێ نەهێڵێ.. پیاوێ خۆی بە شت بزانێ هەر ئەوەندە توانای هەیە بڵێ خۆزگە نەختێك لەسەر ڕێگاکە ئەتبردە ئەولاوە..) ئایا چڵکاو خۆرەکانی ئەورووپا لای خۆمان ئاواتی ڕۆژێکی وایان نیە..؟ ئایا شانازی بەم دیمەنە دڵ تەزێنە دوور لە هەموو مرۆڤایەتی و پڕ لە ژیانی ئاژەڵی و خووخدەی دڕندانە ناکەن..؟

٧. مرۆڤ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە نە فریشتە (ملائکە)یە وەکو میسالی و ئایدیالییەکان وا ئەزانن کە ئەبێ هەموو ئارەزوو و غەریزەیەکی جنسی خۆی خەفە بکات وەکو فریشتەیەك لە جیهانی ئەندێشەدا بژی وە نە بە شەیتان و گیاندارێکی چەپەڵ سەیری ئەکات و بە بەندەی ورگ و بەری بزانێ.. هەموو ئامانج و هیواو بیرکردنەوەو سەروبەری ژیانی تەنیا تێرکردنی ورگ و غەریزە بێسنوورە جنسییەکەی بێ.. وەکو مادییەکان لایان وایە.

---

[١٠٥]– خلق الانسان بين الطب والقرآن، ص٢١٢.

بەڵکو مرۆڤ لای ئیسلام . گیاندارێکی خاوەن لاشەو تەن و داخوازییەکان و دیسان خاوەنی گیان و پاك و بێگەردی گیانە. مرۆڤ ئەتوانێ خۆی بدات بەدەم لاشەوە هەتا ئەچێتە ڕیزی ئاژەڵ بەرگێکی شەیتان لەبەر ئەکات.. وە هەر ئەو مرۆڤە ئەتوانێ خۆی بدات لەدەم داخوازییەکان گیان (روح)ەوە هەتا لە پاکی و بێگەردی و دڵڕووناکی، وەکو فریشتەیەکی سەرزەوی لێدێ.. ئیسلام هەموو ئامانجێکی ئەوەیە (وەکو تاقانە بەرنامەیەکی واقیعی و ڕاستەقینە) چۆن لەناو ئەم دوو مۆتەکەیە بژی و تاقانەترین چارەسەری مامناوەندی بۆ دابنێ. بەکورتی ئایینی پیرۆزی ئیسلام میانەیە لە هەموو شتێکدا { وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَٰكُمْ أُمَّةً وَسَطًا لِّتَكُونُوا۟ شُهَدَآءَ عَلَى ٱلنَّاسِ } البقرة: ١٤٣.

واتە: بەو شێوەیە ئەی گەلانی موسڵمان ئێوەمان کرد بە میللەت و گەلێکی میانە بۆ ئەوەی چاودێر و ڕەخنەگر و ڕاست کەرەوەی هەڵەکان و ڕێبازە چەوتەکانی ئادەمیزادبن لەژیانی ئەم جیهانەداو شایەتی کردەوەکانیشیان بن لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا[١٠٦].

٨. جنس لە ڕوانگەی ئیسلامەوە غەریزەیەکی زۆر ترسناکە.. ئەگەر سەرکوت بکرێت و تێر نەکرێت مرۆڤایەتی بەرەو

[١٠٦] – سەری (في ظلال) و مانای ئەم ئایەتە بکە.

ترسناکی و بنەبڕی ئەڕوات و ئەگەر زیاتر لە پێویستی خۆی جڵەوی بۆ شل بکرێت دیسان بەرگی مرۆڤایەتی لە مرۆڤ دائەڕنێ و ئاژەڵێکی ناپەسەندی بەدڕەوشتی لێ دەرئەچێت[١٠٧] و هیچ هێزێك نیە بتوانێ برسێتی . یان ڕاستتر بڵێین هارێتی و کەف و کوڵی دامرکێنێ و تێری بکات.. وەکو ئەو تینوەی ئەیەوێ بە سوێراوی دەریا سوێراوەکان تێراو ببێ و تینوێتی بشکێت.

---

[١٠٧]- نظرية فرويد، دراسة وتحليل، ص١٢.

ئەی چارە... ؟

تاقانەترین چارەسەر ئەوەیە کە ئیسلام و قورئان (بەرنامە پیرۆزەکەی ئێمە) دایناوە.. کە ئەویش لە چەند خاڵێکدا باس ئەکەین..

یەکەم/ قەدەغە نەکردنی ژنهێنان: ئیسلام، هەرگیز مرۆڤ ناخەسێنێ بەناوی داوێن پاکی و ڕەوشت بەرزییەوە.. کاری جنسی بە گڵاو و چەپەڵ دانانێت.. بەڵکو ئیسلام ڕازی نابێ بەناوی ئایینەوە واز لە ژنهێنان و ژن و مێردی بهێنرێ و مرۆڤی موسڵمان خۆی بێبەری بکات لەو غەریزە سروشتییە.. فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا لەم بارەوە زۆر زیاترن لەوەی بۆ ئێمە بنوسرێن (لەم کتێبەدا) بەڵام وا تاقانە فەرموودەیەکی ئەخەینە پێش چاو بۆ ئەوەی بزانین پێغەمبەری پێشەوا چەندە دڵگرانە بە وازهێنان لە ژن هێنان و نەویستنی ژیانی خێزانی:

(عن انس رضي الله عنه) قال: جاء ثلاثة رهط الى بيوت أزواج النبي ﷺ يسألون عن عبادة النبي ﷺ فلما اخبروا كأنهم تقالوها وقالوا: أين نحن من النبي ﷺ وقد غفر له ما تقدم من ذنبه وما تأخر.. قال أحدهم اما انا فأصلي الليل أبدا، و قال الآخر وانا أصوم الدهر ولا أفطر وقال الآخر وان أعتزل النساء فلا أتزوج أبداً، فجاء رسول الله ﷺ اليهم فقال: انتم الذين قلتم

كذا وكذا، اما والله انى أشاكم لله وأتقاكم له، لكنى أصوم وأفطر، وأصلى وأرقد وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس منى، متفق عليه[١٠٨].

واتە: سێ پیاو هاتن بۆ ماڵی خێزانەکانی پێغەمبەری خوا بۆ ئەوەی پرسیار بکەن لە چۆنێتی خواپەرستی پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە چۆنێتی خواپەرستییەکەی پێغەمبەریان بۆ باس کردن بە کەمیان هاتە بەر چاو، وتیان: کوڕە ئێمە لەکوێ و پێغەمبەری خوا لە کوێ..؟!، ئەو خوا لە هەڵەی ڕابردوو و داهاتووی بووردووە پێویستی بە خواپەرستی زۆر نیە..

یەکێکیان وتی من بڕیارم داوە هیچ شەوێ ناخەوم و هەر شەونوێژ ئەکەم .

ئەوی تریان وتی: منیش هەموو ڕۆژانی ساڵ بەڕۆژوو ئەبم هیچ ڕۆژێکی لێ ناشکێنم .

سێهەم وتی: منیش بڕیارم داوە لە ئافرەت دوور ئەکەومەوەو هەرگیز ژن ناهێنم .

لەم کاتەدا پێغەمبەری پێشەوا ﷺ هاتەوە بەسەر قسەکانداو وتەکانیان بۆ گێڕایەوە.. ئەمجا پێغەمبەر ﷺ ڕووی تێکردن و فەرمووی (ئەوە ئێوە واتان وتووە.. بەڵام من سوێن بێ بە خوای

---

[١٠٨]- فمن رغب عن سنتي فليس مني، ص١٩-٢٠ سەیر بکە.

گەورە.. لە هەمووتان زیاتر لەخواترسم و خۆم لە هەمووتان زیاتر لە سنوورەکانی ئەپارێزم.. بەڵام بەڕۆژویش ئەبم و هەندێ ڕۆژیش بەڕۆژوو نابم.. شەونوێژیش ئەکەم و ئەیشخەوم.. وە ژنیش دێنم و دوورە پەرێز نابم لە ئافرەت.. ئەمە سوننەت و ڕێبازی ژیانی منەو هەر کەسە لەم ڕێبازە لا بدات پەیوەندی بە منەوە نیەو موسڵمان نیە.. جا سەیری پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن چۆن یەخەی خۆی هەڵئەتەکێنێ و لە ئیسلام بێبەری ئەکات ئەوەی ئەیەوێ ژن بهێنێ و لەکاری جنسی شەرعی هەڵێت..

کەواتە ژن نەهێنان لە ئیسلامدا نیەو موسڵمانان ئەبێ ژن هاوەرو خاوەن خێزان بێ.

دووهەم: دانانی یاسای ژنهێنان و ئاسانکردنی: پێش ئەوەی باسی ڕێی و جێی و یاسای ژن و ژنخوازی بکەین لەڕووانگەی ئیسلامەوە پێویستە بزانین ئایا ڕای ئیسلام بەرابەر بە ژنهێنان چییەو شەریعەتی ئیسلام (فقە) چی ئەفەرموێ:

أ. ڕای زانایانی ئیسلام (هەموو زاناکان) ئەوەیە: ئەوەی ترسی تووش بونی کاری جنسی حەرامی هەبێ ئەوە ئەرک (واجب)ێکی شەرعییە کە ژن بهێنێ و ئەگەر پشتگوێی بخات گوناهبار ئەبێ.. بەڵام ئەوەی ترسی نەبوو ئەوە سوننەتی پێغەمبەری خوایە

بیهێنێ و لە ژنهێنانەکەی خێری گەورەی دەست ئەکەوێ[١٠٩].. ئەمە ڕای زانایانی شەرع.. خۆ ئەگەر گوێ لە فەرموودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ بگرین سەیر ئەکەین دەیان فەرموودەی هەیە کە مرۆڤ بە تایبەتی لاوان هان ئەدات بۆ ژنهێنان، وە ژن هێنان بە نیوەی باوەڕ دائەنێت و ئەفەرموێ:

(إذا تزوج العبد فقد أستكمل نصف الدين، رواه البيهقي)[١١٠]

واتە: هەر بەندەیەکی خوا ژن بهێنێ وا نیوەی ئایینی تەواو کردووە وە ئەفەرموێ: (من تزوج فقد أحرز شطر دينه فليتق الله في الشطر الثاني[١١١]/ إبن الجوزي في العلل حديث انس)

واتە هەر کەسە ژنی هێنا بەشێکی ئایینەکەی تەواو کردووە، با لەخوا بترسێ و خۆی بپارێزێ لە فەرمانەکانی خوا بۆ تەواو کردنی بەشی دووهەمی.. بەڵێ پێغەمبەر ﷺ ژنهێنان و تێرکردنی غەریزەی جنسی بەنیوەی ئایین دائەنێ..

ب. بەڕاستی لەم ڕۆژگارەی کە موسڵمانان زۆر دوورن لە ئیسلامەوە مەسەلەی مارەیی وەکو مەسەلەی کڕین و فرۆشتنەکەی کاتی نەفامێتی عەرەبی لێهاتووە.. بەتایبەتی

---

[١٠٩]- فقه السنة، ص١٥، بەرگی ٢.

[١١٠]- المرأة بين البيت والمجتمع، ص٤٣.

[١١١]- إحياء علوم الدين، ص٢٣، بەرگی ٢.

هەندێك لە چینی ئافرەتی ڕۆشنبیرو خوێنەوار شانازی بە زۆری مارەیی و قوڕ بەسەراکردنی کوڕە هاوسەرەکەیەوە ئەکات.. لەگەڵ ئەوەیشدا مارەیی ئافرەت لە ئیسلامدا بریتی نیە لە کڕینی ئافرەتەکە.. بەڵکو بریتیە لە دیارییەك کوڕەکە و قەرزداری دەست پانکردنەوە لە خەڵکی نیە.. ئەمە لەلایەکەوە، لە لایەکی ترەوە پێشکەش کردنی مارەیی لەلایەن کوڕەکەوە مانای بەدەمۆچوون و پەرۆشی کوڕەکە (زیاتر لە کچەکە) ئەگەیەنێ، بۆ ئەوەی تای تەرازووی نرخی ئافرەتەکە لاسەنگ نەبێ، زۆرجار مەسەلەی مارەیی و گرانی ئافرەت (یان ڕاستتر بڵێین فرۆشتنی ئافرەت) وەکو لەم چەرخەی نەفامێتی سەردەمە بەدی ئەکەین، ئەبێتە کۆسپ و ئەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی زۆر نەخۆشی ڕەوشتی لە کۆمەڵەکەدا.. پێغەمبەری پێشەوا سەرنجی بۆ ئەم مەسەلە گرنگە ڕاکێشاوین و ئاگاداری کردووین کە پارەو ماددە لە ژیانی خێزانیدا شتێکی سەرەکی نییە.. زۆرجاری وا هەیە ژنە هەژارێك بەختیارترە لە ژنە دەوڵەمەندێك بۆیە پێغەمبەرمان فەرموویەتی:

(إذا جائكم من ترضون خلقه ودينه فزوجوه الا تفعلوا تكن فتنة في الأرض وفساد كبير)[112]

---

[112]- الحياة الجنسة في الأسلام، ل٢١.

واتە: هەر کەسە هاتە داخوازی کچەکەتان لەڕووی ڕەوشت و ئایینەوە تەواو بوو کوڕێکی ڕەوشت بەرزو ئایین پاك بوو کچەکەی بدەنێ (و چاوتان لەناو دەوڵەمەندی و.. نەبێ خۆ ئەگەر (لەبەر ئەو شتە ماددیانە) کچەکەتان ئەدەن بە شوو و بەلایەکی گەورەو بەدڕەوشتی و داوێن پیسییەکی گەورە بڵاوئەبێتەوە..) ئەوە بۆ خاوەن کچ و کچەکە.. دیسان ڕوو ئەکاتە کوڕە موسڵمانە ژنهێنەرەکەو، ئەفەرموێ:

(من تزوج امرأة لعزها لم يزده الله إلا ذلا، ومن تزوجها لمالها لم يزد الله الا فقرا، ومن تزوجها لحسبها لم يزده الله إلا دناة ومن تزوجها لم يرد بها إلا أن يغض بصره ويحصن نفسه بارك الله له فيها وبارك لها فيه)[113]

واتە/ هەر پیاوێك ئافرەتێك بهێنێ لەبەر پایەبەرزی ناو خەڵکی، خوای گەورە زیاتر پەست و خواری ناو کۆمەڵی ئەکات.. وە هەر کەسە ئافرەتێك بخوازێ لەبەر دەوڵەمەندی ئافرەتەکە، خوای گەورە زیاتر هەژارو ڕەجاڵی ئەکات.. وە هەر کەسە دڵی لە هەر ئافرەتێك بچێ و بیهێنێ، تەنیا لەبەر حەز لێکردن و ڕابواردنی جنسی، خوای گەورە لەبەرچاوی یەکتری سووك و ڕیسوایان ئەکات و خۆشەویستیەکە ئەبێتە نزمی پلەی هەریەکەیان

---

[113]– تطور العلاقات الجنسية، ص١٨٣.

لەبەرچاوی ئەوی تر.. بەڵام هەر کەسە ئافرەتێك بهێنێ بۆ ئەوەی چاوی لە شەرەف لستنەوەی خەڵکی بگرێ و خۆی نەوس کوێر بکات و قەڵایەکی ڕەوشت بۆ خۆی دامەزرێنێ ئەوە کورەکە خێر لە کچە ئەبینێ و پشووی دڵی دەست ئەکەوێت، کچەکەش خێر لە مێردەکەی ئەبینێ و خێزانێکی بەختیار دروست ئەکەن.. وە دیسان ئەفەرموێ: (تنكح المرأة لأربع، لحسبها، لجمالها، و لدينها، فاظفر بذات الدين تربت يداك)[114]

واتە: ئەوانەی ژن ئەخوازن لەبەر خاتری چوار شتی ئافرەتەکەیە.. یان لەبەر دەوڵەمەندی ئافرەتەکە ئەیخوازێ، یان لەبەر ئۆجاخ زادەیی و کەسداری ئافرەتەکە، یان لەبەر جوانی ئافرەتەکەیە یان لەبەر دینداری ئافرەتەکە بەڵام تۆ (ئەی موسڵمان) ئافرەتێکی خاوەن باوەڕو ئایین پەروەر بهێنە دەستی خۆتت وەشاندووەو نێچیری خۆتت دەست کەوتووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم فەرموودانەی سەروەرمان ﷺ بۆمان دەرئەکەوێ کە نرخی ئافرەت بەرز نابێتەوە بە گرانی مارەییەکەی و لەبەر چاوی مێردەکەی (ئەگەر موسڵمان بێ) کەم و زۆری مارەییەکەی قورس و سووکی ناکات.. هەر لەبەر ئەمەیە پێغەمبەر ئەفەرمووێ:

---

[114]- الروضة الندية، ص٤.

(من بركة المرأة السرعة تزوجها و يسر مهرها)
واتە: لە فەڕداری و خێرداری ئافرەتە کە زوو بدرێ بە شوو، مارەییەکەیشی سووك و ئاسان و کەم بێ.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا پیرۆزە زێڕینەکەی ئیسلام و سەیری چۆنێتی کچ بەشوودان و ژن و ژنخوازیان بکەین.. سەیر ئەکەین بەهیچ شێوەیەك دیمەنی ئەرك و ماندوێتی بیانوو گرتنی تێدا نەبووەو زۆر بە ئاسانی ئەم مەسەلە پیرۆزەیان جێبەجێ کردووە.. وەکو:

أ. فاطمە ی کچی پێغەمبەر ﷺ کاتێ مارەی کرد لە عەلی کوڕی ئەبو طالب (خوا لە هەموویان ڕازی بێ) مارەییەکەی پارەی قەڵغانێکی جەنگ بوو کە لە چەند درەمێك تێنەئەپەڕی.

ب. پیاوێك هاتە لای پێغەمبەری سەروەرمان و فەرمووی (ئەمەوێ فلانە کچ بخوازم) فەرمووی (هیچت هەیە بیکەیتە مارەیی..؟) پیاوەکە وتی (نەخێر) پێغەمبەر فەرمووی بڕۆ لە ماڵەوە بگەڕێ بزانە هیچت دەست ناکەوێ.. ڕۆیشت و هاتەوە لای پێغەمبەری خۆشەویست و وتی (هیچم دەست نەکەوت) پێغەمبەر ﷺ فەرمووی تەنانەت ئەموستیلەیەکی ئاسنیشت نیە.؟!

پیاوەکە وتی: نەوەڵڵا.. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی چەندە قورئانت لەبەر کردووە.. پیاوە وتی: ئەو سورەتەو ئەو سورەتە، پێغەمبەر ﷺ مارەی بڕی لە کابرا لەسەر ئەو ئەندازە قورئانەی لەبەری کردبوو..

ج. زانای پایەبەرز و بەناوبانگی ئیسلام (سعیدی کوڕی مسیب خوا لێی خۆش بێ) کچێکی زۆر زاناو جوانی هەبوو لەکاتی میرنشینی ئەمەوییەکاندا (عبدالملك ی کوڕی مەڕوان) داخوازی ئەم کچەی کرد بۆ (ولید)ی کوڕی.. وە بڕیاریدا کە کێشانەی کچەکە بکاتە ئاڵتون و بە شێوەی مارەیی بیداتە کچە[١١٥].

بەڵام سعیدی خواپەرست قایل نەبوو بە تێکەڵاوی لەگەڵ خێڵی ئەمەوییەکاندا لە لایەکەوە لەلایەکی ترەوە کچ فرۆش نەبوو..

ئەی چۆن دای بە شوو..؟ ئایا بە پارەیەکی زیاتری دا..؟؟

با گوێ لە عبداللە ی کوڕی أبو وداعە . کە یەکێك بوو لە قوتابییە زیرەك و خواپەرستەکانی خۆی بگرین، (لەو ماوەدا کە زۆر لە کۆڕو دانیشتنەکانی (سعید)دا بەشداریم ئەکردو هۆگری بوو بووم، ماوەیەك ون بووم کاتێ هاتمەوە لای سعید، فەرمووی: ئەوە (عبداللە) ئەم ماوەیە لەکوێ بوویت..؟

١١٥- ماذا عن المرأة، ص٦٣.

وتم: قوربان خێزانەکەم مامۆستا خۆش، هەندێك سەرقاڵی ئەوە بووم.. فەرمووی: ئەی بۆچی ئاگادارت نەکردین با ئێمەیش لە پرسەکەتدا هاوبەشیمان بکردیتایە..؟

(پاش ماوەیەك گفتوگۆ گەرەکم بوو بڕۆم) مامۆستا فەرمووی: ئەرێ عبدالله ئەی لە هیچ کوێوە ژنێ شتێکت پەیدا نەکردووە..؟

وتم: قوربان . خوا ڕەحمت پێ بکات. کێ ژن ئەدا بە ڕەجاڵێکی وەکو من، هەمەو نیمە یان دوو درەم یان سێ درەم پارە شك ئەبەم.. مامۆستا فەرمووی: من.. بە پەرۆشییەکەوە وتم: چۆن..؟ تۆ، جا ئەمدەیتێ..؟!

فەرمووی: بەڵێ و دەستی خستە ناو دەستم دەستی کردە مارە بڕینی کچەی لە من لەسەر دوو درەم یان سێ درەم.. پاش مارەبڕین هەڵسام نەمئەزانی لە خۆشیاندا بۆ کوێ بڕۆم و چی بکەم؟؟

ئەو کچەی کە بنەماڵەی خەلیفە و بەو هەموو سامان و دەبدەبەوە شەیدای بون ئێستا بەدوو درەم لە منی مارە کرد.. ئێوارە بەڕۆژوو بووم.. لە مزگەوت نوێژم کردو گەڕامەوە بۆ ماڵ بۆ ئەوەی بەربانگ بکەمەوە هەر بیرم لەوە ئەکردەوە.. پارە لەکێ قەرز بکەم.. دەست بکەم بە پشتێنی کێدا..؟ سەیرم کرد یەکێك دای لە دەرگا.. وتم ئەوە کێیت..؟

وتی: سعید.. منیش بە شێوەیەك بیرو هۆشم پەرت بوو بیرم لە هەموو سعید ناوێك ئەكردەوە تەنیا (سعیدی كوڕی مسیب)م بەبیردا نە ئەهات.. چونكە ئەوە ماوەی چل ساڵە (سعید) لە هیچ جێگایەك نەبینراوە تەنیا لەماڵەوە بۆ مزگەوت و لە مزگەوتەوە بۆ ماڵ.. هەڵسام و چووم بە دەمیەوە و دەرگاكەم كردەوە، سەیرم كرد (مامۆستا سعیدی كوڕی مسیب)ە، یەكسەر لە دڵی خۆمدا وتم: بە خوا ڕەنگە لە ڕاكەی پەشیمان بوو بێتەوە.. وتم: مامۆستا بۆچی عەزیەتت كێشاوە ئاگادارت بكردمایە من ئەهاتمە خزمەتت.. فەرمووی: نا، هەقی تۆیە خەڵكی بێن بۆ لات.. وتم: قوربان فەرموو.. وتی: برا تۆ كابرایەكی بێ خێزان بوویت و ژنت مارەبڕی.. حەزم نەكرد ئەمشەو بەتەنیا شەو بەسەر بەریت.. فەرموو ئەوە خێزانەكەت.. سەیرم كرد لە دوایەوە ئافرەتێك وەستاوە.. ئافرەتەی كردە ژوورەوەو خۆی لێی دا ڕۆیشت.. دەستیم گرت و بردمە ژوورەوە سەیرم كرد جوانترین ئافرەت و شارەزاترین كەسە لە قورئان و فەرموودەكانی پێغەمبەردا ﷺ[116]..

---

[116] – احياء علوم الدين، المطبعة التجارية، ص١٠٤، ج٢، لە كتێبی (تطور العلاقة الجنسية بين الرجل والمرأة) ل١٨٢.

د. ڕەنگە هەندێ دوور لە موسڵمان و ناشارەزا لە ئیسلام بڵێ ئەو هەڵوێستانە ناوێزەیە (شاذ)و لە سەدە سەرەتاییەکانی ئیسلام ڕوویداوەو ئێستا هەرگیز شتی وا نابێ.. با بزانین ئێستایش وە لە ڕۆژانی پڕ لە نەفامێتی سەدەی بیستدا.. زۆر لەو هەڵوێستە ئیسلامییانە (لەخوا بەزیاد بێ بەدی ئەکرێن.. هەر ئەمساڵ (١٩٨٢) مامۆستا شارەزووری ئامادەی مارەبڕینی (کچێکی موسڵمانی ئەندازیار بۆ کوڕێکی موسڵمانی ئەندازیار) بوو کە هەردووکیان ئەندازیار بون لە بەڕێوەبەرایەتی ناوخۆی پارێزگای کەرکوك.. مارەییەکەی بریتی بوو لە لەبەرکردنی سورەتی (أنعام) و (نور) دیاری قورئانێکی زەرکەفت و هیچی تر و دەیان لەم تابلۆیانە هەیە.

هەرزانی مارەیی و لابردنی کێشەی دارایی و سامان و پارە پەیدا کردن یەکێکە لەو خاڵانەی ئیسلام چارەسەری کێشەی جنسی پێ ئەکات.

سێهەم: بۆ دەوڵەتی ئیسلامی هەیە لە سامانی گشتی ژن بۆ لاوەکان بگوێزێتەوە ئەگەر چی پارەی (زەکات)یش بێ..

(لەکاتی خەلافەتی عمری کوڕی عبدالعزیز دا (خواڵێ ی ڕازیبێت) بە پارەی زەکات ژنیان بۆ لاوانی سەراسەری وڵاتی ئیسلامی هێنا..)[117].

چوارەم: لای ئیسلام پەیوەندی نێوان ژن و مێرد زۆر پیرۆزە، بەشێوەیەك هانی خۆشەویستی نێوان ژن و مێرد ئەدا ئەیگەیەنێتە ڕیزی خواپەرستی..

سەروەرەکەمان ﷺ ئەفەرموێ:

(أن الرجل إذا نظر إلى إمرأته ونظرت إليه نظر الله اليهما نظر رحمة، فاذا أخذ بكفيها تساقطت ذنوبها من خلال أصابعهما[118]- الرافعي في تأريخه عن ابي سعيد الخدري).

واتە: کاتێ پیاو (مێرد) بە خۆشەویستیەوە سەیری ژنەکەی ئەکات و ژنەکەی (بەهەمان خۆشەویستیەوە) سەیری مێردەکەی ئەکات، خوای گەورە بەچاوی ڕەحمەت و خێرەوە سەیری هەردووکیان ئەکات، خۆ ئەو کاتە پیاوەکە دەستی خۆشەویستی ئەخاتە ناو دەستی ژنەکەی و دەستی یەکتری ئەگرن گوناهەکانیان لەنێو پەنجەکانیانەوە هەڵئەوەرێ.

117- حوار مع الشيوعيين في اقبية السجون، المحامي عبد الحليم الخفاجي، ص٣٣٢.

118- فيض القدير، ص٣٣٢، ج٢.

کام هاندان لەم فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بەرزتر هەیە..؟؟

پێنجەم: داخستنی دەرگای داوێن پیسی و کاری جنسی ناشەرعی نێوان ژن و پیاو.

بەهەشت: کاکە گیان.. کاك صبحی خۆمان چەند خاڵێکی جوانی نووسیوە لەسەر هۆی پەیدابونی داوێن پیسی و بەرەڵلایی ئەگەر ئەفەرمووی ئەیخوێنمەوە.

نەورەسی: فەرموو..

بەهەشت: ئەڵێ (بێگومان ئەمەیش وەك گشت دیاردەکانی دیکەی ژیان هۆی تایبەتی و مەوزوعی هەیە کە ئەمانەی لای خوارەوە تا ڕادەیەك بونەتە مەرجی پەیدابونی ئەو دەردە:

١. بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی نابەجێی فرۆیدی لەناو لاوەکانداو بەجۆرێ کە جنس بە گەورەترین شت لە ژیاندا وەربگرن.

٢. دواکەوتنی ژنهێنان، کار دەکاتە سەر ئافرەتیش و پیاویش کە لە تەمەنێکی گەورەدا ژن بێنن یان شوو بکەن.

٣. بونی بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی ڕۆژانەی لاواندا، نەبونی یانەی کات بەسەربردن و کتێبخانەو شوێنی یاری کردن و ڕابواردن.

٤. پێ لێهەڵبڕینی ئافرەت لە خۆدەرخستنی ئەندامانی هەست ڕاکێشەرو جۆش جوڵاندن، وەك دەرپەڕاندنی سمت و سنگ و

مەمك، بێ ئەوەی حیسابێ بۆ شەرم و شكۆ بكرێ، هەموو وەك كەرەسەی پیشاندان لەسەر شەقام و شوێنە گشتییەكاندا دەردەكەون.

٥. نەبونی سەربەستی هەڵبژاردنی هاوسەرو تێر نەكردنی ژن لەلایەن پیاوەكەیەوە..) وە مامۆستا (صباح) دەربارەی ئافرەتی سۆزانی و پیاوی شەرواڵ پیسەوە ئەڵێ (ئافرەت و پیاوی داوێن پیش وێنەی ڕەسەنی خۆیان تێكداوەو مرۆڤایەتیان و نەفسییەتیان دۆڕاندووە، ئەو جۆرە پەیوەندییەش نامرۆڤانەیەو لە بنچینەدا لەسەر هەڵخەڵەتان و بازرگانی و دەست گەرم كردنەوە دروست ئەبێ، پیاو بۆ دڕندەیی و ئاژەڵی ڕادەكێشێ و لە ئازارو ئۆف بەولاوە بەهیچ ناگەن، هەستێكی قووڵ بە پڕنەبونەوەی ئەو بۆشاییە دەكەن، بەرەو هەڵدێرو زویری و بیر تەسكی ژیان ڕایان دەكێشێ)[١١٩].

ئەوڕەسی: زۆر جوانە، بەهەشت گیان، جا هەر لەبەر ئەم خۆفرۆشتن و مرۆڤایەتی ژێر پێخستنەیە ئیسلام سزاو تۆڵەی بۆ شەرواڵ پیسان و سۆزانی داناوە.. بۆیە ئەمڕۆ كە ئەو تۆڵەو سزا خواییانە نەمان كۆمەڵ چەپەڵ ئەبێ و كەس لە شەرەف و ماڵ و دارایی و ئابڕووی دڵنیا نیە.

---

[١١٩]- ئافرەت لە چیرۆكی كوردیدا، ل٢٧٧-٢٧٨.

ئا بەم شێوەیە بۆت دەرکەوت کە ئیسلام تاقانەترین چارەسەر بۆ جنسی و کێشەی جنسی دائەنێ و نە سەرکوتی ئەکات وەکو مەسیحی میسالیەکان نە بەرەڵڵای ئەکات و کۆمەڵ پیس ئەکات وەکو ماددی و فرۆیدییەکان.. بەڵکو بە پیرۆز و لە سنوری ڕێز و خۆشەویستیدا جێگای ڕاستەقینەی خۆی و چارەسەری پڕ بە پێستی خۆی بۆ دائەنێ.

کوشتن یان مارەبڕین :

بەهەشت: کاکە گیان بەداخەوە ئیسلام وەکو لە زۆربەی مافەکانی مرۆڤدا ئافرەتی لەبیرچووە، هەروەها لەڕووی جنسی و هەڵبژاردنی هاوسەر و هاوژینی خۆی هیچ جۆرە مافێکی نەداوەتێ، پیاو (باوك یان برا) بۆیان هەیە بێ پرس و بەناوی مارەبڕینەوە بیفرۆشن.. چۆن ئەبێ ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەمە هەڵوێستی بێ بەرابەر بە ئافرەت.. نیوەی کۆمەڵ دایك و خوشك و ژن و هاوسەری هەموو پیاوانن،..؟!!.

نەوڕەسی: ئای بەداخەوە بۆ تۆ بەهەشت گیان.. چۆن لەبارەی ئافرەتەوە ئەوەندە لە ئیسلام ئەزانی..؟ چۆن ئەوەندە بێئاگای لەو مافە ڕەوایانەی کە ئیسلام پێش (١٤٠٠) ساڵ دیاری کردووە ئێستایش لە سەراسەری زەویدا لە هیچ دەوڵەتێکدا ئافرەت نەگەیشتوونەتە ئەو مافانە..؟ ئەی بەداخەوە بۆ تۆ خوشکێ گیان.

بەهەشت: هەروا هەندێ ئامۆژگاری پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ بیستووە لەبارەی ئافرەتەوە فەرموویەتی بەڵام بەو شێوەیە نییە..

نەوڕەسی: ئەم باسەی من و تۆ ماوەی ئەوەمان نادات هەموو مافە ڕەواکانی ئافرەتت لە ئیسلامدا بۆ باس بکەم، چونکە

جیهانێکی بەربڵاو و فرە لایەنە. بەڵام بەسەر پێیەکەوە باسی مافەکانت بەگشتی بۆ ئەکەم و مافی جنسی و مافی شووکردن و هەڵبـژاردن و دیاری کردنـی هـاوژین و مێردەکـەیت، نـەختێك درێژتر بۆ باس ئەکەم.

١. ئیسلام لەڕووی مرۆڤایەتییەوە بە یەك چاو سەیری ئافرەت و پیاو ئەکات و هیچ جیاوازییەکیان نیە{يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُوا۟ رَبَّكُمُ ٱلَّذِى خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَٰحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءً } النساء:١.

واتە: ئەی ئادەمیزادان (ژن و پیاو، نێرو مێ) لەو خوایە بترسن کە دروستی کردوون لە یەك (نفس = گیان، دەروون) دوایی هەر لەو (نفس)ە ژنەکەی بۆ دروست کردو لەو جووتە کەسە پیاو و ژنێکی زۆری لێ خستنەوە.. لە کاتێکدا تا ئەم ساڵانەی دوایی ئەورووپا لای وابوو چۆنێتی دەروونی ئەو گیانەی ئافرەتی لێ دروست بووە جیاوازە لەگەڵ دەروون و گیانی پیاودا بەڵام.. بەلای ئیسلامەوە لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ژن و پیاو هیچ جیاوازییەکیان نیە.

٢. لەڕووی ئاین و ئەرکی ئایینی و پاداشتی خوای (ژن و پیاو) هیچ جیاوازییەکیان نیە: { مَنْ عَمِلَ صَٰلِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُم بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ } النحل:٩٧

واتە: هەر کەسە کردەوەی چاك بکات ئیتر پیاو بێ یان ژن نێرینە یان مێیینە، ئەوە بە باوەڕدارو موسڵمان دائەنرێت.. بە ژیانێکی پاك و ئاسودە ئەیژێنین وە گەڵ چاکتر لەو کردەوە چاکانەی ئەوان ئێمە پاداشتیان ئەدەینەوە، ئەمەو گەڵ ئایەتی تری قورئانی پیرۆز لەم بارەوە[120].

٣. سەربەستی بیروباوەڕ: ئافرەت لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەرپرسیار نیە لە بیروباوەڕی مێردەکەی و مێردەکەشی هەروەها. هەریەکەیان مافی سەربەستی بیروباوەڕی هەیە و هەریەکەیان چ ئایینێك چ بیروباوەڕێك هەڵئەبژێرن سەربەستن.. پیاوی بۆی نییە بەزۆر ژن موسڵمان بکات دروستە پیاوی موسڵمان ئافرەتێکی گاور یان جوولەکە مارە بکات و گەرچی ئافرەتەکەیش لەسەر ئایینەکەی خۆی بمێنێتەوە..

بەهەشت: کاکە گیان هەندێك ئەڵێن گوایا ئێستا ئەم مارەبڕینە دروست نیە، چونکە ئەو گاور و جوولەکانە لەسەر ئایینە ڕاستەکەی خۆیان نەماون..؟

[120]– سەیری کتێبی (الفهرس الموضوعي لآيات القرآن الكريم، ص٤٣٦–٤٤٠ بکە).

نەورەسی: وانییە بەهەشت گیان، چونکە کاتێ ئایەتی: { ٱلۡيَوۡمَ أُحِلَّ لَكُمُ ٱلطَّيِّبَٰتُۖ وَطَعَامُ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ حِلّٞ لَّكُمۡ وَطَعَامُكُمۡ حِلّٞ لَّهُمۡۖ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنَٰتِ وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ } المائدة: ٥

واتە: (ئەمڕۆ لە هەموو خواردنێکی پاك و خاوێن بۆ ئێوە ڕەوایە.. هەروەها دروستە و ڕەوایە بۆتان لەو ئافرەتە داوێن پاکانەی لەپێش هاتنی ئایینی ئیسلامدا خاوەن پەڕاوێکی ئاسمانی بون (واتە گاورو جوولەکە) بخوازن و لەسەر ئایینی خۆیشیان بمێننەوە..) ئایا کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە ئایینی مەسیحی یان جوولەکە، ئایینە ڕاستەکەیان مابوویەوە...؟ یان کەس ئەیتوانی بزانێ کە بنەچەی ئەو گاور و جوولەکانەی کاتی پێغەمبەر ﷺ و، نیوە دوورگەی عەرەب ئایا باوو باپیریان جوولەکە یان گاور بون..؟ دیارییە ئایینەکەیان هەر وەکو ئێستا گۆڕا بوو، وە زانینی بناغەو بنچینەی ئەوانە وەکو ئێستا وابووە.. ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی ترەوە سەیری خێزانەکانی (نوح) پێغەمبەر و (لوط) پێغەمبەر (سەلامی خوایان لێ بێت) بکەو بزانە کە خۆیان پێغەمبەری خوا بون و (مرسل) بون کەچی خێزانەکەیان کافر و خوانەناس بون قورئان ئەفەرموێ: { ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ كَانَتَا تَحۡتَ عَبۡدَيۡنِ مِنۡ عِبَادِنَا صَٰلِحَيۡنِ } التحريم: ١٠

واتە: خوا نمونە بۆ کافرو خوانەناسەکان ئەهێنێتەوە بۆ خێزانەکەی (نوح) پێغەمبەر و (لوط) پێغەمبەر، کە هەردووکیان خێزان و هاوسەری دوو بەندە لە بەندە چاکەکانی ئێمە بون..) کەچی کافریش بون. وە بە پێچەوانەی ئەمانیشەوە ئەفەرموێ:

{وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا لِّلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱمْرَأَتَ فِرْعَوْنَ }التحريم: ١١

واتە: خوا نموونە بۆ موسڵمانەکان و باوەڕدارەکان بە خێزانە موسڵمانەکەی (فرعون) ئەهێنێتەوە، فرعون کە هێمای هەموو ستەمکاران و ملهوڕانی مێژووە کەچی خێزانە خواناسەکەی (ئاسیەی کچی مزاحم) نموونەی ئافرەتی خواویست بوو..

کەواتە/ ئافرەت سەربەستە لە هەڵبژاردنی بیروباوەڕو ئایین و، مێرد بۆی نیە بەزۆر بیروباوەڕ بسەپێنێ بەسەریدا.

٤. مافی ماڵدارێتی: لەو سنوورە تەسکەی ماڵدارێتی تاك (الملكيه الفرديه) کە ئیسلام ددانی پێدا ئەنێ بۆ پیاو، ئافرەتیش وەکو ئەو پیاوە (سەربەسەر) ئەو مافەی هەیەو ئەتوانێ خاوەن شت بێ و خۆیشی فەرمانداری ئەو شتانەی خۆیەتی بۆ کەس (مێرد، برا، باوك، هەر پیاوێکی تر) نیە بێ پرسی ئەم ئافرەتە بەکاری بهێنێ و ئەم ئافرەتە خاوەن شتە ئەتوانێ قەواڵە و پەیماننامە مۆر بکات و کەس ناتوانێ هەڵی بوەشێنێ. (أم هانی کچی أبو طالب) خوشکی (عەلی کوڕی أبو

طالب) خوا لە هەموویان خۆش بێ، زەوییەکی دابوو بە نیوەکار بە کابرایەکی بتپەرستی مەککەیی.. حەزرەتی (عەلی) پێی ناخۆش بوو هەڕەشەی کوشتنی کابرای کرد.. (أم هانی) ڕۆیشتە لای پێغەمبەری خوا ﷺ سکالای خۆی کردو فەرمووی: من پارچە زەوی و کێڵگەیەکم هەیە، داومە بە نیوەکار بە فلانە کەس، ئێستا عەلی برام هەڕەشە لە کابرا ئەکات..

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی زەوی زەوی خۆتەو منیش ئەڵێم تۆ بە هەرکەسی بدەی بەکرێ دراوەو (ئارەزووی خۆتە)[121].

٥. مافی کارکردن و یەکسانی لەگەڵ پیاو لە کرێدا: هەرچەندە شەریعەتی ئیسلام ژیانی ئافرەتی مسۆگەر کردووە.. ئیتر ئەو ئافرەتە، ژن بێ، یان کچ، دایك، خوشك.. ژیانی و پێداویستیەکانی ژیانی ئەرکی سەرشانی پیاوە.. لەگەڵ ئەوەیشدا بوێ هەیە کار بکات بەڵام بەسێ مەرج:

أ- گونجاندنی کارەکە لەگەڵ ئافرەتەکە، وەکو ئافرەت لەڕووی فەسیۆلۆجی و بایۆلۆجییەوە.

ب . پێویست بێ کار بکات.

ج . شەرەفی پارێزراو بێ و جێگای کارکردنەکەی لەناو پیاواندا نەبێ.

---

[121] - المرأة بين البيت والمجتمع، ص٢٩٤.

قورئان چوارچێوەیەکمان لەبارەی کارکردنی ئافرەتەوە بۆ دائەڕێژێ لە بەسەرهاتێکی (موسی) پێغەمبەرەوەو ئەفەرمووێ:

{ وَلَمَّا وَرَدَ مَآءَ مَدْيَنَ وَجَدَ عَلَيْهِ أُمَّةً مِّنَ ٱلنَّاسِ يَسْقُونَ وَوَجَدَ مِن دُونِهِمُ ٱمْرَأَتَيْنِ تَذُودَانِ ۖ قَالَ مَا خَطْبُكُمَا ۖ قَالَتَا لَا نَسْقِى حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ ۖ وَأَبُونَا شَيْخٌ كَبِيرٌ } القصص: ٢٣

واتە: کاتێ موسی پێغەمبەر گەیشتە سەر ئاوەکەی (مەدیەن) سەیرێکی کرد کۆمەڵێ خەڵك ئاژەڵ ئاو ئەدەن، لەولایشەوە دوو ئافرەت دوور لەوان وەستاون و ئاژەڵەکانیان قەدەغە ئەکەن لەئاو خواردنەوە، موسی فەرمووی چیتانە..؟ بۆچی ئەو ئاژەڵانەی ئێوە ئەیانەوێ بڕۆن ئاو بخۆنەوە کەچی ئێوە ئەیانگێڕنەوە.. کچەکان وتیان ئێمە ئاژەڵەکانمان ئاو نادەین هەتا ئەو شوانانە (پیاوانە) نەڕۆن و سەر ئاوەکە (بیرەکە) چۆڵ نەکەن و ئێمە کچی پیاوێکی پیری تەمەن گەورەی بەساڵاچووی گەورەین.. لەم ئایەتە قورئانیەوە دەستمان ئەکەوێت...

١. ئافرەتەکانیان کاریان کردووەو کارەکەیش لە وزەی ئەواندا بووەو گونجاوە لەگەڵ سروشتی ئافرەتی ئەواندا .

٢. هەتا پیاوەکان ئەڕۆن ئەمان ئاوی ئاژەڵەکانییان نادەن بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ناو پیاوەکان نەبن و شەرەفیان پارێزراو بێ.

٣. باوکیان پیاوێکی بەساڵاچووی پیرەو کەسیان نیە ئەو کارە بکات و پێویستە ئەمان بیکەن.

نموونەی ئافرەتی بازرگان و کرێکارو مامۆستاو پزیشك و... لە ئیسلامیدا زۆرەو لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامی پڕیەتی لە نموونە.. ئەوەیە لەو کارەدا کە ئافرەت کار ئەکات کرێی ژن و پیاو وەکو یەکەو هیچ جیاوازییەکیان نیە ﴿لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبُوا وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا اكْتَسَبْنَ﴾ النساء:٣٢.

واتە: پیاو هەر کاسبی و کارو پارە پەیدا کردنێکی هەیە هی خۆیەتی و کەس بۆی نیە لێی داگیر بکات هەروەها بە هەمان هەق و کرێی وەکو پیاو ئافرەتیش هەرچی پەیدا کرد بۆ خۆیەتی و کەس بۆی نیە لێی بسێنێ؛ (ئەم مافە کە ئێستا بە نیوە چڵی بۆ ئافرەت داوا دەکرێ چواردە سەدە چەرخ لەمەوبەر بە چاکترین و بەرزترین شێوە پێی دراوە.. دەچێتە کارگەو کێڵگەو بازاڕو فەرمانگەکان..)[١٢٢].

٦. (... هەشت دێڕ)

٧. مافی خوێندن و زانیاری

پێغەمبەری سەروەرمان ﷺ ئەفەرموێ (طلب العلم فريضة على كل مسلم و مسلمة) واتە خوێندن و گەڕان بە دووای

---

[١٢٢]– ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، ل٥٢.

خوێندەواری و زانستدا ئەرکە (نەك دروستە بەڵکو فەرزە لەسەر هەموو پیاوێکی موسڵمان و ئافرەتێکی موسڵمان).. ئەوە هەزاران ئافرەتانی ئەدیب و شەرعزان و زانای تەفسیرو فەرموودەمان هەیە و پێویست بە هیچ بەڵگەیەك ناكات.

٨. مافی ڕاوێژو پرس و ڕا (شوری)

ئافرەت چ لەناو خێزانەکەی خۆیدا و چ لە کۆمەڵدا وەکو پیاو مافی ڕاو پرس پێکردن و ڕاوێژی هەیە { وَٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَـٰتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ يَأْمُرُونَ بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ ٱلْمُنكَرِ } التوبة: ٧١.

واتە: پیاوانی موسڵمان و ئافرەتانی موسڵمان هەر یەکەیان سەرپەرشتیکەرو کاربەدەستی ئەویتریانە و فەرمان ئەدەن بە چاکەکردن و یەکتری ئەگەڕێننەوە لە خراپەکاری..

بەهەشت: ئەی کاکە گیان ئەوە چیە مەسەلەی کوردی ئەڵێ ژن، پرسی پێ بکەو بەگوێشی مەکە..؟

نەوڕەسی: خوشکێ گیان وا نیە.. پێغەمبەر ﷺ پرسی بە ئافرەت کردو بەگوێشی کردو کێشەی گەورەی موسڵمانەکانی پێ چارەسەر کرد..

لەپێش مۆرکردنی پەیمانی (حديبيه) لەنێوان پێغەمبەر و قوڕەیشدا ئەوە بوو پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ موسڵمانەکان بەنیازی (عمرە) کردنەوە هاتبون بەرەو مەککە کە گەیشتە سەر ئاوی

(حديبيە) كافرەكان نەيانهێشت (عمرە)كەيان بكەن.. ئەوەبوو پەيمانەكە مۆركرا.. يەكەم بەندى ئەو پەيمانەيش ئەوەبوو كە ئەمساڵ موسڵمانەكان نەڕۆن بۆ مەككەو (عمرە) نەكەن.. دياريیە پێغەمبەر و هاوەڵە بەڕێزەكانی هەموويان لە (إحرام)دا بون و چەند وشترو گا و گۆلێك و مەڕ و بزن . هەريەكە بەپێی دەسەڵاتی خۆی ـ هێنابوويان بۆ ئەوەی لە مەككەو لە ڕێی خوا (هدیی) سەری ببڕن.. ئەمانيش كە ئەگەڕێنەوە بۆ مەدينە و ئەمساڵ (عمرە) ناكەن ئەبێ (إحرام) بشكێنن و دياريیەكانيان (ئاژەڵەكان) سەربڕن.. پەيمان (حديبيە) لە ڕوانگەی هاوەڵەكانی پێغەمبەرەوە زۆر وازهێنان و هاتنە خوارەوە (تنازلات)ی تێدا بوو.. بەڵام پێغەمبەر ﷺ بە چاوی پێغەمبەرانەوە سەيری مەسەلەكەی ئەكرد ئەيزانی چەندە قازانجی كردووە.. ئەوی زياتر هاوەڵەكانی پەست كرد بوو، ئەوە بوو كە ئەبێ ئەمساڵ نەڕۆنە مەككەو بگەڕێنەوە بۆ (مەدينە)ی پيرۆز.. لێرەدا پێغەمبەر ﷺ هەتا سێ جار داوای كرد لە هاوەڵەكانی كە سەريان بتاشن و ئيحرام بشكێنن و قوربانيەكانيان سەر ببڕن، بەڵام بە پێچەوانەی هەموو ژيانی هاوەڵەكانی هيچيان هەڵنەسان و نەيان كرد، پێغەمبەر ﷺ زۆر پەست بوو.. بە پەستی ڕۆيشتەوە بۆ ناو چادرەكەی خۆی و ڕۆشتە لای (أم سلمەی) خێزانی و

بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوەو فەرمووی چارە چییەو پرسی پێکرد (أم سلمه) فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئەگەر پێت خۆشە بڕۆ دەرەوە لەگەڵ کەسدا مەدووە هەتا وشترەکەت سەرئەبڕی و ئەمجا بانگی سەرتاشێك بکە سەرت بتاشێ (ئیحرامەکەت بشکێنێ) پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرەوە بەبێ دەنگ و بە دەستی خۆی وشترەکەی سەربڕی بانگی سەرتاشی کردو سەری تاشی.. کە یارەکانی ئەوەیان بینی یەکسەر هەڵسان و وشترەکانیان سەربڕی و کەوتنە سەرتاشینی یەکتری)[١٢٢] ئیتر کامەیە یاسای (ژن پرسی پێبکەو بەگوێی مەکە) بەهەشت گیان.

بەهەشت: کاکە گیان وا بزانم پێغەمبەر ﷺ داوای لە هاوڕێکانی کرد کە ئامۆژگاری دایکی موسڵمانان (عائیشە) وەربگرن.

نەوڕەسی: زۆر ڕاستە، پێغەمبەر ﷺ بە هاوەڵەکانی فەرموو نیوەی ئایینەکەتان لەو خاتوو (عائیشە) وەربگرن. لەوەیش گرنگتر (عائشە = دایکی موسڵمانان) بە هەزاران هەڵەی هاوڕێکانی پێغەمبەری خوای ﷺ ڕاست ئەکردەوە.. عائیشەی ئافرەت بۆی هەبوو لە گەورەترین هاوەڵی پێغەمبەرو پیاوانی سەدەی زێڕینی ئیسلام هەڵە بگرێ.. بۆ ئەوەی زانیاری عائیشە

---

[١٢٢]- ژیانی پێغەمبەر،١، ل٣٩٩.

خانت بۆ دەربکەوێ بڕۆ کتێبی (الأجابة لما أستدرکته عائشة علی الصحابة)کەی پێشەوا (زەرکەشی) بخوێنەرەوە.

٩. جا بەهەشت گیان ئێستا دێینە سەر مافی جنسی ئافرەت و هەڵبژاردنی هاوسەرو هاوژیینی و مافی هەڵبژاردنی مێردی:

أ. ئیسلام ، لە بەندو باوی ژنهێناندا یەکەم جار داخوازی داناوە..

داخوازی ئیسلامی مانای بینین و گفتوگۆی کچ و کوڕەیە و لە یەکتری گەیشتنیانە تەنانەت . لەگەڵ کەس و کاردا. بۆیان هەیە پێکەوە دانیشن پاش ڕەزامەندی هەردوولایان بڕیاری داخوازی ئەدەن (مغیرەی کوڕی شعبە) داخوازی ئافرەتێکی کردبوو بێ ئەوەی کچەکەی دیبێ تەنیا ناوبانگی بیستبوو.. هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ و مەسەلەکەی بۆ گێڕایەوە پێغەمبەرﷺ فەرمووی (چۆن نەتدیوەو داخوازیت کردووە) بەڵێ، فەرمووی دە بڕۆ بیبینە، چونکە یەکتری بینین ئەبێتە هۆی پەیدابون و گەشەکردنی خۆشەویستی و سازاندن لەگەڵ یەکتری[١٢٤] . (بەڵێ سەیرکردن و یەکتری ناساندن، نەك دەست گەرم کردنەوەی ماوەیەك و وازهێنان).

---

[١٢٤]- تطور العلاقة الجنسية بين الرجل والمرأة، ص٢٠١.

ب. عن أبي هريره (رضي الله عنه) أن رسول الله ﷺ قال (لاتنكح الأيم حتى تستأمر ولا تنكح البكر حتى تستأذن وفي البخاري عن عائشة (رضي الله عنها) قالت: قال رسول الله: أن البكر تستحي، قال ﷺ: رضاها صمتها)[125]

واته: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هەرگیز بێوەژن مارە نابڕرێت هەتا فەرمان نەدات بەو مارە بڕینە و هەرگیز کچیش مارە نابڕرێت هەتا ئیجازە و مۆڵەتی مارەبڕینەکە نەدات.

بەهەشت: کاکە گیان تۆ وا ئەفەرمووی.. بەڵام ئێمەی کورد وەکو (شافعی) ڕێبازێك کێشەی (ولی مجبر).

واتە ئەو کاربەدەستانەکەی بۆیان هەیە بە زۆر کچ بدەین بە شوو ژنیش بۆ کوڕ بهێنن و پرس بە کەسیان نەکەن کۆسپە.. ئەوەتە مامۆستا ملا کەریمی مدرس لە شەریعەتەکەیدا ئەفەرموێ (وەلی لە - اصول - دا حەقی چەند شتێکی هەیە کە وەلییەکانی تر حەقی ئەوەیان نیە..

یەکەم: ئەوەیە ئەتوانێ کچی خۆی یان کوڕەزای خۆی منداڵ بێ یان باڵغە بێ، مادام بێوەژن نەبێ مارەی ببڕێ بێ ئەوەی کە داوای ئیزنی لێبکات. مەزهەبی شافعی وایە ئەگەر باوك و باپیرە داد پەروەربن حەقی مجبور کردنی کچیان هەیە کە شوو بکا بە

[125] - ماذا عن المراة، ص٥٨.

کەسێکی تایبەتی، چونکە خۆشەوستی و دادپەروەرییەکەیان مەیدانی ئەوە ناهێڵێتەوە کە مێردی خراپ بۆ کچەکەیان بدۆزنەوە، وە بەپێی مەسڵەحەتی ئەو کچە ئەیدەن بە شوو..)[١٣٦] ئەمەیش بووە داردەستێك بە دەستی هەندێ لە مەلاکانەوە بەناوی (ولی مجبور)ەوە بە زەبری خەنجەرو لێشاوی هەڕەشە هەزاران کچ بە زیندوویی لە ڕیزی مردودا بژین. ئەی وانییە..؟!

نەوڕەسی: خوشکێ گیان.. بۆ لێم توڕە ئەبی خۆ من نە مەلام و نە کچیشم مارە بڕیوە.. جا ئێمە باسی ئیسلام ئەکەین یان باسی مەلا..

بەهەشت: ئەی مەلاکان بەپێی فەرموودەی پێشەواکانی (شافعی) نایکەن..؟

نەوڕەسی: نەخێر، ئەو مارە بڕینانەی تۆ باسی ئەکەیت نە بەپێی فەرموودەی پێشەواکانەو نە ئیسلامیش بەو مارەبڕینەو فرۆشتن و کچ بەپیرە ڕازییە.. با تێت بگەیەنم.

١. ئەڵێ (دادپەروەر) کە پیاویش داد پەروەر بوو کچ زیندە بەچاڵ ناکات و بێ دڵی خۆی نایدات بە شوو، دادپەروەر ئەبێ پێش هەموو کەس لەگەڵ ماڵ و خێزان و منداڵی خۆیدا دادپەروەر بێ، خۆ ئەگەر دادپەروەر نەبوو (ولی مجبر) نییە.

---

[١٣٦]- شەریعەتی ئیسلام، بەرگی سێیەم، ل١٧٧.

٢. ئەو مەرج و سنورانەی دانراون بۆ ـ دادپەروەری ـ مرۆڤ لە لایەکەوە و بۆ (ولی مجبر) لەلایەکی ترەوە، گەلێ گرانن لەم ڕۆژگارانەی ئێمەدا نایەنە جێ.. جگە لەوەی پلەی ژیری کچانی ئەمڕۆ بەهۆی خوێندن و پێشکەوتنی پلەی ژیرییانەوە زۆر چاکتر لە جاران ئەزانن خۆیان بۆ خۆیان مێرد بدۆزنەوە. یان کاتێ باوکی دۆزییەوە ئەزانێ چاکی و خراپی کوڕەکە چەندە.

٣. هاوشانیی (کفاءة) لە هەموو ڕوویەکی ژیانەوە (تەمەن، پلەی ڕۆشنبیری، پلەی کۆمەڵایەتی،.. هتد..)

هەر هەموویان مەرجن، ئەگەر لەنگی لە یەکێکیاندا هەبوو، مارەبڕینەکە دانامەزرێت..[١٢٧]

٤. بۆ ئەوەی بزانی ئەو مەلایانەی کچ بەزۆر و لێدان بەشوو مارەی ئەبڕن نە ڕێبازی شافیعی و نە هیچ ڕێبازێکی تر ڕازی نیە هەر ئەو کتێبەی تۆ پەنجەت بۆ ڕاکێشا سەیری (ل١٧٨) بکە کە ئەفەرموێ (باوکێك کە بە بێ عوزرێکی شەرعی لەخۆیەوە بدا لە کچەکەی یان جنێوی بداتێ بەجۆرێك کە کچەکە کینەدار بوو بێ لێی، دروست نیە ئەو کچە بەبێ ئیزن بدا بەشوو، پێویستە ئیسپات کردنی ئەم جۆرە شتانە، لەپاش عەقدەکە زەحمەتەو کابرا بەناحەق بە درێژایی ساڵ لەگەڵ ئەو ئافرەتە ئەمێنێتەوە).

---

[١٢٧] – هەمان سەرچاوە و لاپەڕە.

٥. هەر لە ڕێبازی شافعیدا و لەو کتێبەدا ل١٧٩ ئەفەرموێ (یەکەم – ئەوەیە ژنەکە بەهۆی پیری یان نەخۆشی یان ناشرینی کابراوە تووشی ناڕەحەتی و دڵ پەرێشانی نەبێ) ئەگەر دڵ پەرێشان بوو. ئافرەتەکە. وا مارەبڕینەکە دانامەزرێ.

٦. باشە بۆچی تۆ تەنیا بۆ کچ بەشوودانەکە پێت ناخۆشەو سوور ئەبیتەوە ئەی نازانی (ولی مجبر) بۆ کوڕو بۆ کچ وەکو یەکە.

٧. ئەوەی کە باسمان کرد تەنیا بۆ ڕێبازی پێشەوا (شافعی)یە (خوا لێی ڕازی بێت) بەڵام خۆ لە ڕێبازی پێشەوای گەورە (الأمام الاعظم) (ر.خ) تەنانەت کچ ئەتوانێ پرسیش نەکات بە کەسی (نە باوك نە برا..) خۆی خۆی مارە ببڕێ لە یەکێ کە خۆی ئەیەوێ بە مەرجێك هاوشانی بێ.

٨. عن ابن عباس (رضي الله عنه) أن جارية أتت النبي ﷺ فذكرت أن أباها زوجها وهي كارهة فخيرها النبي ﷺ [128]

واتە: کچێك هاتە لای پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتی: باوکم مارەی کردووم لە فلان و خۆیشم حەز ناکەم شووی پێبکەم، پێغەمبەر فەرمووی (بڕۆ خۆت سەربەستیت ئارەزووت لێبوو شووی پێ بکە ئارەزووت نەبوو مارەبڕینەکە بەتاڵە..

---

[128] – رواه أبو داود ورجال اسناده ثقاة (ماذا عن المرأة، ص٥٧).

٩. وقد روى النسائي، أن فتاة جاءت الى النبي ﷺ فقالت: إن أبي زوجني إبن أخيه يرفع بي خسيسته، فجعل الأمر إليها- فقالت: قد أجزت ما صنع أبي ولكن أردت أن أعلم النساء أن ليس للآباء من الأمر شيء)[١٢٩]

واتە: كچێك هات بۆ لای پێغەمبەری خوا ﷺ وتی: باوكم مارەی كردووم لە برازایەكی خۆی هەتا پەستی و تێكشكاندنەكەی خۆی بە من پڕبكاتەوە.. پێغەمبەر ﷺ فەرمانی خۆی دا بە دەستی خۆی، واتە فەرمووی: خۆت خاوەنی خۆتی شووی پێ بكەی یان نا- كچە وتی: كەواتە من فەرمانەكەی باوكم هەڵناوەشێنمەوە.. بەڵام تەنیا مەبەستم ژنانە، كە بزانن لە مەسەلەی شووكردنیان باوكیان شت بەدەست نین..)

١٠. بۆ ئەوەی بزانی پێغەمبەر ﷺ چۆن ئافرەتی مارە بڕیوە گوێ بگرە (وفي حديث عقبة بن عامر (ر.ض) أن النبي ﷺ قال للرجل أترضى أن أزوجك فلانة، قال: نعم. وقال للمرأة أترضين أن أزوجك فلانا، قالت: نعم. فزوج أحدهما صاحبه)[١٣٠]

واتە كاتێ پێغەمبەری خوا ﷺ بیویستایە ئافرەتێك لە پیاوێك مارە بكات - بە پیاوەكەی ئەفەرموو: ئایا تۆ ڕازیت و پێت

---

[١٢٩] - المرأة بين البيت والمجتمع، ص٢٩٦.

[١٣٠] الروضة الندية، ص١٤، ج٢.

خۆشە کە فلانە ئافرەتت لێ مارە بېڕم ـ پیاوەکە ئەیوت بەڵێ ـ دوایی ڕووی ئەکردە ئافرەتەکەو ئەیفەرموو: ئایا تۆش ڕازیت بەو پیاوە، پێت خۆشە لەو پیاوەت مارە بېڕم ـ ئافرەتەکەیش ئەیوت: بەڵێ.. ئەمجا پێغەمبەری خوا ﷺ لە یەکتری مارە ئەکردن.

ئافرەت لە چاویلکەی فرۆیدەوە :

بەهەشت: کاکە گیان.. ئەگەر هەندێ پیاوی چاوچنۆك لەبەر بەرژەوەندی ڕابواردنی ئاژەڵی خۆیان ڕێزی ڕاکانی فرۆید بگرن.. ئێمەی کۆمەڵی ئافرەتان ڕەوا نییە هیچ نرخێکی بۆ دابنێین چونکە لای فرۆید (ئافرەت کەم بیرو ئەقڵ سووکەو ژیرییان کۆڵە لە ئاستی تێگەیشتن لە کاروباری ژیان) تەنانەت ئەڵێ (هۆی ئەم ژیرییە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی = الأنا العليا = ego super)ی ئافرەتان لاوازترە لە بەرزە منی پیاوان.. لەبەرئەمە ژیری ئافرەت و ویژدانی ئافرەت لە هۆش و بیری ئافرەت لاوازن.. لەبەرئەوە ئافرەت خۆی خاوەنی ڕای خۆی نییەو بەڵکو شوێنکەوتەو کاسەلێسی بیروڕای یان مێردەکەی یان هەر پیاوێکی ترە کە بتوانێ لاسایی بکاتەوە)[131]

تەنانەت هێشتا بەو کەم ژیرییەی خۆمانەوە نامانهێڵێ ئەڵێ (کاتێ ئافرەت تەمەنی ئەگاتە (٣٠) ساڵان ئیتر هێز و وزەی بیرکردنەوەی لە گەشەکردن ئەوەستێ.. کەچی پیاو لەم تەمەنە بەولاوە دەست ئەکات بە گەشەکردن و فراوان بونی بیرو هۆشی)[132] جگە لەوەی (ئافرەتی کردۆتە لانەی نەخۆشی

---

[131] - الأنثى هي الأصل، ص١٤٢-١٤٣.

[132] - هەمان سەرچاوە و لاپەڕە ١٤٤.